زنجیرە بڵاوکراوەکانی پلان (٦)





# ئیتاڵییەکان..
# دۆستی گەلی کورد





نووسینی
ئەندازیار عبدالجبار مستەفا باخەوان
خەبات عزیز شێخ بزێنی

کەرکوک - تۆرینۆ / ٢٠١٤

زنجیرە بڵاوکراوەکانی پلان (٦)

ڕێکخراوی پلان بۆ گەشەپێدانی شارستانیەت و
پاراستنی کەلەپوری تەلارسازی کوردستان

# ئیتاڵییەکان..
# دۆستی گەلی کورد

نوسینی
ئەندازیار عبدالجبار مستەفا باخەوان
خەبات عزیز شێخ بزێنی

کەرکوک - تۆرینۆ / ٢٠١٤

چاپی یەکەم

**ناوی كتێب:** ئیتاڵییەكان.. دۆستی گەلی كورد.
**نووسینی:** ئەندازیار عبدالجبار مستەفا باخەوان و خەبات عزیز شێخ بزێنی.
**چاپ:** یەكەم.
**چاپخانە:** شەهید ئازاد هەورامی، كەركوك.
**نەخشەساز :** بورهان عەبدولكەریم عەلی.
**تیراژ :** ١٠٠٠ دانە.
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانەكان ژمارەی سپاردنی (٢١٩)ی ساڵی (٢٠١٤)ی پێ دراوە.

لەسەر ئەركی ناوەندی دەرەوەی ڕێكخراوە دیموكراتەكان بە چاپ گەیەندراوە.
لەگەڵ ڕێز بۆ كاك ئازاد خالد

# پێڕست

لاپەڕە | بابەت


٥ پێشەکی.

١٧ کارلۆ بۆڵدرینی.

٢٧ فرانچێسکۆ ڕۆدۆلفۆ روسۆ.

٣١ گراتزییێللا برۆنزینی، گەستۆنی ئوچیلەتۆری، کۆمیتەی بە دوانەکردنی ئیفرەیا- قەڵادزێ.

٥٤ جۆیس لوسوو.

٦٤ لاورە شرادەر.

٨٠ لویجی مەنکۆنی.

٨٢ میرێللا گەللێتی.

٩٣ سۆفیە سکەرانۆ.

٩٨ تێبینی.

# پێشەکی

لە سەرەتای سالآنی هەشتا بەدواوە کۆمەڵێ لە کوردەکانی کوردستانی باشور (عێراق) گەیشتنە ئیتاڵیاو لە شاری پێروجەدا گیرسانەوەو بەنیازی فێربوونی زمانی ئیتاڵیەوە بۆ چەند مانگێ لەوێدا خەریکی خوێندن بوون.

شاری پێروجە بە یەکێ لە شارە فرە نەتەوەییەکانی کۆماری ئیتاڵیا دادەنرێ لەبەر ئەوەی زانکۆی ئیتالی بۆ خەڵکانی بێگانەی تێدایە بۆ فێربوونی زمانی ئەو وڵات و تێکەڵ بونی کۆمەڵگا، و زۆربەی خوێندکارانی دوونیا دێنە ئەم شارەو کەشێکی لە بار دێتە ئاراوە ناسین و ئاشنایەتی پەیدا کردن و ئاڵوگۆردید و بۆچون.

سەرەتا زۆربەی بێگانەکان بە زمانی رەسەنی خۆیان لەنێوانی یەکدا گفتوگۆ دەکەن، بە سەر بەرزیەوە باسی گەل و نیشتمانی خۆیان ئەگێرنەوە، یەکێ دەڵێ : من خەڵکی یۆنانم و کەسێکی تر دەڵێ : منیش ئەڵمانیم و لە ئەڵمانیاوە هاتووم، ئێرانی دەلێ لە ئێرانەوە هاتووەو ئیسپانی لە ئیسپانیاوە، مەغریبی لە مەغریبەوەو بەو شێوەیە هەتا دوایی..

لێرەوە گرفتی یەکم وەك دەسپێك ڕوو بەڕوی خوێندکارە کوردە کان دەبێتەوە لە ڕووی ناساندنی شوناس و خاك و وولآت و کۆمار و سنوری جوگرافی، چونکە ئەگەر بڵێی خەڵکی کۆماری عێراق و هاولآتی عێراقیم ئەوا لە دڵەوە خۆت بە تاوانباری راستی ئەزانی و باسی گەلەکەی خۆت نەکردوە هەستت بە تاوانباری دەکرد، خۆ ئەگەریش بتووتایە من کوردم و خەڵکی کوردستانم ئەوا بێ دەنگ ئەبوون و لێت تێنەئەگەیشتن و نەیان دەزانی کورد چیە وکوردستان لە کوێی دنیایە. ئەگەر پرسیارت بکردایە دە زانن کورد یا کوردستان چی یە ؟ ئەوا هەرە بەئاگاکەیان بەم شێوەیە دەکرا و بەدوورمان نەدەزانی وەلآمی بدایەتەوە : دوو جۆرە خواردەمەنی تایبەتی هیندی یا پاکستانی یە.

ئێمەی خوێندکارانی کوردستان لە چەند شارێکی جیاوازەوە هاتبووین و هەر هەمووومان یەکترمان نە دەناسی بۆیە لەناو خۆمانیشدا نەمان دەزانی کێ چی یە

و كێ لە ئێمەی خوێندكاران لە كام گروپ و بە كام ڕێكخراوی كوردستانی یەوە بەستراوەو تا چ ڕادەیەك مەیلی ئەوەی هەیە كە لە تاراوگە لە دەرەوەی وڵاتە كوردایەتی بكات.

شاری پێروجە لەگەڵ دەركەوتنی گەرمای هاوین دا بەرگێكی ڕازاوەو هەمەڕەنگی دەپۆشی و پڕ ئەبوو لە گەشتیاری وڵاتانی سەرانسەری جیهانەوە گەشتیاران ڕوویان دەكردە ئەم شارە كە دیمەنێكی دڵڕفێنی هەبوو، لە دڵ و دەروونتدا یادگاری زۆر جوانی تۆمار دەكرد كە هەمیشە دەبنە هاوڕێیی ژیانت.

ئەو سەردەمە دۆزی كورد بەباشی لەناو خەڵكدا لە ئەوروپا نەناسراوبوو ئەو ڕێكخراوە كوردستانیانەی كە هەبوون لە گۆڕەپانەكەدا توانایان دیاری كراو بوو لە ڕوی لۆجستی و توانایی مرۆی و تەنانەت توانایی داراییشەوە.

لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیشدا وڵاتانی زلهێزو بەرژەوەندی خواز جۆرێك لە سیاسەتی بێ دەنگی یان سەپاندبوو چی لە ڕۆژهەڵات و چی لە ڕۆژئاوا و شۆرش و خەڵكی كوردستان كرابوو بە قوربانی ڕیككەوتنامەی شوومی جەزائیر.

كەناڵەكانی پەیوەندیە سیاسی و دیبلۆماسیەكان بە ڕووی میلەتێكی دەیان ملوێن كەسی داخرابوون. كەناڵ و دەزگاكانی ڕاگەیاندنیش ڕاگەیاندنیش لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو كاتەی ووڵاتانی زلهێزەوە جۆرێك لەكۆنترۆڵكراوی پێوە دیاربوو تەنها ڕۆژنامە و گۆڤارە كانی سەربەخۆ و بێ لایەن و ئەوانەی سەر بەپارت و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەكان جاروبار ووتار و بابەت و دیمانەیان لەسەر شۆڕشی كورد و ناوچەكە بڵاو دەكردەوە كە زۆر كەم بوو.

بە شێوەیەكی گشتیش خەڵكی ئیتالیا بێ ئاگاو نەزانو نەشارەزا بوون لە كارەساتو كێشەی گەلی كورد. ئەگەر باسی كوردستانت بۆ كەسێك كردبایە خەڵكی وڵاتێك هەیە خاوەن زمان كلتور و فەرهەنگ و حەزارەتێكی هەزاران ساڵە بێ دەوڵەتە لە كام كێشوەردایە، بەدڵنیایی یەوە تووشی سەرسووڕمانێكی زۆرەوە دەچوون لەڕێگایی نەخشەو هۆیەكانی جوگرافیایی بەدوایی ووشەی كوردستان دەگەڕان.

واتە بە كورتی پێویستی بەوە هەبوو كە دەست بكرێ بە خەباتێكی كوولتووریو ڕامیاری بۆ پێناساندنی گەلێكی فەرامۆش كراوی وەك كورد لەكۆماری ئیتاڵیا.

ئێمە هەر لە شاری پێروجەدا پەیوەندیو ئاشنایەتی نێوان خۆمان پتەو كرد، چونكە هەر هەمووومان بووین بە هاوڕێ و یەكمان ناسی.

زۆر جار بە شێوەیەكی نارێكخراوەیی گفتوگۆمان لەسەر گەلەكەی خۆمان دەكردو هەڵوێستی یەكترمان بۆ ڕوون دەبووەوە.زۆر جار بیرمان لە دامەزراندنی

ناوەندێك یان ڕێكخراوێك دەكردەوە كە هەمووان لە ژێر یەك چەتردا كۆ بكاتەوە.

بالوێزخانەی عێراق لە شاری ڕۆما ROMA بوو، هەر خوێندكارێ دەبوو بۆ گیرو گرفتی بەڵگەنامە و پاسە پۆرت سەردانی بالوێزخانەی بكردایەو چاوی بە كار بەدەستانی بالوێزخانە بكەوتایە، هەڵبەتە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەرپرسانی بەناو دیبلۆماسیەكان سیخوڕی دەزگا هەواڵگریەكانی ڕژێم بوون.

چونە ناو بواری سیاسەت و كاری ڕێكخراوەی و بەرزكردنەوەی دروشمی كوردایەتی بەشێوەی ئاشكرا دەبووە هۆكاری دروست بوونی كێشە گەلی زۆر گەورە و مەترسیدار لەوانە :- نوێ نەكردنەوەی پاسەپۆرت و پێ نەدانی دیكۆمێنتی عێراقی و بڕینی ئیمتیازاتەكانی بانكی و فشارو چاو سووركردنەوە لە كەس و كارو خزمە نزیكەكانت لەناوەوەی وولات و زۆر شتی دیكە كە بۆ بارودۆخی ئەوكاتە زۆر ئەستەم بوو، بەڵكو بەپێچەوانەوە هەر خوێندكارێكی كورد یان هەر هاوڵاتیەكی كورد لەكاتی سەردانی كردنی باڵوێزخانەی عێرا ق لە ڕۆما هان دەدران بە بەشداریكردن لە كردنەوەی پێشانگا و چالاكیەكانی حزبی بەعس و نیشاندانی خۆشەویستی بۆ حزبی بەعس و ڕژێمی سەدام.

لە راستی دا دەست كردن بە بزووتنەوەی كوردایەتی بە شێوەی كردار لە دوای پەرشو بڵاوبوونەوەمان لە شاری پێروجە دەستی پێكرد ئەگەرچی ڕێكخراوی( ی.ن.ك ) لە شاری فلۆرەنسا هەبوو، بەڵام ڕۆلێكی سنورداریان هەبوو.

بە شێوەیەكی بەردەواو لە راستیدا دووای بە جێ هێشتنی شاری پێروجە، لە دوو شاری سەرووی ئیتاڵیا بزووتنەوەی كوردایەتی دەستی پێكرد بە تایبەتی لە شاری تۆرینۆ Torinoو لە شاری ڤێنێسیا - Venezia - بە حوكمی ئەوەی زۆربەی خوێندكارە كوردەكان لەو دوو شارە بۆ تەواو كردنی خوێندنی زانكۆ گیرسابونەوە.

## شاری تۆرینۆ Torino

شاری تۆرینۆ دەكەوێتە باكوری كۆماری ئیتاڵیا یە لە ناو هەرێمی پێیمۆنتێ - Piemonte - دا شاری گەورەی ئەم هەرێمەیە.

سەرەتا پایتەختی یەكەمی ئیتاڵیا بووەو بە یەكێ لە شارە هەرە گرنگە پیشەسازی یەكان دادەنرێو كارگەی دروست كردنی ئۆتۆمبیل -FIAT- كە لە شاری تۆرینۆ دروست دەكرێ و بە هەزاران كرێكار لە كارگەكانی دا خەریكی كاركردنن.

شاری تۆرینۆ لەبەر ئەوەی بە زنجیرەیەكی شاخاوی لەگەڵ فەرەنسا هاوسنوورە

ناوچەیەکی شاخاویە بە شاخی سپی - **Monte Bianco** -ناسراوە کە هەمیشە سەرلوتکەی چیاو شاخەکان ڕەنگی سپیان پۆشیوە و کەش و هەوایی ئەم ناوچەیەش ساردو سڕو بەفراوی لە وەرزی زستان سەرمایی زۆر کاریگەرە.

هەر لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ئەم شارە بووە بە پەناگای خەڵکی خوواروی ئیتاڵیو شوێنی کار کردنو گوزەرانیان.

ئەم شارە ڕۆڵێکی تایبەتی هەبووە لە شەڕی پارتیزانی بە هۆی ناوچە شاخاوی یەکانی یەوەو لە دووایش دا بە هۆی کارگەکانی بووە بە جێگای خۆپێشاندانو ڕاپەڕینی کرێکاران.

بارەگا و بنکەیی سێ سەندیکایی کرێکارانی لێ یە وەك ((**C.I.S.L**) e (**U.I.L**) e (**C.G.I.L**) ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەبووە لە دانانی بەردی بناغەی دەستکەوتەکانی کرێکارانو یاسا تایبەتی یەکان لەسەر ڕێکخستنی کارو ماف و دیاری کردنی مانگانەی ١٣و پشوودانی هاوینو ڕۆژانی پشوودانی هەفتانەو کۆمەڵێ ریفۆرمی گرنگی تر هتد....هەروەها شاری تۆرینۆ ناسراوە بە دوو یانەی هەرە بەناوبانگی تۆپی پێ:

یانەی یوڤێنتووس - **Juventus** - و یانەی تۆرینۆ - **Torino** - یە.

شاری تۆرینۆ لە ڕووی دارشتنی پلانی شارەوە بە شێوەیەکی زۆر ڕێكو پێك دارێژراوەو شەقامەکانی پانو بەرینو درێژن، ئەمەش بە پێچەوانەی شارەکانی تری ئیتاڵیاوە کە باریكو تەسکن هەروەها تۆرینۆ پڕە لە پارکی سەوزاییو باخچەی هەمەڕەنگو ڕازاوە و دڵرفێن.

ئەندامانی کۆمیتەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ئیتالیا بە ئاگاداری ئەحمەد بامەڕنی دەستی بە کار کردن کرد، کۆمیتەکە لە ٣ کەس پێکهاتبوو: جەبار مستەفاو سمکۆ خدرو خەبات عەزیز. لە سەرەتادا پرۆگرامێکی کار کردن بۆ گەشە کردنو چالاکیەکان دانرا، ئەگەر چی کۆبوونەوەکان بە شێوەی نهێنی دەبەستران و هەروەها چەند هاوبیرانی تریش هەبوون وەکوو ئازاد فەخرەددینو تایەر شێخانیو هاوار حسێن کە ئەوانیش ئەندامانی ڕیزەکانی کۆمەڵە بوون.

## شاری ڤێنێسیا - Venezia -

ئەم شارەش کوردێکی زۆری لێ نیشتەجێ بوو، بە یەکێ لە شارە سەیرو سەرسووڕێنەرەکانی دوونیا دادەنرێ چونکە سەرتاسەری شارەکە لەسەر ئاو دروست کراوەو بێ وێنەیەو بە شاری ئەفسوناوی و خۆشەویستی ناسراوە، شاری بازرگانیو

ماركۆ پولۆیە (Marco Polo)یە. ئەو گەڕۆکەی کە بۆ یەکەمجار لە کتێبە هەرە بەناوبانگەی ئل میلیۆنێ - Il milione - دا ناوی کوردستانی هێناوە.

لەوێش دا کوردەکانی کوردستانی عێراق بە ئاگاداری کۆمیتەکەمان شانەکانی (ك.ڕ.ك) یان پێکهێناو دەستیان بە چالاکی کرد.

دوای ئەوەی چەند مانگێ بەسەر کارەکانو چالاکی یەکانمان دا تێپەڕی لەسەر داوای کۆمیتەی ئەوروپا بڕیاری چوونە نێو ڕێکخراوی) ی.ن.ك (کۆمیتەی ئیتاڵیامان دا، کە لە شاری فلۆرەنسا بوون. چوینە ناو ئەو ڕێکخراوە جگە لەوەی ژمارەمانی زیاد دەکرد لە ڕووی چەندایەتی یەوە هەروەها جۆشو خرۆشێکی نوێشی بەو هاوڕێیانەی کە لە فلۆرەنسا - Firenze -ئەدا کە چەند ساڵی بوو لەوێ دەژیان.

لە شاری تۆرینۆ جەبارو سمکۆو خەبات و لە شاری ڤێنێسیاش ئەحمەد دەروێشو ئازاد فەخرەدین و هەموویان کۆمەڵە بوون و لە فلۆرەنسا Firenze - لالە عبدە و کمال حیلمی ئەوانیش کۆمیتە بوون.

کۆمیتەی ی.ن.ك لە ئیتاڵیا دەستی بە کار کردن کردو لەگەڵ تێپەڕبوون ساڵ دوایی ساڵ دا ژمارەی ئەندامانی زیادی کردو لە سەرتاسەری ئیتاڵیا چالاکیەکان گەشەیی دەکرد.

پەیوەندی خۆمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بە هۆی تەنیا ئەندامێکەوە هەبوو کە دکتۆر عیزەت بوو لە شاری Verona. بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە تەنیا ئەندامێکی تریان هەبوو کە ناوی - کاوە - بوو. هەروەها پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراقی بەشی کوردستان بە هۆی فووئاد عەلی یەوە هەبوو. لەگەڵ پاسۆك بە هۆی تەنیا ئەندامی کەناوی شەماڵ بوو لەگەڵ حسك دا بە هۆی سەردار عەلی یەوە.

## ئەو ڕێکخراوانەی کە لە ئیتاڵیا هەبوون

کوردیەکان:

١-یەکێتی نیشتمانی کوردستان

٢- پارتی دیموکراتی کوردستان

٣- پاسۆك

٤- حسك

٥- پارتی کۆمۆنیستی عێراقی بەشی کوردستان

٦- بەرەی کوردستانی

٧- کۆمونیتای کورد له ئیتاڵیا
٨- کۆمه‌ڵه‌ی خوێندکارانی کوردستان له ده‌ره‌وه‌ی وڵات لقی ئیتالیا
٩- کۆمه‌ڵه‌ی خوێندکارانی کورد له ئه‌وروپا لقی ئیتالیا

ئیتالی - کوردیه‌کان:
١٠-رێکخراوی ئاچیك ACIK
١١- کۆمیته‌ی سۆلیداریه‌تای کوردستان - ئیتالیا
١٢- کۆمیته‌ی به‌دووانه‌کردنی - ئیڤرێیه - قه‌ڵادزێ
١٣- کۆمیته‌ی له دووره‌وه به‌خێوکردنی مناڵان (ئیتالیا - گه‌رمیان له تۆرینۆ

یه‌کێتی ئافره‌تانی کورد له ئیتاڵیا - تۆرینۆ) ئه‌م رێکخراوه له راستی دا ئافره‌تی کوردی تیانه‌بوو هه‌ڵبه‌ته درووست کرا وه‌کوو پێویستیه‌کی تایبه‌تی هه‌تا سه‌رنجی ئافره‌تانی ئیتاڵی رابکێشێ و بارودۆخی ناله‌باری ئافره‌تانی کورد رابگه‌یه‌نێ و ئه‌و چه‌ند ئافره‌ته کوردانه‌ی که‌هه‌بوون خه‌ریکی ژیانی تایبه‌تی خۆیان بوون، بۆیه ئافره‌تانی دۆستی گه‌له‌که‌مان جل و به‌رگی کوردیان له به‌ر ده‌کردو شاره‌زاییان له‌سه‌ر ئافره‌تانی کوردستان په‌یدا ده‌کردو ئه‌م بۆشاییه‌مان به که‌م وکورتیه‌وه به‌و شێوه‌یه پڕ ده‌کرده‌وه و به‌شداری چالاکیه‌کانمان ده‌کرد، له‌و سه‌رده‌مه گرنگ ئه‌وه بوو ئێمه جوڵه‌مان هه‌بێ.
داوای لێبوردن ده‌که‌ین ئه‌گه‌ر ناوی یه‌کێ له‌و کۆمیتانه‌مان نه‌نووسیبێ. هه‌ڵبه‌ته ته‌نیا له‌به‌ر ئه‌وه بووه که له‌گه‌ڵ وه‌خت دا ده‌شێ به بیرمان دا نه‌هاتبێ، به‌ڵام به شێوه‌یه‌کی گشتی ده‌تووانرێ بووترێ ئه‌وانه‌ی سه‌ره‌وه بوون.
هه‌ر ته‌نیا بۆ ئاگاداریتان لێپرسراوانی هیچ کام له‌م رێکخراوو کۆمیتانه، له‌لایه‌نی حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستانه‌وه ره‌چاو نه‌کراون‌و هیچ یه‌کێ له‌وانه نه‌بوون به لێپرسراو دوای ساڵه سه‌خته‌کانی هه‌وڵ و تێکۆشان، ده‌کرا سه‌رۆکی حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستان رۆژێ جورئه‌تی ئه‌وه‌ی هه‌بێ وه‌ڵامی کورده تێکۆشه‌ره‌کانی ئیتاڵیا بداته‌وه ؟!..هه‌تا نووسینی ئه‌م بابه‌ته زۆربه‌ی ئه‌و که‌سانه‌ی له‌و رۆژه سه‌ختانه‌دا هه‌موو جۆره به‌رژه‌وه‌ندیێکی خۆیان به‌لادا نابوو بۆ کاره پێویسته‌کانی کێشه‌ی کورد، ئێستا پشتگۆخراون.
ئه‌و کوردانه‌ی که رۆڵی خۆیان بینیوه له کارو چالاکی‌و ده‌رخستنی ووشه وناوی کوردو کوردستان به‌شێوه‌ی که‌م و زۆر خه‌ریکی جوڵانه‌وه‌و کار کردن بوون کورده‌کانی شاری تۆرینۆ.. ئه‌مانه‌ی خواره‌وه بوون.

١- عبد الجبار مستەفا باخەوان. ٢- سمكۆ خدرو نەسرینی خێزانی. ٣- خەبات عەزیز. ٤- سیروان جەباری. ٥- شوان سادق. ٦- ئەحمەد دەروێش. ٧- هاوار حسین. ٨- تایەر شێخانی. ٩-- هەستی فەتاح. ١٠- ئازاد فەخرەددین. ١١- رەفیق. ١٢- ئەلبێرت عیسی. ١٣- شێخ دارا. ١٤- - عوسمان (سلێمانی). ١٥- یاسین وەرزێر. ١٦- ئەنوەر (خوالێخۆشبوو). ١٧- سامان عەلی قادر. ١٨- ئامانج. ١٩- ئاسۆو خێزانەکەی. ٢٠- جەمیل (هەڵەبجەیی). ٢١- عومەر هەولێری. ٢٢- فوئاد (خاوەنی قاوەخانەی کەرکووك لە تۆرینۆ). ٢٣- یووسف قارەمان. ٢٤- بەکر (سلێمانی). ٢٥- رێزان قادر. ٢٦- شەماڵ (پاسۆك). ٢٧- جەلیل (گۆرانیبێژ). ٢٨- ئازاد ئەنوەر. ٢٩- سەردار (سلێمانی). ٣٠- زوهێر (هەولێر). ٣١. ئازاد شێخانی (کەرکوك).

ئەوانەی سەرەوە ئەو کوردانەی شاری تۆرینۆ بوون کە لە کاتی خۆپیشاندانو نارەزاییو پێشانگاکان بە گوێرەی توانا ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان لە کاتی سەختیو نالەباری و هەست کردن بە ئازارەکانی گەلەکەمان. لە زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی ئیتالیا کارو چالاکی هەمەجۆر لەلایەن خوێندکارە کوردەکانەوە دەکرا. زۆر لەو کوردانە لە شارە جیاوازەکانی ئیتالیا پەیوەندیو ئاشنایەتیان لەگەڵ رێکخراوە سیاسیو پیشەییو مرۆڤایەتی وئایینی و ئافرەتان دا دروست کردبوو. لە هەندێ شاردا زۆر جار تەنیا کوردێ یان چەند کوردێکی کەم دەژیان.

ئەوانە بە زۆری لەگەڵ کۆمیتەکەی شاری تۆرینۆ پەیوەندی بەردەوامیان هەبووەو مەتریالو بڵاوکراوەو هەواڵەکانی کوردستانیان پێ گەیشتووەو ئاڵو گۆڕی بیرورا لە نێوان دا بووە بۆ یاد کردنەوە نەوزاد ئەحمەد لە شاری کەتانیاو دیارش لە رۆمایی پایتەخت - **ROMA** - بوونو ئەوانە بە گوێرەی توانای خۆیان بە دەنگی پەناهەندەو لێقەوماوانی کوردو ئەو چالاکیە هەمە جۆرانەی کە لەگەڵ ئیتالیەکان رێکیان دەخست هونەرمەند عەتا قەزازیش لە شاری پێروجا خەریکی کارو چالاکی بوو هاورێیەکی تریش کە جگە لەوەی ئەندامی ی.ن.ك بوو بە یەکێ لە کوردە هەرە چالاکەکانی ئیتالیا دادەنرێ، جگە لەوەی رۆڵێکی باڵای هەبوو لە بڵاوکردنەوەی دۆزی گەلی کورد بە بەستنی کۆڕو سیمینارو بڵاو کردنەوەی نامیلکەو کتێبو نووسینی هەمە رەنگ لەسەر دۆزی گەلەکەمان پەیوەندی یەکی زۆریشی لەگەڵ رێکخراوە ئیتاڵیو سەندیکاکاندا دروست کردبوو، ئەو هاورێیە - جاسم تۆفیق - بوو کە لە زۆربەی هەرە زۆری ئاهەنگەکانی نەورۆزو بۆنە تایبەتییە کانی کە لە ئیتالیا بۆ کوردستانیان ئەگێرا، ئەویش یەکێکە لەوانەی کە لە بیر کراوە، هاورێیەکی دێرینی کورد کاکە عیسام بوو کە لە ئیتالیا بە داڤید ناسراوە (سەرۆکی رەهەندی کوردە لە ئیتالیا)چی بە هۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی

کوردستانەوەو چی بە ڕێگای ACIKوە زۆر چالاکیو خزمەتی تایبەتی بۆ گەلی کوردو کوردستان کردووەو بەشداری زۆر لە کۆڕو سیمینارو چاوپێ کەوتنی تەلەفزیۆنیو رادیۆو رۆژنامەیی کردوە جگە لەوەی چەند هاوڕێیەکی تریش لە شاری پارما ناو بەناو کارو چالاکیان بۆ کوردستان ئەنجام دەدا ئەو دوو کوردەش: تالێبو نەوفەل و خالید د. وریا کە ئێسا لە کەنەدا دەژیت، بوون، لەگەڵ چەند کوردێکی تر کە ناوەکانیانم لە بیر نی یە کوردێکی تریش لە هەرە لە سەرەوەی وڵاتی ئیتالیا خەریکی چالاکی بووە.. هاوڕێ - خەسرەو - کوردێکی خەڵکی شاری سلێمانی بوو کە لە شاری - Trieste - ئەژیاو کتێبێکی لەسەر کوردستان بڵاو کردۆتەوەو لە زۆربەی هەرە زۆری چالاکیەکان کە لەسەر ئاستی ئیتالیا دەهاتو بەشداری دەکردو هاورێیەکی تریش کە خەریکی رۆژنامەنووسی بوو بە ناوی شۆرش سورمێ وەو لە زۆر چالاکی هەمەرەنگ دا بەشداری خۆی چی بە چاو پێکەوتن و چی بە نووسین کردوە و دەوری خۆی بینیوە لە دەرخستنی مەسەلەی رەوای گەلەکەمان بە دڵنیایی یەوە چەند کەسانێکمان لەبیر کردوە بۆیە داوای لێبوردن دەکەین بەهۆی لەبیر کردنی ناوەکانی ئەو بەڕێزانە چونکە ساڵانێکی زۆر بەسەر ڕوداوەکان تێپەڕیوە.

## دۆستو هاوڕێ ئیتاڵیەکان

گەلی کورد چیتر ئەو خواردەمەنی یە تایبەتی یە نەبووەو لە ماوەی ١٠ ساڵێکی خەباتی کوردەکانی شارە جیا جیاکانی ئیتالیادا گۆڕا بۆ مەسەلەیەکی سیاسی زیندووی سەر شانۆی ئیتاڵیا.

هەر کوردێك بە ڕێگای رێکخراوە کوردو کوردستانیەکانەوە بووبێو چی بە ڕێگای شەخسیو تایبەتی خۆیەوە بووبێ، ئەوا کۆمەڵێ دۆستو ناسیاری تایبەتی بۆ لایەنگری گەلی کورد پەیدا ئەکرد)). ئێمە چەند جار دووبارەو هەزار بارەی ئەکەینەوە، بێ ئەو هاوڕێیانە هەرگیز ئێمە نەمان ئەتووانی مەسەلەی گەلی کوردو کێشەی کوردستان بگەیەنینە ئەو ئاستەو بە سەرانسەر گەلی ئیتاڵی بناسێنین(( ئێمە لەم کتێبە زیاتر لاپەڕەی تایبەتیو گفتوگۆمان لەسەر شاکارەکانی هەرە ناسراوەکانیان کردوە ئەوانەی وەکو پسپۆر لەسەر کێشەی کوردو کوردستان بەشێکی زۆر لە ژیانی تایبەتی خۆیان بۆ خزمەت کردنی گەلی کورد تەرخان کردبوو کەسانی وەکوو میرێللا گەلێتی و کارلۆ بۆلدرینیو لاورە شرادەرە و

گراتزیێلا برونزینی و هاورێکەی گەستۆنی و ئەندامانی کۆمیتەکەیان وە هەتا ئەگات بە فرانچێسکۆ رۆدۆلفۆ رووسۆو سۆفیا سکەرانۆو لویجی مەنکۆنی یەوە.. هتد بەس تەنیا ئەوانە نەبوونو ئەو ئەرکە گرانە بە دڵنیایی یەوە پێویستی بە کەسانێکی زۆرتریشی دەکرد بۆ بڵند کردنەوەی ناوی گەلی کوردو کوردستان.

زۆر لەوانەی کە لەو کۆمیتەو رێکخراوە مرۆڤایەتیو پیشەیی یانەو ئەوانەی کە خەڵکی سادەو ئاسایی ئیتاڵی بوونو بە گوێرەی توانای خۆیان بەشداریان لە کۆڕو دیدەنیو چاوپێکەوتنو شەوانی شیعریو ئاهەنگو خۆپێشاندانو نارەزایی دەربڕینو پشتگیری دەربڕینو کۆمەك کۆکردنەوەو یارمەتی دانو مێوانداری کردنوسەردان شتی تریش دا ئەوانە ئامادە بوونەو نزیکییەتی خۆیان لە کوردەکانو دۆزە رەواکەی کوردستان دا دەربڕیوە بە درێژایی ئەم ٣٠سی ساڵەی ژیانی ئێمە لە ئیتالیا.

زۆر ئەستەمە ناوی دەیانو سەدان نووسەرو ئەکتەرو دکتۆرو کەسانی ئایینیو لاوانی کوڕو کچو دەیان رێکخراوی جیا جیاو رۆژنامەنووسو.. هتد لەم کتێبەدا بنووسرێنو لە بیر نەکرێن.

بە پێویستی ئەزانم ئەوانەی کە بە بیری ئێمەدا دێ لە کاتی ئەم نووسینەوەیادا بۆ زاخاوی مێشك بیانهێنینەوە یاد، بەلام تەنیا بۆ نموونە باسیان دەکەین یەکێ لەو رۆژنامە نووسانەی کە زۆر لە ووتارەکانی لە پێناوی گەلی کوردا نووسیبوو.. گویدۆ ئۆلیمپیۆ **Guido Olimpio** بوو رۆژنامەنووسێکی تریش زۆر شارەزا لەسەر گرفتەکانی خۆر هەلاتیی ناوەراست دا ئیگۆرمانی خوالێخۆش رۆژنامە نووسێکی - **LA STAMPA** - بوو - **IGOR MAN** -

رۆژنامە نووسێکی تر کە لە چەند کۆڕێکی تایبەتی لەسەر گەلانی خۆرهەلاتی ناوەراستو تێکەلاوی شەڕدا بەشدار بوونەو لەسەر کورد بە هەڵوێستی لایەنگری یەوە پشتگیریان لە مەسەلە رەواکەی کردوەو بە رێگای رۆژنامەکەشیانەوە هەوڵی ئەوەیان داوە پەردە لەسەر راستی یەکان هەڵ بدەنەوە.. یەکێ لەو دۆستانەی گەلی کورد دکتۆر. ڤیتۆریۆ سەبەددین - **VITTORIO Sabadin** - جێگری بەڕێوەبەری رۆژنامەی لە ستامپە - **LA STAMPA** - یە بوو. زۆردەرفەتی ئەوەی پێ ئەداین سەرنجو دیدوو بۆچوونەکانی خۆمان بارودۆخی گەلی کورد ئاگاداری گەلی ئیتالیا بکەینەوە بە حوکمی ئەوەی ئەو رۆژنامەیە زۆر فرۆشراو و بەناوبانگەکانی ئیتالیا دادەنرا و بە خوێنەر و خەڵکانێکی زۆر ئەگەیشت.

چەندین دیدارو چاوپێکەوتن لەسەر گەلی کورد ووتاری نووسیوە - ئالدۆکەتسولۆ- ئەو سەردەمە لە رۆژنامەی لە ستامپە بوو - **LA STAMPA** - چەند دیدارو چاوپێکەوتنێکی لەسەر مەسەلەی نەداری چەند کوردێك کرد کە خەڵکی سادە

بوونو مەسەلەی گەلی کوردیان لە دڵدا بوو، بۆ نموونە شاری Irega دادەنیشتن دوو ئیتاڵی تێکۆشەر بوونو کوردیان خۆش ئەویستو کاریان بۆ ئەکرد.

Mario - ماریۆ شاعیرو مامۆستا جگە لەوەی لە قوتابخانەکاندا لە پۆلەکاندا وانەیی وەرگێڕاوی بۆ ئەخوێندنەوەو دووایش مێژووی کوردو کوردستانی ئەکردە وانەکانی بۆیان لەسەری بنووسییایە. جگە لەوەی لە باخچەی ڤەلەنتینۆ - Valentinoی لە شیعری دا لەگەڵ شاعیری وردی مێوانی کوردەکانی تۆرینۆ - شێرکۆ بێ کەس دا - وە بە زمانی ئیتاڵی شیعرەکانی شێرکۆی خوێندەوەو سەرنجی شاعیری بۆ خۆی راکێشت. دوای ١٣ ساڵ بەسەر گەیشتنی ئێمە بە شارە خنجیلانەکەی پێروجەدا تێ پەڕیوە کتێبو نووسراوی هەمەڕەنگو شتی تایبەتی ترمان لەسەر گەلی کوردو کوردستان داوە ئەوانە چی راستەوخۆ بە زمانی ئیتاڵی و چی بە هۆی وەرگێڕانو ئەرکی یەك بوونەو بۆ نەوەکانی داهاتوو بە وێنەی خەزێنەیەك ئەمێننەوە دانانی پەردە سەرەتایی یەکانی پێناساندنی گەلی کوردو کوردستان لە ئیتاڵیا. بە ئاواتی ئەوەی کتێبە هاونیشتمانی یەکانی کوردستان لە ئیتالیا تێبگەیەنێو بزانن ئیتاڵیای بەهەشتی جوانیو دانتێو میکائیل ئانجێلۆو.. ڤێردی چەند لەگەڵ ئەواندانزیکنو دووری تەنیا سنوورێکی خەیاڵی یە..چەند ئەو ئیتاڵیەیانە گەر دووریش بن ئەوا نزیکن لە ئێمەی گەلی کوردەوە. لەگەڵ رێزو سوپاسدا.

**خەباتو جەبار**
**تۆرینۆ ٢٠١٣**
**ئیتاڵیا**

**Carlo Boldrin**

# ڕەڤێننە ٢٠٠٩/٧/٢٣

ئازیزم جەبار:

دوایی ئەوەی ئەوەی داوات کرد وا بۆم ڕە وانکردی، پرسیارەکانت وەڵامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەم لاپەڕانەی کە بە دەست نووسراونو بنکەی سەرەکین بۆیان ئەبیننەوە.

ئەوانەی تریش پاشکۆی بە ژمارە کراونو لە ١ وە هەتا ٢٨و ئەوە ئەسەلمێنن کە چەند بە کورتی هەوڵی داڕشتنم داون.پێم وایە هەر هەموو پاشکۆکانی ئەوە نین وەربگێڕدرێن، ووتارەکانی ترم کە لە پاشکۆی پارچەیی دانو ئەتووانرێ بە شێوەی (سەرە نیشانو ژێرە نیشان) دراو وەرگێڕدرێنو پێکەوەم بەستوون هەتا لە ڕووی ڕۆژنامەوانی یەوە مانا بەخش بن (لە زۆربەی هەر زۆری بەرهەمەکانم پێکهاتوون).

ڕەنگە وا باش بێ، ئەگەر لێپرسینەوە پەرلەمێنتاری یەکان (سێانن ٣) وەربگێڕدرێن لەگەڵ ئەو نامانەی کە ئاراستەی سەرۆکی کۆمار کراون لەسەر - هاوپەیمانیو هاوڕێیەتی - بەستی بە یەکەم داناون بە شێوەی - ڕووە بەرگ - شوێنی پارێزگاکانی ئیتالیا دیاری ئەکەن بێ ئەوەی زۆر بۆشایی لە دەست درابێ ئەتووانی وەری گێڕی.

پاشکۆکانی تریش ئەتووانرێ وەربگێڕدرێن، بۆ نموونە ئەو ووتارەی کە لەسەر ڕۆژنامەی ((L' UNITA)) - ئونیتا - نووسیومە.

لە وێنەکان دا - سێ - خشتە هەن، وێنەکانی خۆم لەگەڵ شۆفێرێکی کوردو منالآنی یارمەتی دراو لە لایەن ئەو زنجیرە بە دەنگەوە چوونانەی - سۆلیداریەتای - ڕێکخراوی ئاچیك - ACIK، هەروەها دوو چاو پێکەوتنیشم کردۆتە ناوی - کە لە کوردستان دا لەڕابردوو ١٩٩٣دا کردبووم لە ئەنجامی ئەو گەشتەی کە بە مەبەستی زۆرتر کۆ کردنەوەی بەڵگەنامە لە کوردستان.

سەرەنجام لە ٣٥ لاپەڕەی لە چاپ دراو هەموویان پێکەوە واتە ١٠ لاپەڕەی بە دەست نووسراو بەرامبەر بە ٥ لاپەڕەی چاپ کراو ٣٨ لاپەڕەی پاشکۆ.

هەروەها ئەو دەست نووسانەی خۆمیش ئەبەستمەوە بە نامەکانەوە کە پێشتر لە سەری ڕێکەوتبووین بۆ بلاوکردنەوە کە لە ساڵی ١٩٩٢دا لە شوێنە سەرە کیەکەدا دەست نیشانم کردبوو، تۆ بۆی بڕوانەو بزانە ئایا شایەنە بە وەرگێڕان یان نا یاخودبە گونجاوت زانی هەمووی بلاو بکرێتەو، شتێکی ئاساییە و لە خۆیەوە دیارە کە ئەمانە پێشنیارنو کراونەتە بەر چاوی حکوومەتی ئەو سەردەمەی ئیتالیا بە مەبەستی هێنانە کایەی بینایەکی کوولتووراڵی کوردی لە ئیتاڵیا جگە لەوەی کە لەگەڵ یاریدەدەری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران گفتووگۆم کرد کە ئەو سەردەمە - CRISTOFORI - کریستۆفۆری بوو - سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش - ئەندریۆتی - ANDRIOTTI - بوو بەلام بە هیچ شێوەیە وەرنەگیرا - قبووڵ نەکراون(١). وەرگێڕ - خەبات -

ئەو نامانەی کە پەیوەندی یان بە سەرۆکی کۆمارەوە هەیە ئەوا مۆری کار بەدەستانی تری پێوەیەو لەگەڵ ڕێ نووێنی سەرۆکی کۆمارەکانی پێشووی تر - وەکوو - SCALFARO - سکالفەرۆ - CIAMPI چامپیو - NAPPOLITANO - ناپۆلیتانۆ - هەڵبەتە وەلامی حکوومەتی ئیتاڵیات بۆ نانێرم لەسەر ئەو لێپرسینانەوە. لەبەر ئەوەی وەلامەکانیان بە شێوەیەکی زۆر گشتی بوون، کە شایەنی پێشان دان نایەنو ئێمەش بە جوانی نازانین ئاوا بەم جۆرەیە..

**سلاو**
**کارلۆ**

-----------------------

تێبینی :

(١) کاتێك بیرۆکەی نوسینی ئەم پەرتوکەم بۆ هات و پەیوەندیم کرد بە هاوڕێم کاك خەبات ئەویش ڕازی بوو، نامەیەکم بۆ بەرێز کارلۆ نوسی ئەویش وەلامی دایەوە بەو شێوەیەی لای سەرەوە لە نامەکەدا نیشانە بە دیکومێنتەکان دەدات کە بۆمی ناردبوو، لەبەر ئەوەی ئەم پەرتوکە هەمەلایەنە بۆیە نەتوانرا هەموی وەرگێڕین و بلاویکەینەوە ئەوانە بلاودە کەینەوە کە زیاتر گرنگیان هەیە.

# CARLO BOLDRINI
# کارلۆ بۆلدرینی

کارلۆ بۆلدرینی دەرچووی کۆلێژی یاسا زانستیەکانەو بە ئاگایە لە ڕامیاری ئابووری دا.. فەرماندەی کۆماری ئیتاڵیایەو ناوبراوە لە لایەنی سەرۆکی کۆمارەوە کارلۆ چامپی CARLO CIAMPI - یەوە لە ساڵی.٢٠٠٣، لە ساڵی ١٩٩١وە بووە بە سەرۆکی ڕێکخراوی کولتووری ئیتالیا - کوردستان. (A.C.I.K) مەبەستی هەرە سەرەکی ڕێکخراوی ئاچیك - (A.C.I.K) ڕاگەیاندنی کولتووری کوردە لە ئیتاڵیاو پەیدا کردنی بە دەنگەوە هاتنیەتی، جێگری سەرۆکیش NAJAT SHAMIL - نەجات شامیل، سکرتێریش سەردار عەلی عەزیز SARDAR ALI AZIZ - و هەردووکیان کوردی کەرکووکو زاخۆن. دکتۆر کارلۆ بۆلدردینی بایەخی بە مەسەلەی گەلی کوردا لە نیوەی ساڵەکانی ٨٠ دا بە هۆی ناسینی هەندێ لە هونەرمەندە کوردەکانەوە لە نێو ئەوانەدا هونەرمەند ی نەخشە کێش سەردار عەلی عەزیز کە پەنابەرێکی سیاسی کوردی عێراقیە لە ئیتالیا، سەرەتا خەریکی چارەسەرکردنی گیرو گرفتە یاساییو سەقامگیری ئەم پەنابەرانە بوو لەکۆتایی ساڵەکانی هەشتا ٨٠ کە پەیدا کردنی پشتگیریو دەست پێ کەری سیاسی بوو بەرامبەر بە گرفتی کورد بە دەست پێ کردن لە عێراقەوە، ئەوە بووە هۆی سەرنج ڕاکێشانی باوکی سێنەتۆری ئیتاڵی - ARRIGO BOLDRINI - بوو ئەندامی ژووری پیران لە ساڵی ٢٠٠٨دا کۆچی دوایی کردوە کە نزیکەی ٢٠ بیست لێپرسینەوەو پێشنیاری ڕامیاری پێشکەش بە ژووری پیرانی ئیتالیا - سێناتۆ - کە مۆری ئەندامانی تریشی پێوە بووە بەرامبەری حکوومەتی ئیتالیا کراوەتەوە لە ڕێڕەوەی ئەو ساڵانەدا هەتا بایەخێکی تەواو جدی بدرێ بە مەسەلەی گەلی کورد لەلایەنی ئیتاڵیاوە بە تایبەتی لە تێگەیشتنی ڕاستی ژیانی مرۆڤایەتی کورد لەو پارچانەی کە تیایدا ئەژێن لە عێراقەوە هەتا تورکیاو، لە سوریاوە هەتا ئێرانو هتد..

یەکەمین لێپرسینەوە پێشکەش کرا لە بەرواری ٥ مانگی شەشی ١٩٩٠ دا لەسەر



کارلۆ بۆڵدرینی – د. فؤاد معصوم و سەرار علی

باروو زرووفی کورد لە عێراق دا، هەروەها زۆری تری بە دووادا هاتو بە تایبەت لەسەر پاراستنیو یارمەتی دانی مرۆڤایەتی ئەوانەی لە ناوچەکانی دژە فرین قەدغەکرابوون ـ(Non Fly Zone )و مەسەلەی هەڵگرتنەوەی مینی دارێـژراو لە کوردستان داو چوونە ژوورەوەی لەشکری تورکو هتد..

هەروەها هەندێکی تریش بەردەوامی پێ درا لەسەر مەرجی شێوە ژیانی کوردەکانو لەسەر مافی کوولتوورو نەتەوەییو زمانو رامیاریو رێکخراوەی و راگەیاندنو کەمە نەتەوایەتی لە تورکیاداو هەروەها بە هەمان شێوە لە سوریاو لە ئێرانیش دا، یەکەمیان کە لە ١٣ ئۆکتۆبەر ساڵی١٩٩٣ لەسەر تورکیا، هەروەها بایەخو هەوڵێکی تایبەت لەلایەنی رێکخراوی A.C.I.K ئاچیك وە درا بە مەسەلەی هەڵگرتنەوەو پاکژ کردنەوەی مینی چێنراو لە ناوچەکانی کورد ستانی عێراق دا. هەتا بەهاتنە سەر هێڵی حکوومەتی ئیتالیا دەست پێ بکا لە پاك کردنەوە دا بە تایبەت لە ساڵی ١٩٩٩ دا لە پەرلەمانی ئیتالیا دەست پێشخەری پێشکەش کرا کەداوایەکی جەماوەری بوو لەلایەنی رێکخراوی ئاچێکەوە ئامادە کرابوو کە داوای ئەوەی ئەکرد مافی دەستپێشخەری ئیتالیا لە پاکژ کردنەوە هەروەها بە بەردەوامی داوا دەکرا کە

ئابلوقەی ئابووری لە سەر ناوچەکانی کوردستانی عێراق هەڵ بگیرێ.

لە ساڵی ١٩٨٨ دا شەری ئێران - عیراق کۆتایی پێ هات ئەوا سەرۆکی رێکخراوی ئاچیك - A.C.I.K بەنەجات شامیلو سەردار عەلی عەزیزی گەیاند لەگەڵ کەسانی تری خاوەنی توانا ئامادە بوو کە هەوڵی ئامادە کردنی یەکەم - پەیمانی هاوڕێیەتیو بە دەنگەوە چوون دا دروست بکەن لەلایەن شارەکانی ئیتالیاو شارەکانی کوردستانی عێراق زۆر پەیوەندیو چاو پێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی شارەوانیەکانی شارەکانی ئیتالیا ساز کرا بە مەبەستی دروست کردنی پەیوەندیو هێڵێکی تایبەت کە بتوانرێ بڵاو بکرێتەوەو لە کۆتایی دا بەدووانەکردن واتا دەستە خوشك پەیدا بکا بە دەنگەوە هاتن لەلایەنی ئیتالیاو کوردستان پێك بێت. سەرەتا کارێکی ئاسان نەبوو بە تایبەتی لەبەر نەناسینی مەسەلەی کوردو دووری لە گیرو گرفتە ئەوروپایی یەکان دا هەروەها ئالۆزی گرفتەکانو هتد.. لە هەنگاوی ئەو ساڵانەدا رێکخراوی ئاچیك A.C.I.K توانی حەوت پەیمان مۆر بکا.

پەیمانی نێوان شاری شەهید مارزە بۆتۆ - MARZA BOTTO - و شاری هەڵەبجە HALABJA، لە ٢٤ مانگی ٤ ئەپریل ساڵی ١٩٩١. هەروەها ئەوەی نێوان شاری رەڤێننە RAVENNA و شاری کەرکووك، کە تاراودیەك لە ئاستی نێو نەتەوەیی دا - دەنگی دایەوە لە ١٣ مانگی ١١ی ١٩٩١ ئەوەی نێوان بانیە کەڤاللۆ BAGNI CAVALLO) و کۆی سنجاق ١٤ی مانگی ٤ی ١٩٩٢) وە هەروەها ئەوەی نێوان شاری پیزاو (PISA) و



کارلۆ لەگەڵ قائمقامی هەڵەبجەی شەهید




**قوتابخانەی مارزەبۆتۆمە هەلەبجەی شەهید**

زاخۆ - لە ١٢ی مانگی ١٠ی ١٩٩٣ هەروەها لە نێوانی شاری فلۆرەنسا (**FIRENZE**) و سولەیمانی یە لە ٢٥ی مانگی یەکی ١٩٩٣و شاری سیێنە (**Siena**)و دهۆك لە ساڵی ١٩٩٩

ئەم ستراتیژیەی ئاچیك - **A.C.I.K** - کە داهێنەرەکەی دکتۆر کارلۆ بۆلدرینی بوو لەگەڵ هاوکاری کەرانی - سەردارو نەجات دا، بووە هۆی بەرهەم هێنانی ئەنجامێکی پڕ بە بایەخ بوو. لە ئەنجامی ئەو پەیمانە رێکەوتنانەدا چەند پرۆژەی یارمەتی دانی مادی لەلایەنی دەزگا رەسمی یەکانی ناوچەکانی ئیتالیاو رێکخراوەیی یەکانو هاونیشتمانی یە ناوچەیی یەکانو - بوونە هۆی ئەنجامدانی چەند پرۆژەێك لە ناوچەکانی کوردستانی عێراق دا. بە تایبەت بە یارمەتی سەندیکاکانی کرێکارانی ئیتالی **UIL، CISL، CGIL** دا بوونە هۆی بنیات دانانو دروست کردنی - قوتابخانەیەکی هەرە گەورە - ئاواش لە گووندەکانی کانێزای (**Kanezai**)و گانەگاج (**Ganaghaj**) بناخەی قوتابخانە دانرا کە بودجەی لە لایەنی شاری **Ravenna** رەڤێننە وە بۆتەرخانکرابوو.

لە شاری زاخۆ - بیرێکی ئاو لەلایەنی شارەوانی پیزە (**Pisa**) وە پارەی پێ درابوو. لە سولەیمانی بنکەی ئاو دامەزرا، پاکژ کردنەوەی گۆڕەپانێکی مین رێژراو کرا، لەگەڵ کردنەوەی سەنتەرێك بۆ ئافرەتانی لە بیر کراو،چەوساوە کە لە لایەنی

شارەوانی فلۆرەنساوە پارەی بۆ تەرخان کرابوو.

هەروەها لە شاری دهۆك دا - بنکەیێ بۆ مندالآنی لەبیرکراو - واز لێ هێنراو - کە لە لایەنی رێکخراوێکی خۆبەخشی شاری سییێنەدا (Siena) دا پارەی بۆ تەرخان کرا بوو. لە کۆی پارەیە دیاری کرا بۆ - منالەکانی جێماوو کتێبخانەی جەماوەری لە لایەن شارەوانی بانیە کەڤاللۆ Bagnia Cavallo دا. هەروەها ئاچیك A.C.I.K لە سالی ١٩٩٢ دا بووە هۆی کۆ کردنەوەی - دەرمانێکی زۆر - کە پێویستیە زۆر بە پەلەی دەویست لەلایەنی کوردەکانی عێراقەوە ئەوە بوو پاشان لە رێگای خاچی سورەوە نێردرا. هەروەها لە لایەنی ئاچیك - A.C.I.K وە دەست کرا بە هەولی بە دەنگەوە هاتن لەلایەنی خێزانە ئیتالیەکانەوە بەرەو مندالآنی ناوچە کوردەکانی عێراق بە تایبەت بەرەنجامی باشی تیا بینرا.. چونکە بە شێوەیەکی راستەوخۆ کرا بێ ئەوەی لایەنی تری تیا بەشدار.

لە مانگی هەشتی سالی ١٩٩٣ دا کارلۆ بۆلدرینی، لە سەفەرێکی درێژی بەرەو کوردستانی تورکیاو عێراق دا چووە سەردانی شاری هەلەبجەو سەردانی دوو منالی دووانەی هەتیووی کارەساتی سالی ١٩٨٨ی دا کرد، کە لە لایەنی ئەوەوە بە خێو ئەکران چیاو چنور بوون، لێرەچەند نمونەیێکی ئاوو خاك بۆ شیتەل کردنی یەکەم



کارلۆ لەگەل ئەو دوو کچە خوشکەی لەخۆیگرتبوو چیا و چنور

جار كۆكرانەوە هەتا لە رووی كیمیاوی یەوەو بەكتریاوە یەوە بەدواداچوونی بۆ بكرێ لە تاقیگاكانی شاری فلۆرەنسا كران لە ئیتالیا.

هەروەها سەرەنجام و پاشان بە شارۆچكەی هەڵەبجە گەیەندرا لەو دوو گەشتەی بۆ كوردستانی توركیاو عێراق دا كارلۆ بۆلدرینی جارێكیان لەلایەن سەردار عەلی عەزیزەوە وە بوو جارەكەی تریش هەر بە تەنیا خۆی بوو دیدارو چاوپێكەوتنی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستاند. فۆاد مەعسووم و كۆسرەت ڕەسول هەروەها ئەندامانی تر تۆفیقو كافیەخان، هەروەها سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان - P.D.K مەسعوود بارزانی، لەگەڵ عادل مووورادی P.U.K هەر وەها سەركردە رامیاری یەكانی تردا لەگەڵ رێكخراوە مروڤ دۆستیەكانی ترو چەند پارێزگارێكی كورد لە توركیاو كوردستانی عێراق دا.

هەڵبەتە هەر وەكو هەموو خۆرئاواییە كە ئەچێتە سەردانی عێراق ئەو ساڵانە، مقدارێ پارە لە لایەن رژێمی عیراقەوە تەرخان دەكرا بۆ لە ناودانی ژیانی ئەو گەشت كەرانە كە لەسەر تاوانەكانی نا مرۆڤانەو بە كۆمەڵ كووشتنو لە ناو بردنی كوردا - بێ ئەوەی كە كۆمەڵگای جیهانی و رامیاری بە گشتی بە تەنگیەوە بێنو ئەچوون چەند چاوپێكەوتنم لەگەڵ رۆژنامەو تەلەفزیۆنی كوردی عێراق دا كرد و دەرخستنی هۆیەكانی بە دەنگەوە چوونو گەشتەكانیو پێیناسینی بارو دۆخی كوردستان كە سەرچاوەی ووتارەكانیو بلاو كراوەكانی رێكخراوی ئاچیك - A.C.I.K بوون لە ئیتالیا.

هەروەها دەرفەتی ئەوەشی هەبوو كە. هەندێ خواردنی كوردی تامكات كە زۆر پێی خۆشبوون و هەمیشە باسیاندەكات.

لە ساڵی ١٩٩٣ دا كارلۆ بۆلدرینیو سەردار عەلی عەزیز رێكخەری كتێبێك بوون لە ئیتالیا لە ژێر ناوی كوردستانو ڕەگی دێرین - گەشە پێ دانی ئەدەبی كە لە ناویدا رووداوە مێژووی یە كۆنەكانو ئەركیولۆژی تیایەو هەروەها پەرەپێدانی زمانی كوردیو ئـەدەبو شیعرو هەروەها وەرگێڕانی شیعری شاعیرانی كورد، گێڕانەوەی حیكایەتێكی زۆر بلاو كرانەوە لە قوتابخانەو كتێبخانە كۆمەلایەتیەكانی ئیتاڵیاو لە هەمان ساڵ دا ئاچیك A.C.I.K یارمەتی درا بۆ بەرهەم هێنانی فیلمی كوردی كورت كە لە لایەن نەجات شامیل وە دەرهێنەرێكی ئیتالی لەسەر شێوە ژیانی كوردەكان دا. كە دەورێكی زۆری هەبوو لە بلاوكردنەوەی لە ناو قوتابخانەكان دا لە ئیتالیا.لە ساڵی ١٩٩٤ دا ئاچیك - A.C.I.K بە هۆی باوكی كارلۆ بۆلدرینی، سێناتۆر ئەریگۆ (ARRIGO) توانی چاوپێكەوتن بۆ مام جەلال سكرتێری گشتی ی ن ك لە تەك سەرۆك كۆماری ئیتاڵیای ئەوكاتە ئۆسكار لویجی سكاڵفەرۆ - OSCAR LUIGI SCALFARO -وەربگرێ ئەمە یەكەم چاو پێكەوتن بوو لەسەر ئاستێكی ئاوا بالا

دروست ببێت لەلایەن سەرکردەیەکی کوردەوە لەگەڵ گەورە بەرپرسێکی دەوڵەتی ئیتاڵیاوە لە ٣،٥ و١٩٩٤دا لە کۆشکی کیورنیالی لە شاری ڕۆما.

لە ساڵی ٢٠٠٠ وە بۆ چەند ساڵا هەتا کەوتنی ڕژێمی سەدام، ئاچیك A.C.I.K هاوکاری لەگەڵ فێستیڤالی ئارچیدۆسۆ - ARCI DOSSO - ی سێینە (Siena) کردو بوونە هۆی ئەنجامدانی پێش بڕکێی هونەمەندانو نووسەرانو شاعیرانو وێنە گرانو دەرهێنەرانی سینەمای کوردیو جیاواز کە دانیشتوی عێراق بوونو کارە هونەری یەکانی خۆیان دەنارد.

کارە هەرە باشەکانیان خەڵات کران لە لایەن چاودێرانەوە، کە بە تەجروبەیەکی بێ هاوتا دانرا، ئاچیك A.C.I.K لەو ساڵانەدا بەردەوام بوو لە کارەکانی خۆیو درێژە پێدان لەسەر بە ئاگا کردنەوەو ئاگادار کردنەوەی پەرلەمانی ئیتالیو ئەوروپا و ئاگادارکردنەوەی سەرۆك کۆماری ئیتاڵیا سکالفەرۆ، چامپیو ناپۆلیتانۆ، بە ڕواڵەتی ئەو بارودۆخانەی کە گەلی کوردی تیا ئەژیا لەو بەشانەی کە ئەژیان لەوانە کارلۆ بولدرینی هەمیشە خۆی تەرخان کرد بوو چونکە بەلایەوە زۆر گرنگ بووە بە تایبەتی لە ٢٥ی مانگی چواری ساڵی ١٩٩٣، دوای گەڕانەوەی لە یەکەم گەشتی لە کوردستانی تورکیاو عێراق دا کە لەسەر یەکێ لە ڕۆژنامە هەرە بەناوبانگەکانی ئیتالیا ئونیتا - L' unita -ووتاری سکالائامێزی بەبەڵگەنامەوە لەکۆمەڵکوژی گەلی کورد کرد کە زیاد لە ١٨١ هەزار بە دەستی ڕژێمی سەدام لەناوبراون لەچوارچێوەی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی.

بە درێژایی ساڵانی نەوەتەکان تا ئەمڕۆ زیاتر لە ٣٠ وتاری بەناو ناونیشانی جیاجیا زۆربەیان لە پاشکۆکانی ژمارە ١٨ وە هەتا ژمارە ٢٧ لە گۆڤارو ڕۆژنامە ئیتاڵیەکان لەسەر دۆزی کورد و کولتورو بارودۆخی نائاسایی کۆمەلایەتیو ئابووری و رامیاری لەهەرچوار وولاتی تورکیاو، عێراقو ئێرانو سووریا.

بایەخی زۆری داوە بەپرسی کورد لەتورکیا چی لە سەر ئاستی ئیتاڵیا چی لە پەرلەمانی ئەوروپادا لە ڕاپۆرتی ڕێکەوتن نامەی یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ حکومەتی تورکیا بەمەبەستی هاتنە ژوورەوەی تورکیا بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا لەپرسی مامەڵە کردنی کەمە نەتەوایەتیەیەکانو پێشێل کردنی مافەکانیان مەسەلەی هەرە گەورەی چارەسەر نەکراون کارلۆ بۆلدرینی لە ساڵی ١٩٩٣ دا بە هاونیشتمانی بە نرخی - cehyan - کە دوا شاری کوردە لە ڕۆژ ئاوای کوردو - تورك دا ناوی شەقامێکیان پێوە نا.

لەم دوایی یەدا ئاچیك A.C.I.K - بە شێوەیەکی ناڕاستەو خۆ - ئەرکی بەڕێوەبردنی هەندێ لە دەست پێشخەریەکانی بە دەنگەوە هاتنی لەلایەن ڕێکخراوە ئیتاڵیەکانی ترەوە بۆ خۆر ئاوایی تورکیایی گرتۆتە ئەستۆی خۆی.

ئاچیك - A.C.I.K - ڕێكخەری پێشانگای هونەرمەندانی كورد بووە لە ئیتاڵیا هەروەها ئەم بەرهەمانەی بە شێوەی - نامیلكەو ڤیدیۆ - كاسێتو - پێشەنگای وێنەیی‌و پێشاندانیان لە زۆربەیی ناوچەكانی ئیتاڵیاو بەشداری لە بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەسەر دۆزی كورد - لە ساڵی ١٩٩٢ بانگەوازی بەرگری كردن لە كوولتوری كوردی لە ساڵانی ١٩٩٢ تا ساڵی ٢٠٠٦ ئاچیك ACIK كاری هاندانی بە كار خستنی زۆر شێوەی جیاواز لە یارمەتی دان چی لە ڕێگای رەسمی‌و تایبەتی یەوە كە دیاریكراو بوون لەلایەن داهو دەزگاكان‌و خێزانەكان‌و ئەندامانی ڕێكخراوەكانی مرۆیی وهەتا دوایی.. لەسەر ئەم بابەتەش بوو نزیكەی $ ١٦٥,٠٠٠ سەدوشەست و پێنج هەزاردۆلاری ئەمەریكی سەرف كرا لە كوردستانی عێراق دا بۆ بە دەنگەوە هاتن‌و یارمەتی و سۆلیداریەتی بە كار هێنرا، وەكوو لە سەرەوە دیاری كراوە كارلۆ بۆلدرینی ئەمڕۆ پێ ی وایە بارودۆخی گەلی كورد بە گشتی بەو خراپیە ماوەتەوە چی لە ڕووی كۆمەلایەتی ئابووری كولتوری و سیاسی یەوە، ئەمەش لەبەر زۆر هۆی گران لەلایەنی دەوڵەتو دەوڵەتەوە ئەگەر چی ناتوانرێ نەووترێ كە ئامادەیی خۆیان دەرنەبڕیوە لە بەشداری كردن داو بە ئاگایی‌و هەوڵەوە ئێستاش حاڵەتی لەشكری سەربازی‌و گەمارۆدانی یەكێ لە شارە كوردەكانی توركیا لە بەر چاوە بە دەرەنجامێكی كووشندەوەی زۆر خەراپەوە. وێران كردنی گووندەكان‌و ڕاگواستن‌و هتد..

ئەوەم لە بیرە چۆن ژیانی سەختی رۆژانە لەناوچەیی هێڵی قەدەغە فرین ((non fly zone))ی عێراقی‌و گۆڕانكاری یەكانی كە هاتبوون زۆر گرنگ بوون، لەسەر ئاستی رامیاری‌و ئابوری‌و كورلتوری بە تایبەت لە عێراق‌و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە داخەوە زۆر بەربەست و گیرو گرفتی نوێ هاتنە پێش بە هۆی تیرۆڕیزمەوە كەئیسلامیە سیاسی یەكان كە لە ڕاستیدا دژ بە پرینسیپەكانی قورئان‌و بنەماكانی ئاینی ئیسلام و كتابی هەموو ئاینە ئاسمانیەكانە زۆر گیرو گرفت لە ئاستی بەتاڵەو تەندروستی‌و قوتابخانەو فێر بوون و ئاسایش هتد... زۆر لە گیرو گرفتەكانی خەڵك ئەمێننەوە، مافە بنەڕەتیەكانی لە وڵاتانی توركیاو سوریا و ئێران كە ئێمە بە ڕاستی تووڕە ئەكەن لەگەڵ هەموو وڵاتە خاوەن دیموكراسیەكان‌و دەرەنجامیان لەسەر خەڵك بە شێوەی خەراپ بە تایبەت كەمە نەتەوایەتیەكان، كە ئەمەش پێویست بە هەوڵێكی گەورەو زۆر ئەدا پێكەوە پێویستە بەرەنگاریان ببنەوەو چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە لەگەڵ زۆر یارمەتی دەرەكی كە ساغ و بەئاشكرایی بن مەبەستی شەفافیەتە مەبەستم لەسەر ئاستی رامیاری یەو بە ڕێگای چارەسەری ئاشتیانەو هەمان مافی یەكسان لەگەڵ كەمە نەتەوایەتی یەكانی ترداو چارەسەری فیدرالی‌و لەم بابەتانە لە چوار چێوەی ئەم وڵاتانەیا بدرێ كە بە بێ نا ئاینی ( عەلمانی)خۆیان بمێننەوە كە

ئەتووانرێ پشتگیری بکرێنو هەوڵی لایەنگری پەیدا کردنیان بۆ بدرێ لە گەڕانی پڕ زەحمەتی ئەمرۆی دوونیادا.

ئەم ڕێگایەش هەتا بڵێی دوورو درێژەو زەحمەتە، چاومان بە شۆرشی گرنگو پۆزەتیف کەوت لە ناو خەڵکی کورداو بە گشتی لە سیاسەتی کوردا کە ئەبێ هەمیشە بە توانا بێ لە گەشە پێ دانی لایەنگران دا تەجروبەی عێراق لە هەموو زیاتر رەچاو ئەکرێو هەموو شێوە تیرۆریزمی بە شێوەیەکی رامیاری یانە چارەسەر ئەکرێو تێك ئەشکێنرێ شەڕ تەنیا پرسەو رەشی بینی بۆ خەڵکی بێ تاوانی ئەباو چینەکانی کۆمەڵ لە ناو ئەبات، دژە بۆچونی هەموو گەشەپێدانێ دیموکراسیانەیەو هەروەها لە ڕووی رامیاری یشەوە جگە لە ڕووی کوولتوریەوە دۆڕاوە.

بۆ دوا ڕۆژیش ئاچیك L.A.C.K بۆگەشە کردنی مەسەلەی کوردو بەردەوامی لە پشتگیریو گیرو گرفتە نەڕووخێنەرەکانی کورد بە ڕێگایی ئیتاڵیاو ئەورووپاوە لەسەر ئاستی بلاوکردنەوەی کوولتوری دەکرێت جێگای بایەخ بێ ئەگەر بەڵگەنامە وەرگیرێ بە جدی کە ڕێگا بدات بە خەڵکی ئیتالیا لە کتێبێك دا لەسەر مێژووی ئەمیرەکانی کورد، بە داخەوە لە ئیتالیا مەسەلەی کورد هەتا ئێستا بە نەناسراوی ماوەتەوە لە کارەساتەکانی رۆژانی ساڵی ١٩٩١ دا لەبەر چاوی هەموان دا بەشێوەی بەرچاو ڕوون بووەوە کەچی دوایی لەلایەن میدیاکانەوە دوور کرایەوە، بە دڵنیاییەوە زۆر هەن کە ئەزانن پێك هاتووە لە وڵاتێ کە بە درێژایی مێژووەوە چەوساوەتەوەو دابەش کراوە بەسەر زۆر وڵاتی ترا زۆر هەن ئەزانن کە لە کوردستانەوە دێن بۆ ئیتالیاو ئەورووپاو کەسانێکن بە شێوەی نایاسایی ئەگەڕێن بە دوای بەختی خۆیانو کەوتوونەتە دەستی ڕێکخراوە مافیایەکان کە بازرگانیان پێوە دەکەن، زۆر وا دەزانن کە لە تورکیا گرووپێ تیرۆرستیی کورد هەیە هەروەها زۆریش هەن ئەزانن کە هەرێمی کوردستانی عێراق هەندێ جار کەوتۆتە بەر پەلاماری تیرۆریستی گرووپە ئیسلامی یەکانەوە فێر دەبن لە تەلەفزیۆنو رۆژنامەکانەوە شارەزایان باش ئاگاداری هەموو مەسەلەی مێژوویيو نوێنو ئەزانن کە لە عێراق دا دەستوورێکی دیموکراسی سەرکەوتوو کە بەشداری کوردی تیابووە ئەزانن چەند زەحمەتە تورکیا بگوازنەوە یان بگۆڕن وەکوو وڵاتێ هەمیشە دیموکراسی کە دان بە مافە سەرەتایەکانی زۆر لە کەمایەتی یە کان کە لە کوردەوە دەست پێ دەکات ئەزانن چەند ڕۆڵی کۆمەلایەتی هەیە لە سوریاو لە ئێران لە ڕووی پێگەیشتنی دیموکراسیەتی بێ لایەنەوە غەیرە ئاینیەکان مەبەستی بێ ئایینیی.

لە نێو خەڵك دا - کەباب - ئەناسنو ئەزانن کە پەنابەرانی تورکیاو لەوڵاتانی ترەوە چێشتخانەی بچووکیان بۆ خواردنی نەتەوەیی لە زۆری شارەکانی ئیتالیا کردۆتەوە.

پێم وایە کە باشترین پێناسەیی چۆنایەتیو بە توانایی کوردەکان کە ئەتووانرێ زیاتر پێ بگا ئەگەر توانیان بە ڕەفتاری خۆیانو دەرەنجامەکانیان بە دەست بێننو پێشانی بدەن کە باشترین شتن بۆ زیاتر باوەڕ پەیدا کردن بە تایبەت لە پەیدا کردنی بازارلەهەموو دوونیاوە من باوەڕم وایە کە ئەوان بەو ئامانجانەیان ئەگەن.

ئەوەی منیش دەگرێتەوە بە درێژایی ئەم هەموو ساڵانەم وەکوو سەرۆکی ئاچیك A.C.I.K کە ڕێکخراوێکی بچوکە کە هەمیشە ڕێگای کاری پێکەوەیی گرتۆتە بەر پێم وایە ڕۆڵی play ـ marker ـ م پاراستووە پێشم وایە ئەم ڕێگایە جێگای نەسیحەت بێ چونکە زۆر کاریگەرو بزوێنەرەو ئەبێتە هۆی دەربڕینی زۆرترین ووزەو بەرپرسیاریەتی ئەتوانم دەست نیشانی ئەوە بکەم کە ئەوە پەیمانی هاوڕێتی یەی کە ئێمە بەستوومانە وەك لە سەرەوە باسم کردوە ئەمڕۆ ئەتووانرێ ببێ بە دەست پێشخەری یەکی ڕاستەوخۆی نێوان سەرجەم پارێزگا و شارە کانی کوردستان کە ناو هێنراون لەگەڵ پارێزگاکانی وەلام دراوەکانی ئیتالیا،

## رۆژنامەی کۆماری La Repubblica ١٩٩٤/٥/٤
## ڕۆما ١٩٩٤\٠٥\٠٣
## سکالفەرۆ پێشوازی لە تالەبانی بەرهەڵستی سەدام دەکات

سەرۆك کۆمار سکالفەرۆ لە کۆشکی کویرینالێ (کۆشکی کۆماری ئیتالیایە)-وەرگێر. پێشوازی لە جلال تالەبانی کرد سەرکردەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وئەندامی ئەنجومەنی نیشمانی عیراق( بەرەی ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمی سەدام حسین). ئیتالیا بە هێزێکی سەربازی بەشدارە لە هێزی فرەنەتەویی سەر بە وڵاتە یەکگرتوەکان و بونی هەیە لەسەر خاکی کوردەکان لە باکوری عیراق لەو شوێنەی کە لەم دوایانەدا چەند دەستدرێژییك کرایە سەر هێزە فرەنەتەوەییەکان و درانە پاڵ هێزە ئەمنیەکانی بغدا. لە هەمان کاتدا گروپێك لە زانایانی انگلیز شکاتیان لە ڕژێمەکەی سەدام کردبوو بە هۆی ووشککردنی اهوارەکانی باشوری مێزۆپۆتامیا.


Scalfaro riceve il curdo Talabani rivale di Saddam

ROMA – Il presidente della Repubblica Scalfaro ha ricevuto ieri al Quirinale Jalal Talabani *(nella foto)*, leader dell'Unione Patriottica del Kurdistan e dirigente del Consiglio nazionale iracheno, il fronte dell'opposizione al regime di Saddam Hussein. L'Italia è presente con un corpo di guardie dell'Onu nel territorio curdo nel nord dell'Iraq, dove recentemente vi sono stati diversi attentati contro gli osservatori internazionali attribuiti ai servizi segreti di Bagdad. Un gruppo di scienziati inglesi ha denunciato che Saddam ha già distrutto più della metà della regione paludosa della Mesopotamia.

# فرانجێسكۆ ڕۆدۆلفۆ ڕوسۆ
# Francesco Rodolfo Russo

فرانجێسكۆ هاوڕێیەكی دێرینی خەڵكی كوردستانە، هەر لە سەرەتای ساڵەكانی هەشتاوە لەگەڵ خەڵكی كوردو دۆزە ڕەواكەی ئاشنایەتی پەیدا كردوە.

فرانجێسكۆ لە ٢ ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩٥١ لە شاری لێچی - **Lecce** - كە ئەكەوێتە خوارووی ئیتالْیا لە دایك بووەو لە مانگی یەكی ساڵی ١٩٧٨ دا بووە بە دانیشتووی شاری تۆرینۆ كە ئەكەوێتە سەرووی ڕۆژئاوای ئیتاڵیاوە.

پێگەیشتوی هونەری زیاتر لە كارو تەجروبەوە هاتووە لە كرێكارەوە هەتا ئەگات بە مامۆستاو بەڕێوەبەر لە قوتابخانەی تۆرینێزێ كە ئەمە دووری نەكردۆتەوە لە نووسەری، ڕێكخەرو سەر پەرشتی كاری سەرووی ئیتالیا بووە بە لێپرسراوی گروپی **ARTE VIVA** - هونەری زیندوو - هەروەها لێپرسراوی خەلاتی سان كارلۆ **SAN CARLO** ی هونەریو خەلاتی چوار پێشاندەر **Quattro lustri** بووە. پاشان كراوە بە جێگری كوولتووری تاقیگەیی مانەوەی هونەرو كوولتوور بۆیە زۆر شەوانی شیعریو كۆڕی هونەریو چاو پێكەوتنی كوولتووری ساز كردوە. لە ساڵی ٢٠٠٠ وە بووە بە سەرۆكی خەلاتی هەموو ڕۆژنامە نووسان لە ساڵی ٢٠٠٦ یش دا سەرۆكی خەلاتی (ئێمەی ڕۆژنامەنووس). یەكێ بووە لە چاودێرانی ڕۆژنامە لە پۆل دا كە لەلایەن ڕۆژنامەی هەرە بەناوبانگەكانی ئیتاڵی كە لە شاری تۆرینۆ دەردەچێ بە ناوی لە ستامپە- **LA STAMPA** وە

جگە لەوانەش لە هۆڵی كتێب **SALONE DEL LIBRO** لە سەرەتادا لە **Fiera del Libro** لەدوایش دا چەند جارێ بانگ كراوە بۆ پێشكەش كردنی بەرهەمەكانی. یەكێكە لە ئەندامانی ڕێكخراوی تۆرینۆی شیعری ئەكتیف **poesia attiva** شیعری بە كار لەگەڵ گروپی خوێندنی ئینتەر دیشیپلیناری ( هەمە لایەن) هونەر و دەروون ناسی **ARTE E PSICOLOGIA**

زۆر لە نووسینی و گێڕانەوەكانی بە شێوەی ووتنەوەو شانۆگەری پێشكە شكراون،

فرانچێسکۆ جگە لەوەی شاعیرە، بەڵام کارە هونەریەکانی ئەم ساڵانەی دوایی زیاتر پێکهاتووە لە گێڕانەوە ـ Narrativa. لەگەڵ زۆر گۆڤاری جیاواز هاوکاری کردووەو نووسینەکانی بڵاو کردۆتەوەو خەڵاتی بردۆتەوە. بە یەکێ لە نووسەری کتێبو دەلیلی قوتابخانە دائەنرێ، خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی دوورو درێژەو زیاد لە (١٠) ساڵ بەشداری کردووە لە گێڕانەوەی ـ Collana Narrativa ـ قوتابخانەی ئاگری فۆلیۆ Agrifoglio بە یارمەتی چاپخانەی میدۆزە Medusa Editrice وە دەری ئەکرد.

ئێستا سەر نووسەری چاپەمەنی جانکارلۆ زێدێ یە Giancarlo Zedde و سەرپەرشتیو رۆڵی دەرهێنانی گرتۆتە ئەستۆی خۆیو توانیوویە زۆر لە بەرهەمی نووسەرو رۆژنامە نووسەکانی ئیتالیا بە چاپ بگەیەنێ، ئەمەش نموونەیەکە لە ناوی ئەو نووسەرانەی کە بەرهەمەکانیان بە هۆی ئەوەوە بڵاو کراونەتەوە.

Silvio Bellezza سیلڤیۆ بێلێتزە، Paolo Berruti پاولۆ بێرووتی، Angelo Caroli ئەنجێلۆ کەرۆلی، Roberto Cavallo رۆبێرتۆ کەڤاللۆ، Mario De Marco ماریۆ دی مارکۆ، Gianfranco de Turris جانفرانکۆ دێ تووریس، Paolo Mieli پاولۆ میێلی، Mario Pomilio ماریۆ پۆمیلیۆ، Dada Rosso دادە رۆسۆ، Piera Savio پێیرە ساڤیۆ، Laura Schrader لاورە شرادەر، Franco Silvestri فرانکۆ سیلڤێستری، Anna Tabbia ئاننە تابیە، Annalisa Terranova ئاننە لیزە تێرەنۆڤە، Mario Varesi ماریۆ ڤەرێزی، Vittorio Venuti ڤیتۆریۆ ڤێنوتی.

فرانچێسکۆ زۆر لە مێژە دۆستی گەلی کوردە خاوەنی هەڵوێستو هەستی پاکی خۆی بووە بەرامبەر بە مەسەلەی گەلی کورد کە ئەو سەردەمە لە لایەن گەلی ئیتالیاوە نەناسراو بووەو هەندێ کەس بە خواردنێکی تایبەتی هیندی یان پاکستانیان ئەزانی.

لە ساڵی ١٩٨٢ بەدوواوە کۆمەڵێ لە کوردەکانی شاری تۆرینۆی ناسی ئەگەر چی خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا ئاگاداری نووسەری ئەم بابەتەی کرد کە ئاشنایەتی یەکەمی لەسەر کورد هەبووە بە هۆی خوێندنەوەی شەخسی خۆیەوە بەڵام زۆر دوور بووە لەو ئاشنایەتی یەی کە لە ساڵانی ١٩٨٢و بە دووا پەیدای کردو پاشان بوو بە هاورێی زۆربەی ئەو کوردانەی کە لە شاری تۆرینۆ بە پێی توانای خۆیان یارمەتی راگەیاندنیان لەگەڵ پەیدا کرد حەز ئەکەم هەر وەکوو شتێکی مێژوویی ناوی ئەم کوردانە بێنم.

خەبات عەزیزو جەبار باخەوانو رەفیقو یاسین وەرزێرو سیروانو شووانو شێخ داراو هاواراو عومەر نامەو ئەحمەد دەروێشو هتد..

به هۆی ئەمانەوە زانیاری یەکی زۆری لەسەر گەلی کوردو مەسەلە ڕەواکەی پەیدا کردو هانی ئەویان دا پشت بە ماتریالێکی زۆر ببەستیو ئەوسا ڕۆڵی خۆی ببینێ لە بڵاوکردنەوەی ئاگادار کردنەوەو گەیاندنی پەیامی ئەم میلەتە لە ڕێگایی ڕاگەیاندن بۆ ئیتاڵیەکان. بە هۆی ئەو پەیوەندی یە تایبەتی یە هونەریەی کە لەگەڵ هاوڕێ خەبات عەزیز بەستبووی بە شێوەیەکی بەردەوام ئاگاداری باروو زروفی کوردستانو ئاڵو گۆڕ و گۆڕانکاریەکان ئەکرایەوەو بۆ هەندێ یادو بیرەوەری ئەویش بە گوێرەی توانای خۆی بەشداری ئەکرد لە ساڵی ١٩٨٤ دا ئەرکی وەرگێڕانو ڕێکخستنی نامیلکەیەکی شیعری گرتە ئەستۆ بۆ ئەم وەرگێڕانەش لە کوردی یەوە بۆ ئیتاڵی کوردەکانی شاری تۆرینۆ یارمەتی جێ بەجێکردنی ئەم کارەیان دا، نامیلکەکە ئەتووانرێ بووترێ یەکەمین کاری ئەدەبی بوو لە سەرتاسەری هەرێمی پێیمۆنتێ ـ **Piemonte** ـ و شاری تۆرینۆ ـ **Torino** ـ دا.

تا ڕادەیەك زۆر لە شاعیرە کلاسیکیە کوردەکانی کوردستانی تیابوو تا ئەگات بەوانەی چەرخی رابردوو وشاعیرە لاوەکان، نامیلکەکە بە یارمەتی شاری تۆرینۆ (زانیاری بۆ لاوان) ـ **INFORMA GIOVANI** و بەرێوەبەرایەتی لاوانەوە بە چاپ گەیەنراو بە یارمەتی کۆمیتەی هاودەنگی - سۆلیداریەت - لەگەڵ کوردستان داو یارمەتیو سەرپەرشتی لاورە شرادەرەوە **LAURA SCHRADER**.

شاعیرەکانیش ئەمانەی لای خوارەوە بوونو بەرهەمەکانیان بە کەمیو زۆری کرابوونە ئیتاڵی:

١- بۆزەرسلان ـ **BOZARSLAN** ـ زمان ناسو نووسەری کوردستانی تورکیا شیعرەکانم بە فرمێسك نووسراوە

٢- گۆران ـ **GORAN** ـ مەبەست لە شاعیری کوردستانی عێراقە عەبدوڵلا گۆران کە پالێوراوی خەلاتی نۆبل بووەو لە ساڵەکانی ٥٠ دا زۆر لە شیعرەکانی کراون بە گۆرانیو شیعری شمشاڵ ژەن دەروێش عەبدوڵلا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئیتاڵی

٣- لەتیف هەڵمەت شاعیری کوردستانی عێراقەو ئەوسا لە گەڕەکی شۆریجەو بەغداش ژیانی بەسەردەبرد لە خانەقینیش ژیاوە بە لاویەتی، شیعرەکانی زۆر شۆڕشگێڕانە بوونو شیعری بزمارو پەیکەرێ لە ووشەو سێ دارەو ئەو شارەی کە خۆشم ئەویو من ئەڕۆم دایە وەرگێڕدراونەتە زمانی ئیتاڵی

٤- شێرکۆ بێ کەس خەڵکی پارێزگایی سلێمانی کوردستانی عێراق بووە لە ساڵی ١٩٤٦ لە دایك بووەو کوڕی فایق بێ کەسی بەناوبانگ بووە کتێبە هەژارەکانو کەمانچەو ڕۆمانس وەرگێڕاون

٥- هەژارکوردستانی ئێران لە کۆماری کوردستانی ئێران مهاباد وەزیر بووە شیعری بۆ منداڵ وەرگێڕدراوە کورم بنوو، هێزی گیانم، شەو درەنگەو..

٦- کەمال بورکایی سکرتێری گشتی پارتی سۆسیالیستی کوردی کوردستانی تورکیا بووە بە شیعرێ.

٧- یاسین وەرزێر شاعیرێکی لاو بوو لە شاری تۆرینۆ ئەژیاو بە شیعری هەوری ڕەش بەشداری کردبوو.

٨- خەبات عەزیز شاعیرێکی لاو بو لە شاری تۆرینۆ ئەژیاو بە شیعری مۆمو بالۆراو، تۆم خۆش ئەوێو شیعرێ پێش کەش بە کچێکی ئیتاڵی بەشداری کردبوو.

فرانچێسکۆ لە نامیلکەیەکی تری شیعری لە ساڵی ١٩٩١ دا کە بۆ شاعیری لاو خەبات عەزیز بلاو کرایەوە، ئەوا فرانچێسکۆ دەوری پیاچوونەوەی گرتبووە ئەستۆی خۆیو ئەم نامیلکەیە بە یارمەتی شاری سێتیمۆ تۆرینێزێ - **Settimo Torinese** - وە لە چاپ درا. هەروەها لە یەکێ لە ئاهەنگەکانی کە بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لە شاری تۆرینۆو لە هۆڵی شانۆیی مەساوە - **Teatro Massaua** - ساز کرا ئەوا فرانچێسکۆ پێشکەش کەرو بەڕێوەبەری ئەو شەوە ئاهەنگی یە بوو کە کەسانی بەناوبانگی سیاسی هەرێمو شارەکە دەعوەت کرابوون لەگەڵ جەماوەرێکی زۆری ئیتاڵیو هونەرمەندانی کوردیش لە سوویدەوە هاتبوون:

(١) نەجمەدین غولامیو (٢) ناسری ڕەزازیو گروپی مۆسیقای کوردەکای ئێرانو کاك رزگار خۆشناوی مۆسیقاژەن لە ڤییەناوە.

ئەوانەو چەند کۆڕی شیعری تری لە شاری تۆرینۆ لەگەڵ هاوڕێ خەبات عەزیز کردوە لەسەر شیعرو ئەدەبو بارو زرووفی سیاسی کوردستان بۆ دانیشتووانی شاری تۆرینۆ، لەوانە شەوێ لە قاوەخانەدا **Caffe San Carlo** - کە جێگایەکی بەناوبانگو مێژوویی یە لە تۆرینۆ یانەی گرامشی **Circolo Gramsci** - و قوتابخانەی سانیگالیە - **Sanigalia** - ئەوانە هەموو چالاکیو کار بوونە لە پێناوی ناساندنی مەسەلەی کوردو کوردستان لە بارو زرووفێکی تایبەتی کراون، جگە لە زیانی مادی هیچ دەسکەوتێکی تریان نەبووە واتە تەنیا وەك هەستی خۆشەویستی بەرامبەر بە گەلی کوردو هۆشیاری مرۆڤایەتیدا کە فرانچێسکۆ وەکوو زۆر لایەنگرانی تری ئیتاڵی هەیان بووە بەرامبەر بە نیشتمانەکەمان کوردستان داو خۆیان بە لای گەلی کوردا ساغ کرد بوەوە لەو ساڵانە پڕ سەختی یەدا شان بە شانی کوردەکانی شاری تۆرینۆو ئیتالیا ئەوەستانو بەرەنگاری شاڵاوی رژێمی عێراقو کار بەدەستەکانی ئەبوونەوە ئەم هاوڵاتی یە ئیتاڵیانە شایەن بەوە بوون لە یاد نەکرێنو لە رۆژانی سەرکەوتنی میللەتەکەمان دا شایەن بە سەردانو رێز لێ گرتنو سوپاس بوون.

# گراتزیێللا برۆنزینی
# Graziella Bronziniو
# گەستۆنی ئوچیلەتۆریێ
# Gastone Uccellatori و
# کۆمیتەی بە دوانەکردنی ئیڤرەیا- قەڵادزێ



گراتزیێلا و گەستۆنێ - ئیڤریا ٢٠١٤

## پێشەکی

ئەم دووانە هاوڕێی یەکترنو ماوەیەکی زۆرە ژیانیان بە یەکەوەیە، خاتو گراتزیللا خەڵکی شاری ئیڤرەیا (Ivrea) بەڵام لە شاری بوینس ئایرس، پایتەختی ئەرجەنتین هاتوە تە دنیاوە.



ئەندامانی کۆمیتەی بەدوانەکردنی ئیڤرەیا – قەڵادزێ لە ساڵی ١٩٩١ وە دامەزراوە

بەڕێز گەستۆنی لە شارۆچکەیێکی نزیك بە شاری ڤینیسیای ئیتالی لە دایك بووە.

هەردووکیان لە ریزەکانی پارتی سەوزەکانی ئیتالیا کاریان دەکرد، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا لە تۆرینۆ (شارێکە دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای ئیتالیا) بەشداری کۆمیتەیەکیان کرد کە هەموو بیانیەکانی دەگرتەوە کە لەو شارە نیشتەجێ بوون، لەوانەش خوێندکارە کوردەکان، لە کاتی کۆ رەوەکەی گەلی کورد لە بەهاری ١٩٩١ دا، زۆر کۆرو کۆبوونەوە دەکرا بۆ پاڵپشتی گەلی کورد، لە یەکێك لەو کۆبونەوانەدا کە ئێمەش بەشداری بووین لە رۆژی ١٩٩١\٣\٨ بە بۆنەی جەژنی ژنانی جیهانەوە بوو کەوتینە گفتو گۆ کردن لە گەڵ خاتوو گراتزیێلا، خاتوو رۆزاننا بەرزان (بەرزان نازناوی خێزانێکی ئیتالیە لە نزیك شاری ڤینیسیا یە) و رۆژی دووایمان دەستنیشان کرد بۆ یەکتر بینین لە بارەگای پارتەکەیان لە تۆرینۆ.

## پەیوەندی یەکەم:

دەمەو ئێوارە لە بارەگای پارتی سەوزەکان چاومان بە یەکتر کەوتو گفتو گۆیەکی درێژمان لەسەر پرسی گەلی کوردو کۆڕەوەکە و گوزەرانی خەڵکی بە کۆمەڵ هەڵهاتووی کوردستان بۆ سەر چیاکانو بەرەو سنورەکانی هەردوو وڵاتی

تورکیاو ئێرانو هەروەها باسی ئەنفالو کیمیا بارانی هەڵەبجەی شەهیدو بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد بە شێوەیەکی گشتی، کردمان بەچەند تەوەرێك، سەرەڕای ئەمانە داوای هەندێ زانیاریان کرد سەبارەت بە شارو شارۆچکەکانی کوردستانو لە چ حاڵێکدا ژیان دەبەنە سەر، پاشان داوایان کرد کە پرۆژەیەکیان لە مێشکدایە بۆ ئەوەی بزانین هەندێك یارمەتی خەڵکی بێ دەرامەتو مناڵی شەهیدان بدەن لە ڕێی بەدووانە کردنی شارەکەی کە خۆیان نیشتەجێن (Ivrea)واتا(دەستە خوشکی) داوایان کرد شارێك لە کوردستان لە قەبارەی ئەم شارە بێت گرنگیەکی ئابووری هەبێت لەو ناوچە جوگرافیایەی تێیدایە منیش لەبەر ئەوەی هەندێ شارەزاییم هەبوو لەو بوارەدا یەکسەر شاری قەڵادزێم پێشنیاز کرد لەبەر ئەوەی زۆر نزیکە لەو شێوەیەی داوایان کرد بەتایبەتی قەبارە و گرنگی ئابوری بۆ ناوچەکە داوایان کرد لە دانیشتنی دووەم دەبێت لە بارەگای شارەوانی شاری ئیڤرەیا بێت بۆ ئەوەی سەرۆکی شارەوانیش ببینن.

## پەیوەندی دووەم:

شاری (Ivrea) ئیڤرەیا نزیکەی ٤٥ کم لە شاری تۆرینۆ دوورە دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای ئیتالیاوە لە یەکێك لە قاوەخانەکانی بەردەم بارەگای شارەوانی کۆبوینەوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی کورد کە لە کۆمۆنیتای کوردی ئیتالی بوون هەموو شتەکانمان باسکرد داوایان کرد بە فەرمی پێشنیازەکە پێشکەش بکرێت بە ئەنجومەنی شارەوانی ئیڤرەیا ئەوە بوو پەیوەندیمان کرد بە نوێنەری بەرەی کوردستانی لە ئەوروپاو ئەویش نامەیەکی فەرمی ئاراستەیان کردو پێشنیازەکەش بە کۆی دەنگی ئەنجومەنەکە ڕەزامەندی لەسەر درا، دوا بە دوای ئەمە ئەو دوو هاوڕێیە گراتزیێللاو گەستۆنی دەستیان کرد بە دامەزراندنی کۆمیتەیەك بە ناوی کۆمیتەی بە دووانە کردنی واتا بە دەستە خوشك کردنی ئیڤرەیا - قەڵادزێ بۆ هاوکاریکردنی گەلی کوردو ئاستی پەیوەندیەکان رۆژ بە رۆژ فراوانتردەبووە.

## گەشتێك بۆ کوردستان:

لەسەر بڕیاری کۆمیتەکەو سەرۆکی شارەوانی شارەکە دوو هاوڕێو سەرۆکی شارەوانی لە مانگی ١٩٩٢/٥ خۆیان ئامادە کرد بەرەو کوردستان بکەونە ڕێ لەو کاتەدا دەبوایە بۆ گەیشتن بۆ کوردستان لە ڕێی سوریا بوایەو موافەقەی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەی لەسەر بوایە پاش ماوەیەك توانراوە ئەو کارانە هەمووی ئەنجام بدرێت



قەڵادزێ پێش ١٩٩٢

هەر سێکیان سەردانی دەڤەری پشدەریان کردو شاری قەڵادزێیان بینی کە وێران کرابووو لەو کاتەو چەند ماڵێك گەرابوونەوە کە لە ژێر کەپرو یا خانووە روخاوەکاندا دەژیان لە کاتی هاتنیان بۆ شاری هەولێر بەشداریان کرد لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان، ئەم گەشتە بووە هۆی چەند پرۆژەیەك کە ئەنجام بدرێت لە شاری قەڵادزێ.

## پرۆژەکان:


یەکەم پرۆژە ئەوە بوو بەخێوکردنی چەند منداڵە شەهیدێکی بێ کەس و کار لە خۆبگرن لە دوورەوە هەموو مانگێك یارمەتیان بۆ بنێرن ئەم پرۆژەیەش بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی منداڵ پارێزی کوردستان دەستی پێکرد ژمارەی ئەو منداڵانە نزیکەیی ١٣٠منداڵ دەبوو تا نووسینی ئەم کتێبە بەردەوامە.

٢ - دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی (٥٠) قەرەوێڵەیی ئەمەش لەسەر پێشنیازی هەمان گروپ و خاتو (**Laura schrader**) بوو کە لە رێی (**NGO**) ئیتالیەوە پێشکەش کراو بەندە وەك ئەندازیارێکی تەلارسازی سەرپەرشتی پرۆژەکەم کرد کە دیزاینەکەی هەر لە لایەن ئەندازیارێکی تەلارسازی کورد کە لە ئیتالیا تەواوی کردبوو کاك ئامانج کەمال بوو لە هەندێ رووەوە یارمەتی ئێمەشی تیادا بوو پرۆژەکە لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵی خایاند تاکو ئێستاش خزمەتگوزاری



نوسەر لە کۆبونەوەیەکدا لە شاری ئیڤرەیا لەگەڵ ژمارەیەك خۆ بەخش کە منداڵانی بێ کەس و کاریان لە خۆ گرتووە

بە دانیشتوانی دەڤەرەکە دەبەخشێتو بە هۆی ئەم پرۆژەیەوە بو کە زیاتر هانی خەڵکەکەی دا بۆ گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان.



نەخۆشخانەکە لە کاتی دروستکردنیدا

٣- دروستكردنی ناوەندێك بۆ فێر بوون و راهێنانی ژنانی دەڤەرەكە بۆ دورینی جلو بەرگی ژنانو منداڵان هەروەها چەندەها چالاكی تریان سازدا چ لە كوردستان چ لە ئیتالیا، لە هەموویان گرینگ تر چارەسەر كردنی ژمارەیەك لە منداڵانی ناساغ كە چارەسەری نەبوو لە كوردستاندا



**كارگەی بەرگدووری قەڵادزێ**



**قۆناغی كۆتایی دروستكردنی نەخۆشخانەكە**

٤- له مانگی ١٩٩٤/٥ له کاتی چوونی بەڕێز مام جەلالو هاوڕێکانی که پێك هاتبوون له بەڕێز ناوشیروان مستەفاو خوالێخۆشبوو شازاد سایبو بەڕێز صلاح رەشید که له ئیتالیا بوون لەسەر بانگهێشت کردنیان له لایەن سەرۆك کۆماری ئیتالی ئۆسکار لویجی سکالفەرۆ Oscar Luigi Scalfaro) بانگهێشت کران بۆ ئیڤرەیا چاویان به بەرپرسەکانی ئەو کۆمیتەیەش کەوت، له کاتی مانەوەیان لەئیتالیا مام جەلال و شاندیی هاوڕێی ئاگادار کران له کارەساته دڵتەزێنەکەی کوردستان که شەری برا کوژی روویداوه به تایبەتی له شارۆچکەی قەلادزێ دەستی پێکردبوو.

## گەشتی دووەم:

له ساڵی ٢٠٠٤ کەواتا ساڵێك پاش رووخانی رژێم خاتوو (Graziella) گەشتی دووەمی کرد بۆ کوردستان لەگەڵ بەندە سەردانی کەرکوکمان کردو چەند شارێکی ترو له ٢٠٠٤/٤/٢٤ ئامادەی یادکردنەوەی تێپەربوونی ٢٠ ساڵ بەسەر بۆمبارانکردنەکەی ١٩٧٤ رژێمی عیراق بەسەر شارەکه بووین پاش تەواو بوونی مەراسیمەکه بەرەو هاوینەهەواری دوکان بەرێکەوتینو نیوەرۆخوانێکمان لەلای بەڕێز مام جەلال بو چەند بابەت و پرۆژەیەکیش تاوتوێ کرا.

## گەشتی سێیەم:

له مانگی ٢٠١٢/١٠ لەگەڵ شاندێك که پێکهاتبوون له ٦ ئەندام هەندێکیان لەوانه بوون که منداڵه بێ باوکەکانیان گرتبووه خۆ لەگەڵ نوێنەری رێکخراوێکی ناحکومی ئیتالی له بواری هەموو جۆره وەرزشێکدا کار بۆ پێشخستنی وەرزشی شاخەوانی رێرەوی پێشمەرگەکان له کاتی بەرگریدا وه ئێستا ئەو پرۆژەیه له ژێر هەڵسەنگاندایەو هەنگاوی باشی بریوەو بریاره له مانگی ٢٠١٤/٣ دەستپێبکات.

ئەوەی شایانی باسه پاش گەڕانەوەیان لەم گەشتانه هەڵدەستان به بەستنی کۆرو کۆبونەوەو نووسینی ووتار و گۆشەو بابەت له لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەکانی ناوچەکەیانو سەردانی قوتابخانەکانیان دەکرد وه چەندەها جار شاندی فەرمی قەلادزێیان بانگهێشت کردووه بۆ ئیڤرەیاو پەیوەندیان هەر بەردەوامه به شێوەیەکی زۆر چالاکانه، له گەشتی سێهەمدا که به بۆنەی یادکردنەوەی ٢٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆمیتەکەیان بووو جێگری باڵیۆزی ئیتالی له بەغدا بەشداری ئاهەنگەکەی کرد که له قەلادزێ ئەنجام درا چەند پێشنیازێکی کرد بۆ زیاتر پتەو کردنی پەیوەندیەکانی شاری قەلادزێ لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیتالیادا.

# کۆمیتەی بە دووانەکردنی ئیڤرەیا - قەڵادزێ

پاش چاوپێکەوتنەکە و دەست پێکردنی پەیوەندیەکان هاورێیانی ئیڤرەیا کە زۆربەیان ژنن دەستیان کرد بە چالاکیەکانیان بۆ دۆزینەوەی ئەو رێگایانە بۆ یارمەتیدانی دانیشتوانی شارۆچکەی قەڵادزێ چ لایەنە رامیاریەکەی چ ئابوریەکەی. و پیوەندیەکان لە دوو لایەنەوە بوون یەکەمیان، کەخۆیان پێ هەڵدەستان لەتەك لایەنە ئیتالیکان بوون، دووەمیان لایەنە کوردستانیەکان بوو، بەندە پێی هەڵدەستا ئەوان لەهەنگاوەکانی یەکەمدا توانییان بیکەنە پرۆژەیك لە ئەنجومەنی شارەوانی ئیڤرەیا بۆ بە فەرمیکردنی بەدووانەکردنەکە لە تەك قەلادزێ، کە بەکۆی دەنك قبوڵ کرا و دوومیان دەستیان کرد بە دۆزینەوەی سپۆنسەر بۆ بەخۆگرتنی منالانی باوك شەهید وناردنی یارمەتی بۆیان، لەماوەیەکی کەمدا ژمارەی منالان (١٠٠) منالی بێ باوك و کەس وکاری تێپەرکرد. ئەو پرۆژەیە لە سالی ١٩٩٢ وە بەردەوامە تاکو ئیستا، هەر لەرێگای ئەمانەوە بوو چەندەها پرۆژە ئەنجامدرا لە قەلادزێ وسەرەرای ئەوەی چەند جارێك شاندی هەردوو شار ئاڵو گۆری سەردانی یەکتریان دەکرد، چەندین چالاکی کولتوری ئەنجامدرا لە ئیڤرەیا پێناساندنی گرفتی گەلی کورد و درندەیی رژێمی بەعس لە عیراق وکوردستاندا و بە بەشدار بوونی چەندین خەڵك لە دانشتوانی شارەکە و دەرەوە.

زورجار ئاهەنگی خواردمەنی کوردیان ساز دەکرد کە لە دوو لاوە سودمەند بوو، یەك ناساندنی کولتوری خواردنی کوردی و دووەمیش دەبووە هۆی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ منالە بێ باوکەکانی قەلادزێ، ئەم کۆمیتەیە بوو بەهۆی ئەوەی چەندین رێکخراوی تر کومەکی کوردستان بکەن، دوواییان رێکخراو **uisp** کە مانگی ٢٠١٤\٣ دێنە کوردستان بۆ بەرپاکردنی کۆرسێکی شاخەوانی و ناساندنی رێرەوی پێشمەرگەکان لەکاتی خەباتی چەکداری دا کە دەبێتە هۆی ناساندنی ئەو رێگاو بانە شاخاویانە بە نەوەی نوێ ی گەلەکەمان و پەرەسەندنی گەشت وگوزار تێیدا.

ئەندامانی کۆمیتەکە هەموو خۆبەخشن زۆر لەکاتی خۆیان تەرخانکردوە بۆ بەرێوە بردنی کاروباری کۆویتەکە.



ئەندامانی کۆمیتەکە  لای چەپەوە ریزی پێشەوە؛ بیانکە، ڕۆزانە بەرزان، ریتە،
ریزی دواوە، لای چەپەوە؛ ئەگۆستینۆ، برونۆ، سیلڤیۆ، لیلیانە، ستێفەنۆ، گراتزیێلا، گەستۆنێ، جەبار

# مێژووی بە دووانەكردنێكی هەرە تایبەت لە نێوان شاری ئیڤرێیە باكوری ئیتالیا - پارێزگای تۆرینۆ و شاری قەڵادزە[1]

## پێشكەش كردن

بەهاری ۱۹۹۰ ڕژێمی ئەوكاتەی سەدام و بەعس كووەیت داگیر دەكا جەنگی كەنداو لە نێوان زلهێزەكانی خۆرئاواو ڕژێمی بەعس هەمووو پەیوەندیە سیاسی و دیبلۆماسیەكان بچڕێنرا كە شكستێكی گەورە یان بە ڕژێمی بەعس هێناو ئەمەش بووە دەرفەتێكی زۆر باش و لەبار خەڵكی كوردستان و هێزی پێشمەرگە ڕاپەڕین و هەموو شار و شارۆچكەكانی كوردستان بەپێی نەخشەیەكی پێشتر دارێژراو لەلایەن خەڵكی ڕاپەڕی و بەرەی كوردستانیەوە تەواوی كوردستان ئازاد كرا بە كەركوك و ئەو شوێنانەیی تری كە ئێستا بەناوچەكانی كوردستانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان و پەیوەست بە مادەیی ١٤٠. بەڵام خۆرئاوا ڕێگەیان بە ڕژێم دا بە هێرشی ئاسمانی و زەمینی جارێكی تر كەركووكی كوردستانی داگیركاتەوە، بەڵام پاش خوێن ڕژاندنێكی زۆر سەرئەنجامی بەكارهێنانی چەكی گەورە و دوور هاوێژ و هێزی زەمینی و ئاسمانی بە تەكنەلۆژیایەكی پێشكەوتوو سەرئەنجام كۆڕەوی لێ كەوتەوە بەرەو شاخەكان بە تایبەتی و سەر سنووری ئێرانو توركیا دەستی پێكرد ئەوە بوە هۆی دەستنیشانكردنی ناوچەی دژە فڕین، كە بەرهەمی ڕاپەڕینی پێشمەرگە و كۆڕەوە ملیوێنێكەیی هەموو خەڵكی كوردستان بوو.

قوربانیانی ئەم كۆڕەوەش بە هەزاران ئەژمێردرێن بەتایبەتی لەریزی یەكەمی قوربانیەكان منداڵانو پیرەكان زۆرینە بوون. دیمەنی كۆڕەو هەموو جیهانی هێنایە قسە و هەر وولاتەو بەشێوەیەك هەڵوێستی دەردەبڕیی پارێزگاری شارەكەی ئێمەش كۆمیتەیەكی پێك هێنا بۆ بەهاناوە چون و كاری پێویست.

# لە دایك بوونی كۆمیتەی بە دووانەكردنی ئیڤرێیە / قەلادزە

سوپاس بۆ لاوە كوردە پەناهەندەكانی شاری تۆرینۆ و هاوڕێیەتیان بە تایبەتی عبدالجبار مستەفا فتاح. ئەو سەردەمە قسەكەری puk بوو لە ئیتالیا لەگەڵ بەرەی كوردستانی لە هەندەران لە لەندەن پەیوەندی ئەبەستین كە پێكهاتبوون لە هەموو قسەكەرانی رێكخراوە كوردییەكان ئەوانیش دەست نیشانی ئەم بە دووانەییان لەگەڵ شاری قەلادزە بۆ كردین كە لە لایەن رژێمی بەعس تەخت كرا بوو لە ساڵی ١٩٨٩ بەو شێوەیە كۆمیتەی بە دووانەكردنی ئیڤرەێە - قەلادزە لە دایك بوو ئەم دوو شارە لە پاڵ شاخەكانداو هەر هەمان ژمارەی دانیشتووانیان هەیەو هەمان گرنگی خاكو بە تایبەتیش هەمان مێژووی بەرگری كردن لە دیكتاتۆریەت دا. ئەم پێشنیازە بە كۆی دەنگ پەسەندكرا مە لایەن ئونجومەنی شارەوانیەوە و بوم شێوەیەش بوو بە ئەركێكی فەرمی شارەكە.بۆ هەڵسورانی كاروباری كۆمیتەكە، پاش ماوەێك ناوی كۆمیتەكە دەگۆردرێت بۆ كۆمیتەی بەدووانەكردنی ئیڤرەیا - قەلادزێ بۆ هاوكاری گەلی كورد و بەم هۆیەشەوە كارەكانی دەچنە دەرەوەی شاروچكەی قەلادزێ.

# یەكەم گەشت بۆ كوردستان

لاورە شرادەر نووسەرو رۆژنامەنووس كە هەمیشە هاوڕێی گەلی كورد بووە لە مانگی دووانزەی ساڵی ١٩٩١دا ئامادەیی شاندێكی بچكۆلانە بۆ گەشت كردن لە كوردستان كرد. سەرۆكی شارەوانی رۆبێرتۆ فۆگو، گەستۆنی ئوچێللە تۆری هاوسەری ژیانم و خۆشم گەشتێكمانكرد لەسەر حیسابی خۆمان چوار رۆژی خایاندو بە توركیا تێپەڕین بە ڕێگای شاخەكان دا هەتا لە بۆردوومانی سوپای توركیا دژ بە بەرگری كەرە كوردەكانی ناوچەكە دوور بین ئەمە جگە لە لەشكری رژێمی بەعس چونكە پردەكانی رووخاند بوو رووباری زابی گەورەمان بە كەڵەك بڕی ترەكتۆرێ رایدەكێشا ئێمەش دوو جانتای پڕ داوو دەرمانمان بردبوو لە گەشتە دا لە زاخۆ لە مەعەسكەری سەربازگای مەڵبەندی - puk - میوان بووین لەو كاتەوە puk لە ڕێگای، بە تایبەتی منداڵپارێزانی كوردستان KURDISTAN SAVE CHILDIREN وە كە پشتگیری ناوچەكەیان لێكردین بۆ جێ بەجێ



فۆگۆ- گەستۆنێ - مام جلال و گرانزیێلا - ۱۹۹۲ قەڵاچۆلان

کردنی پرۆژەکانمان. لە ماوەی گەشتەکانمان دا بەردەوام پارێزراو بووین لە لایەنی چاودێرێکەوە کە لاوێکی پێشمەرگە بوو بە ناوی سەمیر چونکە لەسەر سەری ئێمە خەڵاتی ۱۵,۰۰۰ هەزار دیناری کۆنی ئەو سەردەمە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دانرابوو بۆ ئەوانەی کە بە نایاسایی دێنە خاکی عێراقەوە چونکە ڕژێم کۆنترۆڵی کوردستانی لە دەست دەرچوو بوو جگە لە پارێزگای کەرکووك

هەرێمەکە کەوتبووە ژێر دووئابلۆقەی ئابوری قورس و گەورەوە ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئابلۆقەی ئابوری ناوخۆی کەلەلایەن ڕژێمی بەعسەوە زۆر توند بوو، ئەگەر چی کوردستان زۆر دەوڵەمەندە بە نەوت، کەچی خەڵکەکە تووشی برسیەتیو سەرماو نەبوونی هەموو شتێ ببوون لە هەموو ڕوویەکەوە.

لە یەکەم شوێنی گەشتەکەماندا، میوانی مام جەلال بووین لە شەقلاوە ئەو کاتە بنکەی فەرمانڕەوایەتی هەموو پارتە کوردستانیەکان بوو لە سەفەرەکەمان دا پاشماوەی گووندە بچووکەکان دەبینی کە ڕژێمی عێراقی وێرانی کردبوو، بەڵام ئەوانە هەر هیچ نەبوون لە ئاستی ئەو وێرانکارییەی کە لە شاری قەڵادزە کرا بوو.

## گەیشتن بۆ قەڵادزە

دیمەنی شارەکە هێندە کەمی ئەنواند کە لە کۆمەڵە وێرانکارییێکی ڕاخراو ئەچوو لە هیچ شوێنێکدا تەنیا دیوارێ چی یە بە پێوە نەما بوو، ئەمەش تێروانینێکی

نوێی بە ژیانی ئێمە بەخشی

لە قەڵادزە دەرمانەکانمان دا بە دکتۆر عبدوالرحمان کە لێپرسراوی نەخۆشخانەیەك بوو خاوەنی داوو دەرمانێکی زۆر کەم بوو ئەمڕۆ دکتۆر عبدوالرحمان بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی چاوە لە سلێمانی.

لەسەر سەکۆی ماڵێکدا کە لە شارەوانی دەچوو لە بەردەمی کۆمەڵانی خەڵك ئامادە بوون بڕیارو بەڵێنی ئەوەمان پێدان کە نەخۆشخانەیەك دروست دەکەین هەروەها وەکوسەرپەرشتیاری راستەوخۆش ئەوا ئەرکی بەخێو کردنی منداڵانی بی سەرپەرشتیاری شارەکە دەگرینە ئەستۆ.

تا ئەمڕۆش منداڵانی بەخێوکراو لەدوورەوە بە ڕێگای **Kurdistan save children**وە نزیکەی (٢١٠) بەخێوکراون هەتا خوێندنی ناوەندییانو تەمەنیان دەگاتە ١٨ ساڵی، ئەو خێزانە بەخێوکەرەکانیش ئەتوانن بەردەوام بن تا زانکۆ تەواو دەکەن دوای تێپەڕینی بیست ساڵ دا ڕێگەی ئەوەیان داوە هەر بە ڕێگای **ksc** وە کە بناغەیەکی داڕێژراوی ئەو سەردەمە بوو هەر هەمیشە زیندوو بێ. سەرباری ئابڵوقەی ئابوری و بە بەکارهێنانی کەرەسە پاشماوەکان کە کۆیاندەکردەوە بۆ دووبارە بە کرهێنانەوە، بەشداریمانکرد لە دروستکردنی نەخۆشخانەی قەڵادزێ کە بەڕێوەبەری کارو بارەکانی پرۆژەکە برای خۆشەویستم ئەندازیار عبدالجبار مستەفا فتاح بوو کە ڕۆڵی زۆر جوانی هەبوو وە زۆر دلسۆزانە ئەو کارەیی جێ بەجێکرد و شەونخونی زۆری بۆ کرد پرۆژەکە لە ساڵی ١٩٩٦دا تەواو بوو.

٦٠ قەروێلەیی کە دواتر بەگۆرینی چەند شوێنێکی ناو نەخۆشخانەکە زیادکرا بۆ ١٠٠ جێگای نوستن، جێگەی داوو دەرمان، عەمەلیات، منداڵ بوون و نەخۆشیە گیرساوەیی یەکان کە لە دوواییش دا لە لایەنی - **Emergency** - دا وەکوو جێگای تیمارگەی یەکەم بۆ بریندارەکانی مینی دژە مرۆڤ بەکار هێنرا دروست کردنیشی زۆر گرنگ بوو بە تایبەتی بووە هۆی گەڕانەوەی دانیشتووانی ناوچەکە.

## هەڵەبجە

سەردانی گۆڕەپانەکانی سەید سادق و هەڵەبجە لەگەڵ پاشماوەی بە کۆمەڵی قوربانیەکانی بۆردوومانی چەکی کیمیاوی ساڵی ١٩٨٨دا باوەڕی زیاتر بە هێز کردین لە بە دەنگەوە چوونی گەلی کوردا لەو کاتەوە هەر سەردانێکی ئێمە لە شوێنی شاری شەهیدانەوەیە.

# له پیرۆزبایی‌و کردنه‌وه‌ی
# کاره‌کانی یه‌که‌مین په‌رله‌مانی کوردا

له‌لایه‌ن مام جه‌لاله‌وه ده‌عوه‌ت کرابووین بۆ به‌شداری کردن له هه‌ولێر بۆ پیرۆزبایی‌و کردنه‌وه‌ی یه‌که‌مین په‌رله‌مانی کوردستان شانده‌که‌ی ئیڤره‌یه‌و خوێندکارێکی هۆڵه‌ندی که له‌گه‌شتێکی گه‌ڕۆکی ڕاگه‌یاندن دا بوو خۆی به ئێمه‌وه گرێدا، ئێمه تاکه شاندێکی ئه‌وروپایی بووین که له‌وێ دا ئاماده بووین‌و ئه‌م شوێنه خاڵێکی مێژوویی بوو له ڕێ‌و ڕه‌سمی گه‌لی یه‌که‌م دانیشتنی په‌رله‌مانی کوردستان. له ته‌نیشتی مام جه‌لال ده‌وه دانیشتبووم له نیوەڕۆ خواردندا نیوه مریشکێ سوورەوه کراوی کرده قاپه‌که‌م پێ به‌خشیم که من که‌سێکی گۆشت نه‌خۆرم به ناچاری قووتم دا له‌به‌ر خۆشه‌ویستیم بۆ ئه‌و لوتف نواندنه هه‌ڵبه‌ته یادگاری هه‌رگیز بیرم ناچێته‌وه، دیاره له‌ناو خه‌ڵکی کوردستان ئه‌و شته نه‌ریتێکی جوانه ڕێزله میوان بگیرێت و که‌سایه‌تی به‌ڕێز تاڵه‌بانی له ڕێزگرتن و میوانداری به‌ناوبانگه



گراتزێلا و ئەندامانی شاندی شاری ئیڤرەیا لە یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمانی کورستان ١٩٩٢

## دوای گەڕانەوە بۆ ئیتالیا

دووای گەشتەکەی ئێمە هەموو وڵاتە دراوسێکانی تورکیا و سووریاو ئێران سنوورەکانیان داخستبوو لەسەر کوردستانو لە راستی دا ببوون بە گۆڕەپانی زۆرە ملێی ئاسمانی کراوە هەتا لەگەڵ ksc، پەیوەندی بکەین لە ئیفرەێەوە بە فاکسی محافزەوە چەندین کاتژمێرمان بەسەر ئەبرد هەر ٣ مانگ جارێ پارەی منداڵانی لە دوورەوە بەخێو کراوەکانمان دەنارد، بە ڕێگای ئەو هاوڕێیانەی کە بۆ ماڵی خۆیان ئەگەڕانەوەو بە - Emergency - دا کە دەستیان کردبوو بە تیمار کردنی قوربانی یەکانی - مینی دژە مرۆڤ - لەگەڵ ئەو هەموو گیرو گرفتانەش دا هەرگیز مانگانەیەکمان لە ناردن دا نەپچڕاند و دوانەخست.

## چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ مام جەلال

لە ساڵی ١٩٩٤ دا مام جەلال بە سەردان هاتە ئیفرەێەو مێوانی پارێزگاری شارەکە بوو کار بەدەستانی شارەوانیو خەڵکو کۆمیتەی بە دووانەکردن و ئەو خێزانانەی کە ئەرکی منداڵ بەخێو کردنیان لە دوورەوە گرتبووە ئەستۆ ئامادە بوون پێی ووتین کە زۆر بەختەوەر بوو بەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی ئاوا زۆر دۆستی گەلی کوردستان، ئەم هاوڕێیەتییە کە لە ساڵی ١٩٩٢ دا لە دایک بوو بووە هۆی ئەوەی چەند جاری تریش لە ئیتالیا دیدەنی بکەین.

## گەشتەکانی دووایی تر

ڕێکخستنی هەموو گەشتەکانی دوا تر لە کوردستان دا ٢٠٠٠، ٢٠٠٤، ٢٠١٢، ئەوا هەمیشە لە لایەنی ksc, یەوە ڕێکخرا بوون و هەموو جۆرە ئاسانکارییێکیان بۆمان دەکرد و مە هەموو رویێکەوە.

## گەشتەکەی ٢٠٠٠

توانیمان بگەڕێینەوە بۆ کوردستان تەنیا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ دا ئەمەش سوپاس بۆ ئەو هاوکاریە زۆر و تایبەتیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان puk



**گرانزێلا لە قوتابخانەێکی قەلادزێ**

کە پێشکەشمانی دەکرد. گەیشتینە سووریا لە مانگی دووانزەدا بە ژمارەیەکی تەلەفۆنی بەکر فەتاح ئەو کاتە قسەکەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە ئیتالیا ئەمڕۆ باڵوێزی عێراقە لە سووید، زۆر بە گەرمی ئاگاداری کردینەوە کە بیپارێزینو بزری نەکەین، لەبەر مەترسی تێ پەڕین لە سنووردا کە گەیشتینە رۆخی دیجلە لە قامیشلی ئەوا بە تەنگە نەفەسیەوە چاوەڕێی ئەوە بووین کە پۆلیس ژمارەکەمان بدۆزێتەوە کە لە ناخی هەرە ناوەوەی چوارەم دەفتەری هەرە گەورە بوو کە ئەپشکێنرا. بەو شێوەیە گەیشتینە کوردستان بە برینی ئەو ڕووبارەی کە بە بەلەمێکی ماتۆری هەرە بچکۆڵەدا.

گەیاندمانیە دیوی ئەودیوی، لە رۆخی ئەوسەرەوە کوردێك قسەکەری **ksc**، نەعمان عەلی چاوەڕێی ئەکردین.

لە ساڵی ٢٠٠٠ دا کەش و هەوا بە تەواوەتی گۆڕا بوو جارێکی تر نەوت بەرامبەر خۆراك و پەیوەندییەکانی نێو نەتەوەیی دیاری ئەکرد ئەیان ووت گوایە کوردستان دەکەوێتە وە ژێر دەسەلاتی بەعس. لە دەروونی خەڵکەکەدا تاریکیو ترس بەدی ئەکرا لەم کاتەشدا ڕەنگی بزوێنەری جلو بەرگی ئافرەتان کە هەوای شادیان هەڵئەمژیو ڕەنگی ڕەشیان دائەپۆشی کە سەرتاپای گرتبوونەوە.

لەم مناسەبەتەشدا دەعوەتێکی مام جەلال مان پێ گەیشت، کە چووین لە

نوسینگەکەی لە قەڵاچوالان چاومان پێ کەوت.
لە هەڵەبجە چاومان بە قائمقام کەوت لە شارەکە دا هەست بە بوونی چەکدارانی گروپە توندڕەوەکانی ئیسلامی - ئەنسارو ئەلئیسلامی - دەکرا کە بە ئەلقاعدەوە بەسترا بوونو بە ڕێگای ئێرانەوە خۆیان گەیاندبووە ناوەوە هەر لە نیوەی ساڵی ٢٠٠١ یەکەوە بە داگیر کردنی چەند گووندێکو نانەوەی تەڵەو بە گژا چوونی خوێناوی لەگەڵ پێشمەرگەدا. ئەو کاتە هەندێ لە منداڵانی هەڵەبجەش لە دوورەوە لەلایەنی خێزانەکانی شاری ئیڤرەیەوە بەخێو دەکران سەردانی گۆڕەپانی ئاوارەکانی چەمچەماڵمان کرد لە کوێ دا خێزانە کوردەکانی ڕاکردووی کەرکووك پەناگەیان دۆزیبۆوە چونکە حکوومەتی عێراق زۆری لێ ئەکردن تا شارەکەیان بەجێ بهێڵنو بە مەبەستی تەعریب کردن و سیاسیەتی پاکتاوی نەژادی.
ئاوارەکانیش لە ژێر ڕەشماڵی هەرە گەورەدا دەژیان کە لە پلاستیکی سپی ئەستوور دروست کرابوو لە ژووری ناوەوەی دا تووانای هەوا هەڵمژین نەبوو هەندێ لە پیاوەکان نزیك بوونەوەو ئەیان ویست بارو زرووفی خۆیان بگێڕنەوە کارەساتێ بوو کە ئێمە هیچمان بۆ نەئەکرا زۆر توشی پەشیمانی هەرە تاڵ بووم کە چوومە ئەو شوێنەو نەشم ئەتووانی هیچ جۆرە یارمەتیەکیان بدەم.
لە قەڵادزە میوانی ماڵی قائمقامی شارەکە بوین ئەو کات عومەر ئەحمەد بوو کە ئێستا یاریدەدەری پارێزگاری سلێمانی.

## ٢٠٠٢ بە یادکردنەوەی دەیەمین ساڵی بە دووانە کردن

عومەر ئەحمەد قائمقامی قەڵادزێ و دکتۆر عبدالرحمان، ئەو دەمە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی قەڵادزە بوو کە پاشان بوون بە مێوانی شاری ئیڤرەیە لە ساڵی ٢٠٠٢، بۆ یادکردنەوەی دەیەمین ساڵی بە دووانە کردنەکەمان لەو دەرفەتەیا بوو کە عوومەر ئەحمەد - سەرگووروشتەی نەخۆشی منداڵێکی بۆ بەجێ هێشتین دیاربوو کە لە کوردستان نەدەتووانرا چارەسەر بکرێ بتووانرێ بگەیەندرێتە ئیتالیا کارێکی ئاوا ئاسان نەبوو تەنیا لە مانگی نۆی ساڵی ٢٠٠٣ دا توانیمان، ئەمەش زۆر سوپاس بۆ فرۆکەکانی خاچی سووری ئیتاڵی کە ئەو دەمە خەریکی کار بوون لە نەخۆشخانەی سەر گۆڕەپان لە بەغداد لە دوایدا دیاری، ئاڤان گەیشت، هێمن، سێما، ئەشکانو ئەوانی تریش، بۆ ئەوانی تر نەدەکرا رزگار بکرێن ناچار بوین دەست بەرداریان بین دوای ئەوەی هەموو توانای خۆمان تەرخان کرد بۆ هێنانیان بۆ ئیتالیاو تا ئەمرۆش جێگەی داخێکی گەورەیە.

# گەشتەکەی ٢٠٠٤

لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕژێمی بەعس و سەدام ڕووخاو دیکتاتۆری عێراقی بە دیل گیرا درایە دادگاو لە کۆتایی مانگی دووانزە لە سێدارە درا بەڵام ئاشتی لەنیوان پێکهاتەکانی عێراق هێشتا دوورە.

لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٤ دا گەڕامەوە کوردستان لەگەڵ جەبار بە ئوردندا تێپەڕ بووین و لە بەغداوە بەرەو هەولێر بە فڕۆکەیەکی زۆر بچکۆلانە کە بە شێوەیەکی بازنەیی زۆر تەسک ئەنیشتەوە هەتا لە موشەکی تیرۆریستەکان دەرباز بێ، کە لە گەڕانەوە لە کوردستان لە فرۆکەخانەی بەغداوە هەستمانکرد فرۆکەکە بەخێراییێکی زۆر بەرەو ئاسمان چوو لەبەر ئەوەی کاتێ هێشتا لەسەر ڕێرەوەکەی بوو موشەکێکیان ئاراستەیکرد وەکوو تیریکی درەوشاوە لە ژێر خۆردا زۆر دوور لە ئێمەوە نەبوو تێ ئەپەڕین.

هەرگیز ئەو ختووکە خۆشیە لە بیر ناکەم کە گەیشتمە هەولێر فڕۆکەخانەکە زۆر بچکۆلانە بوو زۆر زیاتر لە چادرۆکەیەك ئەچوو تەنیا شوێنێکی نیشتنەوەی کورتی هەبوو بۆ کۆشکی کۆنترۆڵ ئاڵایەکی کوردستان ئەشەکایەوە بە



گراتزیێلا بە جلی کوردیەوە ٢٠٠٤/٤/٢٤ قەڵادزێ

خۆشیەوە لە ژێر ئاسمانێکی شین دا. لە ئاستێکدا و لەسەر دیوارێکدا نوسرابوو ( ڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.

لە ٢٤ی مانگی نیساندا یادی بۆردوومان کردنی قەڵادزە بوو دەعوەتی ئەوە کرام کە چەپکە گوڵ بە یادی شەهیدانەوە بەرم جلو بەرگی کوردیم پۆشیبوو کە لە لایەن ڕێکخراوی ئافرەتانی کوردەوە پێش کەشم کرا بوو زۆر دڵی بزوواندم بۆیە زیاد لە پێویست هەستم ئەکرد ئەو شیعرەی ئیبراهیم ئەحمەد باوکی خاتوو هێرۆ کە ئەڵا:

من کوردم، بە کوردی ئەژیم، بە کوردی ئەمرم، بە کوردی ئەدەم وەڵامی گۆڕم..
لە هەمان ڕۆژدا مێوانی مام جەلالو هێرۆ خان بووین لەسەر دەریاچەی دوکان.



گراتزێلا لەتەك مام جلال و هێرۆ و نارین و جبار و مامۆستایێکی بریتانی ( دوکان)

# ٢٠١٢ بە یاد کردنەوەی
# ٢٠ یەمین ساڵی بە دووانەیی کردن

ساڵان تێپەڕینو زۆر شت گۆڕان لە کوردستان کۆمیتەی بە دووانەکردن بەردەوامە لە هەوڵەکانی خۆیو بە تایبەتی بەخێو کردنی منداڵانی بێ سەرپەرشتیار بۆ یادکردنەوەی ٢٠ ساڵانەی بە دووانە کردنی شاری ئیفرێیە دەعوەتی حەسەن حوسێن قائمقامی پشتدەر و نەعمان عەلی قسەکەری ksc. بووین، سەردانەکە بەجیدی لە کۆتایی مانگی پێنجی ٢٠١٢ بە چاوپێکەوتنێ لەگەڵ کار بەدەستانی شارەوانیو

خێزانی بەخێوکەرانی منداڵان.

لە سەرەتای مانگی ١٠ دا لەگەڵ شاندێکی حەوت کەسی گەڕامەوە بۆ کوردستان بۆ بە یاد کردنەوەی ٢٠ ساڵانەی بە دووانەیی لە قەڵادزەش دا چوار ڕۆژی گەشتەکەی ساڵی ١٩٩٢ وەکوو یادگاری یەکی هەرە دوور ئەمێنێتەوە بە چەند کاتژمێرێ کەم لە فڕۆکەخانە هەرە نوێیەکەی هەولێر نیشتینەوە

قەڵادزە جێگەی سەر سووڕمانییەکمان جارێکی تر پێ ئەبەخشێ کە زۆر گەورەتر بووەو خەریکە نەخۆشخانەیەکی نوێ پیرۆزبایی کردنەوە ئەکرێ لە ئاهەنگی پیرۆزبایی دا لەگەڵ کار بەدەستای شارەوانی دا جێگری سەفیری ئیتالیا لە عێراقیش بەشداری کرد کە دکتۆر ماسیمۆ کەرنێلۆس ە لە دوورەوە گوێمان لە دەنگی بۆردوومانی فڕۆکەکانی تورکیا یە لەسەر شاخەکان دا دژی ڕاپەریوە کوردەکان.هەموو چاوپێکەوتنەکانی دواتر بە تایبەتی ئەوانەی لەگەڵ منداڵانی قوتابخانەکاندا زۆر بە سۆزەوە پێکەوەمان ئەبەستێ بە ڕاستی جێگای خۆشحاڵی بوو کە چاومان کەوت بە هەندێ لەو منداڵانەی کە لە ئیتالیا چارەسەری تەندروستیان بۆ کرا بوو، لەگەڵ شووکریە، کە بە خێومان کرد بوو لە دوورەوە لە ساڵی ١٩٩٣، ئێستە بووە بە دایکی (٥) مناڵی هەرە گەش هەروەها لەم دەرفەتەش دا هەر وەکوو هەموو سەردانەکانی پێشوومان گەڕاینەوە بۆ سەردانی کردنی مۆنۆمێنتەکەی هەڵەبجە.

لە کۆتایی دا پێش گەڕانەوەمان بۆ ئیتالیا مێوانی هێرۆ خان سەرۆکی **ksc**، بووین لە سلێمانی کە جارێکی تر هەستی پڕ بایەخی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە پڕۆژەکانمانو یارمەتی خۆی دەربڕی بۆ جێ بەجێ کردنیان.



**شاندی شارۆچکەی ئیڤریا و نوێنەرانی منداڵپارێزی کوردستان**



گراتزیێلا لە تەك شوکریە و منداڵەکانی مە قەڵادزێ ١٠/ ٢٠١٠



گراتزیێلا و گەستۆنێ و قائمقامی قەڵادزێ کاك حسن و نوێنەری منداڵپارێزان کاك نعمان



لەگەڵ جێگری باڵیۆزی ئیتالی میوانی سەرۆکی شارەوانی قەڵادزێ ئەندازیار ئاوارە

# چالاکیو پرۆژەکانی کۆمیتەی بە دووانەیی کردن

زۆر دەست پێشخەری رێکخراون لەم ٢١ ساڵەدا بۆ ناساندنی مێژوو کوولتووری گەلی کورد لە ئیتالیا دا بە نرخ بوون بۆ چالاکی یەکانی کۆمیتەکە بۆهەمیشە پشتگیری کردنی ئەو خێزانانەی کە بەخێوویان ئەکرد لە دوورەوە سەرنجێکی هەرە تایبەتیمان پێش کەش بە قوتابخانە کردبووهەتا ئەمڕۆ دوای زیاد لە ٢٠ ساڵ دوو قوتابخانە لە کوێ دا منالانی ١١و ١٤ ساڵان ئەخوێنن پاڵپشتی لە دوورەوە لە هەندێ لە منداڵانی قەڵادزە ئەکەن.

لە نێو زۆر لە دەست پێشخەری یەکەماندا ئەوە بیر دەهێنینەوە چاوپێکەوتنە جەماوەری یەکانمانو گێڕانەوەی گەشتەکانمانو روونکردنەوەی بارو دۆخی کوردستان هەروەها ناساندنی جەماوەری بۆ قوتابخانانەکان لە دوورەوە پشتگیری لە منداڵان ئەکەن ئەو ڕاگەیاندنەی پاسێك بۆ رۆیشتنو بۆ باز نەدان بەسەر مینی دژە مرۆڤ دا کە لەلایەن قوتابخانەی ناوەندی لوکە گودۆنێ وە کە رێگەی کڕینی دوو پاسی بۆ گواستنەوە لە قوتابخانەی مناڵە بچکۆلەکان دا ئەم قوتابخانەیە بەردەوامە لە پشتگیری کردنمان و سوپاسیش بۆ هەستی بێ نموونەی پرۆفیسۆر سیلڤیۆ کۆنتێ وە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی لەسەر مێژوو ئەدەبی کوردیو نیوە پێشکەشی یە لەسەر سینەمای کوردی، دانا حووسەین لێپرسراوی **ksc**، لە نامەیەکی پیرۆزبایی ساڵی نوێ دا کە نزیکەی ١٠ ساڵ پێش ئێستا بۆی ناردبووین بۆ خێزانەکانی بەخێوکردن لە دوورەوە ئەنووسێ :

ئێمە لە چۆکداندا بووین و ئێوە یارمەتیتان داین هەتا هەڵسینەوە ئەمەش هەرگیز لە لایەن ئێمەوە بۆ هەمیشە لە بیری ناکرێت لە ئیڤرەیە بە دەنگەوە هاتنی گەلی کورد بەردەوامەو ئێستا شێوەیەکی نوێی وەرگرتووە :

پرۆژەکەی ((Trekking)) لەسەر شاخەکانی کوردستان کە خەریکی کارکردن بوین لەسەری لەسەر کە جوانی شاخەکانی کوردستان بە ئیتالیا بناسێنێ یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ زیاتر ئاشنایەتی و خستنە ڕویی ناو سروشتی کوردستان، هەتا ئەو پەندە تاڵە بکا بە دووره بیرەوەرییەك کە کاتێ تازە گەلی کوردمان ئەناسی کارێکی زۆری لێکردین کەدەیانووت تەنیا (شاخەکان هاوڕێی گەلی کوردن).

یەکەم هەنگاوی ئەو پرۆژەیە پێگەیاندنی لاوانی قەڵادزەیە وەکوو پێشاندانی ناوچەکە کە بتوانن نرخە هەرە جوانەکانی سروشتو ناوچەکە پێکەوە ببەستن کە پاشماوەی ئەو تەلارو ڕێچکانەن کە پێشمەرگە خەبات گێڕەکان تێکۆشانێکی زۆریان کرد بۆ سەربەخۆیی.

**گراتسێللە برۆنزینی**
**سەرۆکی کۆمیتەی بە دووانەکردنی ئیڤرەیا / قەڵادزە**
**بۆ پالپشتیکردن لە گەلی کورد**

---

١. لە لایەن گراتزیێلاوە نوسراوە



**ئیتالیا – ئیڤرەیا – ئامادەکردنی خواردن بۆ ئاهەنگێکی کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ قەڵادزی – گراتزیێلا، د. عواتف (خێزانی جەبار)و جەبار (هەلێك بوو بۆ باسکردنی کێشەی کورد بۆ ئامادەبووان)**

# جۆیس لوسو Joyce Lussu

## پێشەکی

ناوی تەواوی خۆی جۆکۆندە بیاتریچێ سەلڤادۆری پالیۆتی Gioconda Beatrice Salvadori paleotti ناسراوە بە جۆیس لوسو Joyce Lussu لە ١٩١٢/٥/٨ لە شاری فلۆرەنسای ئیتالی لەدایك بووە، لە ١٩٩٨/١١/٤ لە شاری رۆما کۆچی دوایی کردووە، خانمێکی بەناوبانگی ئیتالیایە نووسەرو پێشمەرگەی بەرگری بووە لە بواری سەربەخۆیی ژنانیشدا رۆڵێکی زۆر دیاری هەبووە و دەست



جۆیس لوسو لەکاتی لاوی

پێشکەر بووە لە دامەزراندنی یەکێتی ژنانی ئیتالی، بە هۆی ئەوەی کە بە خێزانەوە دژە فاشستەکان بوونەو زۆر جار باوکی تووشی تەنگو چەڵەمە بووە و هێرش کراوەتە سەری و لێدراوە، ناچار بوون کە ئیتالیا بەجێ بهێڵن بۆ ماوەیەکی زۆر لە سویسرا بژین لە ساڵی ١٩٢٤ی ز، بەم هۆیەشەوە کە لە نالەباری حەوانەوەی لە شوێنێکی تایبەتداو بە تەمەنە لاویەوە خوێندنی قۆناخە جیا جیاکانی لە چەند وڵاتێك تەواو دەکات پوتوگال، فرەنسا، ئیتالیا و المانیا.

هەر بە هۆی ئەم جۆرە ژیانەوە تێکەڵاوی زۆری دەبێت لە خەڵکانی جیاجیادالە شاری (**Haoidelberg**) هایدیلیربیگی ئەڵمانی لە کاتی وانەکانی فەیلەسوفی المانی (**karl Jaspers**) کارل جاسپیرس دەخوێنێت هەست بە لە دایکبونی نازیزم دەکات

لەگەڵ براکەیدا (**max**) ماکس لە چەند چالاکیەکی رامیاری بەشداری دەکات و زۆر بە تەنگی بزوتنەوەکانی ئەفریقیا دەبێت و پاشان دەست دەکات بە نووسینی شیعر لە ساڵی ١٩٣٩ کۆمەڵە شیعرێك بە ناوی (**Liriche**) بلاو دەکاتەوە لە ساڵی ١٩٣٨ لەگەڵ براکەی (**Max**) پەیوەندی بە بزوتنەوەی (**Giustizia e Liberta**) عەدالەت و ئازادی وە لەم کاتەدا (**Emilio Lussu**) دەناسێت کە پیاوێکی سیاسی خەڵکی دوورگەی سەردینیایە (**Sardegna**) لە هەندەران دەژێت و دەبێتە هاورێی و پاشان شووی پێدەکات و تاکو کۆتایی ژیانی لەگەڵی دەژیت مێردەکەی لە ساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی دەکات ئەمە شوی دووەمیەتی و ژیانێکی پڕ لە مەینەتی‌و خۆ شاردنەوەدا دەژین بە هۆی دژایەتیان لەگەڵ فاشستەکانی ئەو کاتەی ئیتالیادا رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لە دوای روخاندنی رژێمی فاشیزەو لە دامەزراندنی پارتی (**partito sard'o dazione**) پارتی هەڵمەتی سەر دینی تاکو هەڵوەشانەوەی ئەم پارتەلە ساڵانی ١٩٥٨ - ١٩٦٠ بەردەوام دەبێت لە خەباتدا دژی فاشیزەو لەگەڵ دەستپێکردنی بزوتنەوەکانی دژ بە ئیمپریالیزم دەچێتە ناو ئەو بزوتنەوانەش

پاش ئەم ساڵانەش دەستدەکات بە لایەنێکی تری ژیانی ئەویش گەشت کردنە بەرەو وڵاتانی تر کە کولتوریان جیاوازە لەوەی خۆی و دەست دەکات بە وەرگێڕانی شیعر شیعری البانی، ڤیتنامی، تورکی، کوردی، موزمبیق، ئەنگۆلا، ئەسکیمۆ، بۆ سەر زمانی ئیتالی، لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠ نازم حیکمەت دەناسێت، وە ئەمە یەکەم جار دەبێت باسی گەلی کوردی بۆ دەکات و بە شێوەیەك کە زۆر حەز دەکات لە کولتور و خەباتی ئەم گەلە زانیاری بزانێت و شارزایی هەبێت بۆیە بڕیار دەدات گەشتێك بکات بۆ کوردستان



جۆیس لوسوو لەگەڵ نازم حکمت لە وڵاتی سوید بۆ یەکەم جار یەکتر بناسن

## گەشتێك بۆ كوردستان:

لەو كۆمەڵە زۆرە شیعرانەی كە وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی ئیتالی وەرگێڕانی شیعرەكانی شاعیری چەپڕەوی توركی نازم حیكمەت بوو كە زۆربەی ژیانی لە بەندیخانەكانی توركیا و لە هەندەران بردە سەر تائێستاش ئەو كۆمەڵە شیعرەی وەرگێڕاوی بۆ زمانی ئیتالی لەلایەن خاتو لوسووەوە بە باشترین سەرچاوەی شیعرەكانی نازم حكمەتە بە زمانی ئیتالیا شایانی باسە كە خاتوو لوسو هیچ لەو زمانانەی نەدەزانی بەڵام پەیوەندی راستەو خۆ لەگەڵ شاعیرەكاندا و بە زمانی بزوێنەری دەست و چاو ویا شیكردنەوە یا بەو زمانانەی كە هەردوو لێی شارەزا بوون، دەیتوانی ناوەڕۆكی شیعرەكان بكاتە ئیتالی بە هۆی ئەو پەیوەندیە توندەی لە نێوانیان دروست بوو بوو نازم حكمەت زۆر جار باسی گەلی كوردی دەكرد بۆ لوسوو ئەمەش زۆر بوە هۆی ئەوەی ئەم خانمە زۆر بە تەنگی ئەم مەسەلەیەوە بێت بۆیە بریاری دا گەشتێك بكات بۆ كوردستانی باشور كوردستانی عیراق، بۆ ئەوەی لە نزیكەوە ئاگاداری خەباتو بزوتنەوەو كولتوری ئەم گەلە بێت لە مانگی

١٩٦٤/٣ دەگاتە عیراقو دەیەوێت بە شێوەیەکی فەرمی سەردانی کوردستان بکات پاش ئەوەی هەندێك زانیاری بە دەستدێنێت بۆی دەردەکەوێت کە تەنها حکومەتی بەغداد یا سەرۆك کۆمار یا وەزیری ناوخۆ دەبێت رێی پێبدات بۆ ئەم مەسەلەیە ئەمیش هەوڵدەدات بۆ بینینیانو لە کۆتایدا وەك خۆی باسی لێدەکات عبدالرحمن عارف برای سەرۆکی کۆماری ئەو کاتە دەبێت لەو کاتەدا وەزیری ناوخۆ دەبێت دەبینێتو پێی رادەگەیەنێت کە ئەو لە ئیتالیاوە هاتووە دەیەوێت بێتە کوردستان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە هەندێ لە شاعیر و رۆشنبیرەکانی گەلی کورد بناسێ، بەڵام لە راستیدا دەیویست بچێتە ناوشۆڕش و پێشمەرگەوە، ئەویش زۆر سەری سور دەمێنێت لە چۆنیەتی هاتنی ئەم خانمەوە وە بە تەنها دەیەوێت بەم گەشتە هەڵسێت هەر چۆنێك بێت قەناعەتی پێ دێنێت و مۆڵەتی ئەوەی دەدات بێتە کوردستان و بە ئۆتۆمبیلێك لە بەغدادەوە بەرەو کوردستان دەکەوێتە رێ و دەگاتە سلێمانی لەوێوە دەچێتە سەر چیاکان و لە ناو پێشمەرگەکاندا ماوەی چەند رۆژێك دەمێنێتەوە و چاوی بە مام جەلال دەکەوێتو زۆر خۆشحاڵ دەبێت و پاش ئەوەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ ئەو تەواو دەبێت و دەبێتە شایەتحاڵی چەند رووداوێکی کۆمەڵایەتی لەسەر کێشەی زەوی و زار کە ئەو سەرکردە لاوەی ئەو کاتە چارەسەری دەکات، داوا دەکات کە مەلا مستەفاش ببینێت و پێی رادەگەیەنن کە بەرێزیان لە رانیەیە دەچێت لە رانیە ئەویش دەبینێت و بۆ ماوەی ٣ سێ رۆژ دەمێنێتەوە پاش گەڕانەوەی ئیتر




**لوسوو لە گەشتەکەیدا بۆ کوردستان مانگی ٣/ ١٩٦٤ لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە**



**بەخشینی مەدالیای برۆنزی پلە دووی سەربازی پێبەخشرا بە هۆی خەباتی دژە فاشیزم**

دەبێتە دۆستێکی گەورەی گەلی کورد و بزوتنەوەو کولتوری کورد لە هەموو مناسەبەتێکدا باسی گەلی کورد دەکات.

نووسەری ئەم دێڕانە هەلێکی بۆ رەخسا کە ئەم خاتوونە بناسێ لە شاری رۆما لە کاتێکدا پەیوەندیمان پێوەی کرد کە خوێندکارە کوردەکانی ئیتاڵیا بە تەمای خۆپیشاندانێك بوین لە شاری رۆما بەرامبەر بە نوسینگەی هێڵی ئاسمانی عیراق ئەمەش بە هۆی بۆمبارانە کیمیاویەکەی شاری هەڵەبجەی شەهید بوو لە مانگی ۱۹۸۸/۳و خۆپیشاندانەکەش لە سەرەتای مانگی ۱۹۸۸/٤ خاتوو لوسو سەرەرای بەساڵا چونی و زۆری بەتەمەنی لە شاری **Ascoli** کە چەند سەد کیلۆمەترێك لە رۆماوە دوورە هات و بەشداری خۆپیشاندانەکەی کرد، ئێمەش چاوپێکەوتنێکی ڤیدیویمان لەگەڵیدا ساز کرد بەس بە داخەوە لە رووداوێکی هاتووچۆدا کاسێتەکە دەستی پۆلیسی ئیتاڵی کەوت نەدرایەوە، بەڵام خۆشبەختانە لەسەر کاسێتێکی دەنگ تۆمارم کردبووو تا ئێستا ماوە بۆیە وای بە باش دەزانم لە دەرفەتێکدا هەموو چاوپێکەوتنەکە بڵاوبکەمەوە کە زۆر بە وردتر باسی گەشتەکەی دەکاتو چۆنێتی چوونی لە بەغداوە بۆ کوردستانو جیاوازی کۆمەڵایەتی جلو بەرگ و ژیانی رۆژانەی دانیشتوای بەغداد و گوندەکانی سەر رێگاو لەگەڵ دانیشتوانی کوردستاندا، لە ساڵانی ۱۹۷۰ لوسو شێوەی بۆچونەکانی دەگۆڕێت لەگەڵ گۆڕینی هەل و مەرجی سەردەمەکەبەڵام پەیوەندیەکانی بە گەلی کوردەوە هەر دەمێنێت لەم چەرخەدا زیاتر خۆی خەریك دەکات بە بزوتنەوە ئاشتیە خوازەکان



و گلوبالیزمی و بەشداری چەندەها چالاکی دەکات لەو بوارانەدا و بە چاوێکی رەخنەگریەوە سەیریان دەکات، لە ساڵانی کۆتایی ژیانیشیدا زۆر خەریك بوو بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕەکانی لە نێو قوتابخانەکاندا و زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ خوێندکاراندا دەبردە سەرو لە رۆژی ١٩٩٨/١١/٤ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوتو کۆتایی بە ژیانی هات.

٨٦ ساڵ لە تەمەنی زۆربەی زۆری تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی گەلەکەیو گەلانی ژێر دەستەو پاش خۆی بە دەیان پەرتووکی جێهێشتووە و بە دەیان دیوانی شیعری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئیتالی و سەدان ووتار و سیمینارو چاوپێکەتنی ساز داوەو هەروەها گەشتەکانیش بەرەو ئەو وولاتانە

بۆیە منیش لێرەوە هیوادارم کە لایەنە بەرپرسەکان و ناوەندە کولتوریەکان ئاورێك بدەنەوە لەم کەسانە کە چەند سوود مەند بوون بۆ کێشەکەمان و لە چەندەها شوێن و ناوەندا کێشەکەمانیان دەرخستوو بۆ ئەوەی ئێمەش وەفاداری خۆمان نیشان دەین بۆیان، دەڵێم بە داخەوە نموونەیان زۆر کەمەو تا لە ژیاندا بوون هیچمان نەکرد بۆیان، دەبا لە پاش ژیانیاندا ئاوڕێکیان لێ بدەینەوە سەری نەوازیشیان بۆ دانەوێنین.

**عبد الجبار مستەفا باخەوان**
**کەرکوك ٢٠١٣/٩/٩**

# چاوپێکەوتنی جۆیس لوسو Joyce Lussu لە ڕۆما

لە سەرەتای مانگی ١٩٨٨/٤ خوێندکارانو هێزە سیاسیە کوردستانیەکانی هەندەران لە ئیتالیا خۆپیشاندانێکیان ڕێکخست لە شاری ڕۆما پایتەختی ئیتالیا دژ بە ڕژێمی عیراق بە هۆی بۆمباران کردنی شاری هەڵەبجەی شەهید بە چەکی کیمیاوی یەکێك لە ئامادە بوانی خۆپیشاندانەکە خاتوو جۆیس لوسو بوو کە چەند سەد کیلۆمەترێکی بڕیبوو بەتەمەنی ٧٦ ساڵی بەم بۆنەیەشەوە ئەم چاوپێکەوتنەمان ساز کرد لەگەڵیدا.

بەڕێز خاتوو لوسو وەك دەتوانم بڵێم یەکەم خانمی ئەوروپی بوویت هاتۆتە کوردستان کە دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ١٩٦٤/٣ بیرەوەریەکانت چین کە لەو گەشتەدا ماونەتەوە بۆتان؟

کوردستان لەو کاتەدا و تا ئێستاش بە شێوەیەکی گشتی نەناسراو بوو بەڵام ئەو کاتە زۆر لە ئێستا خراپتر بوو وولاتانی ڕۆژئاواش بە دەنگیەوە نەدەهاتن، بەڵام من زۆر بە تەنگ کولتوری کوردیەوە دەهاتم، کولتورێکە لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە بۆ ناسینی کولتورو ئەدەبی کوردی ویستم سەردانی کوردستان بکەم بەڵام لە مەش گرنگتر ئەوە بوو کە لە نزیکەوە بزوتنەوەی بەرگری خەباتی گەلی کورد بناسمو زانیاری زیاترم لەسەر هەبێت

کە ئەوروپا و جیهانیش پشتگۆیان خستبو، بۆچی پشتگۆ کرابوون؟ تەنها لەبەر ئەوەی گەلێکن داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن بۆ ژیانێکی باشترو سەربەخۆ کەواتا چووم بیانبینم بە چاوی خۆم بۆ ئەوەی بزانم کورد کێن ؟.... پێش گەشتەکەم زۆر زانیاریم بە دەستهێنا لەسەر کورد بە تایبەتی مێژوویان و خاڵە دراماتیکیەکەیان لە عیراقدا پاش ئەوەی ڕژێمی قاسم شەڕی سەپاند بەسەریاندا کە لە دەستپێکردنی حوکمەکەیدا بەڵێنی دابوو مافە ڕەواکانیان بدات بەڵام لە ناکاو هێرشی کردە سەریان و جەنگی دژیان بەرپا کرد.

پاش ڕوخاندنی قاسم لەلایەن عارفەوە هەر وەك ئەو دژ بە کورد کاری دەکرد و دانی نەدەنا بە مافە ڕەواکانیان پاش ئەوەی بڕیارم دا بچم بۆ کوردستان هەموو ئەو کەسانەی نزیکم بوون سەریان سوڕما لەم هەوڵەی من بۆ چوونم بۆ کوردستان دەبێت لە عیراقەوە بێت بۆیە چوومە بەغداد چاوم بە بالیۆزی ئیتالی کەوت و پێم ڕاگەیاند کە مەبەستمە بچمە کوردستان، ئەویش بە هەمان شێوە زۆر ئامۆژکاریمی کرد کە نەچم و یا هەر ناتوانم بچم من سوور بووم لەسەر چوونەکەم و بە شێوەیەك

ئاگاداریم کردەوە کە دەچم بۆ ناسینی کولتوری کوردی لە کۆتاییدا ووتی دەبێت مۆڵەتت هەبێت لەلایەن حکومەتی عیراقەوە تەنها کەسیش ئەو مۆڵەتەت بداتی وەزیری ناوخۆی عیراقیە چوومە لای وەزیری ناوخۆ کە ئەو کاتە براکەی عارف بوو[١] وەك هەموو کەسەکانی تر زۆری پێ سەیر بوو ژنێکی ئیتالی دەیەوێت بچێت بۆ کوردستان بە هەر حاڵ مۆڵەتی داپێم کە بچم بۆ کوردستانو کە پێم راگەیاندبوو تەنها بۆ ناسینی ئەدەبو شیعری کوردی دەچم و شاعیرە کوردەکان ببینم کە زۆر لێهاتوون[٢].

لە عیراقەوە[٣] کەوتمە رێ بەرەو کوردستان، گۆڕانکاریەکی زۆرم بینی و سەرنجی راکێشام کە گەیشتمە کوردستان چونکە هەموو شتەکان بەرەو گۆران دەچوون، لە عیراقدا شێوەی جلو بەرگی ئافرەتان هەمووی رەش بوون دەمو چاویان داپۆشی بوو زەویەکانیان ووشك بوو بە زۆری خەڵکەکە دڵ تەنگ بوون و لادێکان پرشو بلاو بوون بە پێچەوانەوە لە کوردستان ژنەکانیان جلو بەرگی رەنگاو رەنگیان لەبەر دابوو بە نەخشی گوڵو پشتێنی جوان و زەویان هەموو کێڵرابووو سەوز بوو رەنگو رووی دانیشتوان زۆر کراوە و بە پێکەنین بوون و خێزانەکان زۆر دڵشاد بوون و ژنەکانیان دەمو چاویان کراوە بوو دانەپۆشرابوو، بۆ یەکەم جار پێشمەرگەم بینی بە جلو بەرگی کوردیەوە و دەستەیەك گوڵی نێرگزیان پێم دا کاتی بەهار بوو بۆیە گوڵی نێرگز جۆرە گوڵێکە لەناوچەی کوردستان زۆر هەیە و سروشتیەو بۆنێکی زۆر تایبەت و ڕەنگێکی جوانی هەیە و لەبەهاردا هەیە،

پێشمەرگەکان بردمیان بۆ سلێمانی و[٤] لەوێ چاوم بە تاڵەبانی کەوت، ئەو کات مەلا مستەفا بارزانی لەناوچەی رانیە بوو داوام کرد چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مەلا مستەفابارزانیش بکەم، چونکە ئەم دوانە دوو ڕووی بزوتنەوەی شۆرشی کورد بوون لەو کاتەدا، ڕووی ترادیزیۆنال بارزانی، مۆدێرنیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سۆشیالیستی تاڵەبانی بوو بەم بۆنەیەشەوە چووم بۆ رانیە کە بۆ من مغامەرەیەکی تر بوو و زۆربەی رێگاکانم بە پێ کرد تا گەیشتمە رانیە لەوێ جیهانێکی ترم بینی ترادیزوینالی، ژنان هەمووی لە ماڵ بوون تەنها پیاوم بینی سێ (٣) رۆژ لە میوانداری مەلامستەفا بارزانی بووم و چاوپێکەوتنم لەگەڵ خۆی و سەرکردە و پیاوە دەسەڵاتدارەکانی، پاشان گەرامەوە لای تاڵەبانی کە دەتوانم بلێم کولتورو بۆچوونەکانی ئەو زۆر لەمنەوە نزیکتر بوون لە بۆچوون بۆ تێڕوانینی جیهان و سیاسەتە مۆدێرنەکەی و کولتور و بەڕێوەبردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانیان لەگەڵ تاڵەبانی زۆر گەڕام لە ناوچە رزگار کراوەکاندا زۆر رووداوم بینی یەکێك لەوانە گیرو گرفتی زەویو زار بوو لە نێوان خاوەن زەوی (ئاغاکان) و جوتیارە

هەژارو بێ زەویەکان کە خۆی لە کۆبونەوەیەکی گشتی دەبینی لە نێوان ئەم دوو چینەدا جوتیاری هەژار و خاوەن زەویەکان ئاغا یان دەرەبەگەکان و پێشمەرگەکان کە ئاگاداری ئاغاکانیان کردبووە بۆ ئامادە بوونی کۆبونەوە زۆر بە ترس و لەرزەوە دەهاتن دەترسان لەوەی سزا بدرێن یا بکوژرێن لە لایەن پێشمەرگەکانەوە بەڵام بە پێچەوانەوە زۆر بە شێوەیەکی حەزاری و سیڤیل کێشەکان چارەسەر دەکران بە ئاغاکانیان رادەگەیاند ئەو پارچە زەویانەی خۆتان دەکێڵن هەر بۆ خۆتان دەمێنێتەوەو ئەوانەی کە خۆتان نایکێڵن دابەش دەکرێت بەسەر جوتیارە هەژارەکاندا بەم شێوەیە کۆتایی هات بە کۆبوونەوەکە هەموو لایەك رازی بوون و هیچ خوێن رشتنیشی تێدا نەبوو لە کۆتاییدا بە ئاهەنگێکی شیعر تەواو بوو کە شاعیرێك چەند پارچەیەکی دەخوێندەوە بە ئاشتیانە هەمووی کۆتایی پێ دەهات بەم شێوەیە چەندەها رۆژم بردە سەر لەگەڵ تاڵەبانی و لەو شوێنە شاخاویە زۆر جوانانەی کوردستانو کۆمەڵگاکەی کە زۆر سیڤیلن ئاشتیخوازن، ئیش کردن زۆر ڕوو خۆشو زۆر ئاگاداری مانەوەی کولتورەکەی خۆیانن بۆیە دەبێت لە لایەن کۆمەڵگای جیهانیە بیانپارێزنو ئاگاداریان بن.

پ/ هەڵسەنگاندنت بۆ گەشتەکەت و جیاوازی و گۆڕانکاریەکانی بەسەر بزوتنەوەی کوردی ئەو کاتو ئێستا چۆنە؟

و/ لەم ساڵانەی دوواییدا زۆر بە دوای کێشەی کوردەوە چووم بە تایبەتی کوردستانی تورکیا ئەمەش لە ڕێگای چەند برادەرێکی تورکەوە بە تایبەتی شاعیری بەناوبانگی تورکی نازم حکمەت کە زۆر برادەرایەتیم هەبوو لەگەڵیدا و یەکێکە لەو کەمە کەسە تورکانەی کە زۆر باسی چەوسانەوەی کوردی دەکرد لە تورکیا زۆر لە نووسەرو شاعیرە کوردەکانی سوریام بینیوە هەروەها ئەوانەی عیراق و ئێرانیش زۆر هەوڵم داوە بە گوێرەی توانای خۆم کۆمەکی گەلی کورد بکەم بە پەیوەندیەکانم بە لایەنە سیاسی و سەندیکاکان و میدیاکانەوە، بەڵام زۆر بە داخەوە جینۆساید هەر بەردەوام بوو دژ بە گەلی کورد لەبەر چاوی وڵاتانی ئەوروپاو جیهانەوە ٢٠[٥] ملیۆن کورد لە ژێر چەوسانەوەو جینۆساید ئەگەر چی ٢ ملیۆنیش بن خۆ مافی ژیانیان هەر هەیە ئیتر هیوادارم بتوانین شتێك بۆ گەلی کورد بکەین چونکە شایانی ژیانێکی خۆشو ئازادی هەیە.

**عبد الجبار مستەفا باخەوان**
**سەرەتای مانگی ١٩٨٨/٤**
**رۆما - ئیتاليا**

## تێبینی:

١- سەرۆك كۆماری ئەو كاتە عبدالسلام عارف بوو بەڵام وەزیری ناوخۆ براكەی نەبوو بەڵكو رەشید مصلح بوو لە وەزارەتی تاهر یەحیا.

٢- هەڵبەتە كارو گەشتەكەی خاتو لوسو ئاسانتر بوو بۆ گەیشتنی بۆ كوردستان، چونكە لەو كاتەدا گفتو گۆ لە نێوان رژێمی عیراق و بزوتنەوەی رزگاری خوازی كوردستان هەبوو كەواتا شەڕو پێكدادان نەبوو ئەمەش كار ئاسانیەك بوو بۆی كە لە چاوپێكەوتنەكەدا ئاماژەی پێنەداوە بۆیە بە باشمان زانی ئاماژەی پێ بدەین.

٣- مەبەستی لە بەغدایە چونكە بە بۆچوونەكەی ئەو لەو كاتەدا و ئێستاش دوو شتی جیاوازن

٤- هەڵبەتە مەبەستی لە ناوچە رزگار كراوەكانی ئەو كاتەی سلێمانی بوو چونكە تاكو ئەو كاتەش باڵی مەكتەبی سیاسی بە یەكجاری دانەبڕابوو لە مەلا مستەفا.

٥- ئەو كاتەش كەواتا ساڵی ١٩٨٨ ژمارەی دانیشتوانی كورد لە جیهاندا نزیكەی ٣٠ سی ملیوێن دەبوو بە بۆچونی زۆر لە دیمۆگرافناسەكان.

# لاوره شرادەر Laura Schrader

نووسەرو رۆژنامەنووسی ئیتالی دانیشتوی شاری تۆرینۆیە لە سەرەتای هەفتاکانەوە خەریکە بە پرسی گەلی کوردەوە سەردانی کوردستانی کردووە چاوپێکەوتنی لەگەڵ زۆربەی سەرکردە کوردەکانو کەسە بەناوبانگەکان کردووە چ لە بواری سیاسیدا یا کولتوریو رۆشنبیریدا بە سەدەها وتاری بلاوکردووەتەوە لەسەر رۆژنامەو گۆڤارە ئیتالیەکان هەروەها ژمارەیەك پەرتووکی نووسیوە لەسەر مێژووو بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە هەموو پارچەکاندا بەشداری لە سەدەها سمینارو کۆڕو خۆپیشاندان سەبارەت بە مەسەلەی کورد کردووە چ لە ئیتالیاو چ لە وولاتانی ئەوروپای رۆژئاوا هەروەها رۆڵی سەرەکی هەبووە لە دامەزراندنی چەندەها کۆمیتەو رێکخراوی رۆشنبیریو کۆمەکردنی کورد.

## گەشتێك بۆ کوردستان:

نووسەرو رۆژنامەنووسی ئیتالی دانیشتوی شاری تۆرینۆیە لە سەرەتای هەفتاکانەوە خەریکە بە پرسی گەلی کوردەوە سەردانی کوردستانی کردووە چاوپێکەوتنی



لاوره شرادەر لە قەڵادزێ ١٩٩٢

لەگەڵ زۆربەی سەرکردە کوردەکانو کەسە بەناوبانگەکان کردووە چ لە بواری سیاسیدا یا کولتوریو رۆشنبیریدا بە سەدەها وتاری بڵاوکردووەتەوە لەسەر رۆژنامەو گۆڤارە ئیتالیەکان هەروەها ژمارەیەك پەرتووکی نووسیوە لەسەر مێژووو بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە هەموو پارچەکاندا بەشداری لە سەدەها سمینارو کۆڕو خۆپیشاندان سەبارەت بە مەسەلەی کورد کردووە چ لە ئیتالیاو چ لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا هەروەها رۆڵی سەرەکی هەبووە لە دامەزراندنی چەندەها کۆمیتەو رێکخراوی رۆشنبیریو کۆمەکردنی کورد.

## پاش گەڕانەوە:

دەستی کرد بە نووسینی پەرتوکێك بە ناونیشانی لەسەر رێگاکانی کوردستان(**Sulle Strade del Kurdistan**) کە بە شێوەیەکی فراوان باس لە گەشتەکەی دەکات بۆ کوردستانو بە درێژی باس هەموو شوێنەکان دەکات کە پێیدا چوو لەگەڵ کێدا دوواو چاوپێکەوتنەکانی لەو کاتەدا ئەم پەرتوکەی لە ساڵی ١٩٩٨دا بڵاوکردەوە چەند کتێبو نامیلکەی تری بڵاو کردۆتەوە سەبارەت بە کێشەی کورد.

## شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس :

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٨ شاعیری گەورەی کورد خوالێخۆشبوو شێرکۆ بێکەس بۆ ماوەیەك سەردانی ئیتالیای کردو ماوەیەکیش لە شاری تۆرینۆ بوو هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ ناساندنی بەڕێزیان بە خەڵکی ئیتالی بۆیە چەند کۆڕێکی شیعریمان



**لاورە و نوسەر لە یەکێك لە کۆڕە شیعریەکانی بێکەس لە تۆرینۆ ٩/١٩٨٨**


بۆی ئامادەکرد کە پێویست بوو شیعرەکانی وەرگیردرێتەوە سەر زمانی ئیتالی خاتوو لاورە هەوڵێکی زۆری لەگەڵماندا ژمارەیەکیش لەو شیعرانە کرانە ئیتالیو لە کتێبەکەی لەسەر ڕێگاکانی کوردستان بەشێکی زۆری بلاوکردەوە پێش ئەوەش کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئیتالیا وەك نامیلکەیەك لە ژێر ناونیشانی هاوارێك بۆ ئازادی (Grido per la liberta) بلاوکردەوە هەروەها خاتوو لاورە چاوپێکەوتنێکی رادیۆیی ساز کرد بۆ بێکەس لە شاری تۆرینۆو لە زۆربەی کۆڕە شیعریەکانیدا ئامادە دەبووو کوڕەکەی سەرپەرشتی دەکرد.

## نووسراوەکانی:

سەرەڕای ئەو پەرتووکەی لای سەرەوە چەند پەرتوکێکی تری نوسیوە دەربارەی کوردو کوردستان لەوانە:

(Canti d'amore e di liberta del popolo Kurdo)

گۆرانیەکانی خۆشەویستیو ئازادی گەلی کورد روما ١٩٩٣ کە چەندەها شیعری شاعیرە بەناوبانگەکانی کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئیتالی لەو پەرتوکەدا کۆیانی کردووەتەوە.




(I Fuochi del Kurdistan _ La guerra del popolo kurdo in Turchia) ئاگرەکانی کوردستان جەنگی گەلی کورد لە تورکیا روما ١٩٩٥

(il Diritto di Esistere)مافی بوون - تورینۆ - ١٩٩٩.

ئەم پەرتوکانەی لای سەرەوە بە گشتی باسی مێژووی کولتوری گەلی کورد دەکەن بە تایبەتی کوردستان باشور - عیراق، ) و کوردستانی باکور (کوردستانی بەشی تورکیادەکەن. هەروەها نامیلکەیەکی تری نووسیەوە بە ناوی کوردستان، کە لە شاری تورینۆ بلاو کرایەوەوو جائیزەی شیعریی نامیلکەی وەرگرت لە ساڵی ١٩٨٣ وە لە ئاهەنگێکی گەورەدا پێی سپێردرا، خاتوو لاورە تا ئێستا لە ژیاندا ماوەو هەموو کاتێك سەرقاڵی کێشەی کوردو کوردستانەو لە هەموو پارچەکانیدا چ بە پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوەکانەوە بێت، یا بەشداری لە کۆبونەوەو سمینارەکاندا

یا سەردانی قوتابخانەکان دەکات کە داوای لێ دەکرێت بۆ لێدوان لەسەر گەلی کوردو هەروەها بەردەوامیشە لە نووسینی ووتار لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارە ئیتالیەکان.

هیوای تەمەنێکی درێژی بۆ دەخوازینو بەردەوامی لەسەر ناساندنی گەلی کورد بە جیهان.

**عبدالجبار مستەفا باخەوان**
**کەرکوك ٢٠١٣\١٠\٢٥**



لاوره لەگەل لەیلا زانا ئیتالیا



لاوره لای چەپەوە لەگەل مام جلال ئیڤرەیا- ئیتالیا ١٩٩٤ و خاتوو بیانکە لە شاری ئیڤرەیا- ئیتالیا

# لاوره شرادەر(١)

## ١٩٧٥ سەرەتای دەنگ وباسی تراجیدیای کورد

زۆر سەرم سورمابو بەو کارەساتانەی بەسەر گەلی کوردا دەهات لە باشوردا لە ١٩٧٥ ئەو کاتەی خیانەتیان لێکرا لە لایەن هینری کیسینجەرەوە زیری دەرەوەی ئەمریکای و شای ئیرانی ئەو کاتە بەریوەبەری گۆڤارێکی جوگرافی بووم و هاوکاربووم لە بڵاوکردنەوەی نوسینی مێژوویی - جوگرافی؛ لەو گۆڤارەدا سەرەتاکانی نوسراوەکانم بوون لەسەر کورد، هەر بەم هۆیەوە لە چەند ساڵی داهاتودا هاوکاری رێکخراوی لێبوردنی جیهانیم دەکرد (Amnesty International) کە دامەزرێنەکەیانم دەناسی ودەستم کرد بە نوسین لەسەر مەسەلەی کورد بە شێوەیە کی تایبەتی کە لە ئیتالیا پشتوی خرابوو.

## ١٩٧٩ چاوپێکەوتن لەگەڵ کوردانی ئیتالیا

لە ١٩٧٩ دوو ٢ هونەرمەندی کوردم ناسی هاتبونە ئیتالیا بۆ خوێندنی هونەر لە ئەکادیمیای فلۆرەنسا بە ناوی (ئازاد نانەکەلی و بهائەددین احمد هەردوکیان خەڵکی سلێمانی بوون١)یە کێکیان برایە کی لە ژێر ئەشکەنجە شەهید بوبو لە بەندیخانەیە کی رژێمی عیراق.

زۆر سەرم سور ما لە شێوەی ژیانی ئەو دوو هونەرمەندە لە گەڵ کارەساتی بەسەر هاتووی گەلەکەیان. دەیانتوانی هاوژین بن لەگەڵ ئازاری بێ سنور و دەربرینی لە رێی هونەری نەخشەکێشانەکەیان ئەمەش بە کاری زۆر هەست جولێنەر و پر لە هەست.

لەو رۆژانەدا هێرشی خومەینی لە ئێرانیش دژ بە کورد دەستی پێکردبوو، وێنەی دەیان هاولاتی کوردمان دەبینی کە رەمی دەکران و لە سێدارە دەدران و کە زۆر بە شانازی و غیرەتەوە بەرەنگاریان دەکرد، لەم حالەتەشدا دەمبینی ئەم کارەساتانە دەردەکەوتن لەکارەکانی ئەم دوو هونەرمەندە کە بۆ یادکرنە وە یە کی دلتەزێن ئەو کارە هونەریانەیان دەکێشا بۆ شەهیدانی شاری سنە

رژێمی سەدام پەساپۆرتی ێکێکیانی سەندبوەوە، لەگەڵیا چوم بۆ بالیۆزخانەی عیراقی لە رۆما بۆ ئەوەی نەك خۆشی بگرن رەوانەی عیراقی بکەنەوە و لەناوی دەن. پەساپۆرتەکەیان بۆ نەگەراندەوە، هونەرمەندەکەی فلۆرەنسا بێ پەساپۆرت گەرایەوە، دەمتوانی ئازاری تێبگەم، دەیویست بخوێنی خۆی بژێنێ لە وڵاتێکی نامۆدا.

لە ناخەوە هەستم بە ئەوپەڕی نارەوایی ئەکرد بەرامبەر بەو ستراتیژی یە جێۆپۆلیتیکەی کە ئەیان ویست شوناسنامەی هەزاران ساڵەی گەلێکی خاوەن کولتووری جیاواز بسرنەوە لەلایەنی نەتەوەی سەر دەستەلات کە پارچە جیاوازەکانی کوردستانیان تیا دابەش کراوە.

لە ئیتاڵیا بۆ دەیان ساڵ کارەساتی مەسەلەی گەلی کورد فەرامۆش کرابوو، لەلایەنی راگەیاندنو رامیاری یەوە. وا بڕوام ئەکرد کە پێویستە پشتگیریو پێناساندن بکرێ.

تەنیا شەڕی بەرگری کردن بە تەنیا بەس نی یە بەڵکوو پێویستە کوولتوورە هەزاران ساڵانیەکەی ئەم گەلە هەرە دێرینە بناسێنرێ بوونی زمانێکی تایبەتی کوردی و کولتوورێکی بەلای منەوە هەتا ئێستاش یارمەتیدەرێکی رامیاری بنەڕەتی یە هەر لەو سەردەمەوە کارەکانی خۆم تەرخان کرد وەکوو رۆژنامەنووسێ بۆ

ناسینی کێشەی کورد بۆ ئەم مەبەستەش بە خۆڕایی هاوکاریم لەگەڵ زۆربەی ئۆرگانەکانی راگەیاندنە گچکەکانی تر کرد ئەگەرچی ئەمانەش خاوەنی شکۆ بوون جگە لەوەی بۆ ماوەی ١٠ ساڵا بە شێوەیەکی ئاسایی هاوکاریم لەگەڵ رۆژنامەی ئل مەنیفێستۆ ـ IL Manifesto ـ کرد لەسەر مەسەلەی گەلی کورد.

لەسەر مەنیفێستۆ کە ئاگاداری بەردەوامی راپەڕینی کوردەکانی عێراق بووم لە ساڵی ١٩٩١دا لە ناو رۆژنامەکەدا گروپێکی پاڵپشتکەری رژێمی سەدام هەبوو کە لەلایەنی ستیفەنۆ کیارینی Stefano Chiarini یەوە بەڕێوە ئەبرا توانی قەدەغەی نووسینم بکا لەسەر کوردەکان بەردەوام بووم لەسەر نووسین لەسەر پارچەکانی تری کوردستان بە تایبەتی تورکیا.

تا ئەو دەمەی سەر نووسەرێکی ناوەوە جولیانە زگرێنە ـ Giuliana Sgrena ـ ووتی ئەیەوێ خۆی ئەو بابەتە بگرێتە ئەستۆ بۆیە هەر زوو چیتر لەسەر کورد نەقسە نەکرا لە تورکیا لە بیرمە کاتێ لێپرسراوێکی ERNK لە رۆما پێی ووتم :

(بۆچی زگرێنە ئەوەندە بەرهەڵستی ئێمەی کورد ئەکا؟).

## لە ساڵی ١٩٨٠ ـ پشتگیری لە پارتەکان‌و بزووتنەوە کورد یەکان

بە شەخسی پاڵپشتی کردنم هەڵبژارد بە گوێرەی تووانام پارتەکان‌و بزووتنەوەکەی هەر پارچەیە لە پارچەکانی کوردستان دا هەر لە سەرەتای چالاکیەکانم دا لە ساڵی ١٩٨٠ دوای کوودەتاکەی تورکیا، لەگەڵ لێپرسراوە کوردەکان لە هەندەران چاوپێکەوتنم رێکخست بە تایبەتی لەگەڵ پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیاو توانیم چەند پەرلەمانتارێکی ئەوروپایی تێ بیگەیەنم لەسەر مەسەلەی کوردلە ساڵی ١٩٨١دا بە پەرلەمانتارو بەرپرسیارانی پارتەکان‌و سەرۆکی هەرێمی پێیمۆنتی‌و ـ Piemonte فەرمانڕەواکانی ناوخۆدا، شاندێکی ئافرەتانی بەرگری کورد سەر بە مقاومەی یەکێتی puk.نازەنین‌و بەیان لەگەڵ ئەحمەد بامەڕنی کە هاورێتنیانی دەکرد ناساند، لە بیرمە کە چەند بە سۆزو هەستەوە پێشکەشیانم کردن‌و هەرگیز لە بیرم ناچنەوە.هەروەها لە دووایش دا سەرکردەکانی تریش هاتن بۆ تۆرینۆ بۆ نموونە:

عومەر شێخ مووس‌و خێزانەکەی ئەنێیتە ـ Agneta ـ و جەلال تاڵەبانی و ناوشیروان مستەفا و چەند سەرکردەێکی تریش.

بەلای منەوە کێشەی کورد تەنیا یەکێکە لە ململانێ نێوان پارتە کوردەکان بەستراوەتەوە بە هەڕەشەو مەرجە هەرە گرانەکانی کە کەوتوونەتە ژێریەوە لە لایەنی فەرمانڕەوایەتی ئەو رژێمانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

زۆر لە پارتە جیاوازەکانی کوردستان بە پارتە کۆمۆنیستەکانیشەوە کە هەبوونو هەن لێپرسراوەکانیان لە ئیتاڵیاو ئەوروپا چی پیاوانو چی ئافرەتان کە من زۆر ڕێزیان ئەگرم لە ناخەوە زۆریش بە داخەوە بوومو ئازارم ئەخوارد بەرامبەر ئەو شەڕەی براکووژی یەی نێوان یەکێتی نیشتمانی (puk)و پارتی دیموکرات (pdk)و یەکێتیو پەکەکەو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (pdk)و کۆمەڵە هەڵوێستم وەرنەئەگرت نە لەگەڵو نە دژی ئەمو ئەو بەڵام هەوڵم ئەدا پاڵپشتی بۆ لایەنی خۆم لە دەرخستنی راستیو هۆیەکانی بەرهەڵستی لە ووتارەکانم دا دەربخەم.

بەلای منەوە لە دایك بوونی بەرەی کوردستانی عێراق رووداوێکی زۆر گرنگ بوو هەروەها بەرەی یەکگرتوویی لە تورکیاش دا، ڕووداوەکانی ژیان منیان بە تایبەتی لەگەڵ بەرپرسیارانی یەکێتی نیشتمانی puk و ڕێکخراوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دا - ئاکسا - بە یەك گەیاندو لەگەڵ (pkk) پارتی کرێکارانی تورکیا بەڵام هاوکاریم کرد لە ناسینی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقیش لە ئیتالیاو ڕێکخراوە خوێندکاریەکەیان Akse. ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپاو) پارتی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران pdk لە بیرمە ئەو ووتارو دەست پێشخەری یانەی بە بۆنەی تاوانە بۆ شەرمەکەی دژی قاسملوو لە ڤینا کرا بە چاوپێکەوتنەکانم هەروەها کۆمەڵەشم ناساند هەوڵم دا لە هۆیەکانی شەڕی برا کوژیو دژە هەڵوێستیان لەگەڵ حیزبی دیموکرات دا تێ بگەم.

دەربارەی تورکیا هەر لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٨٠وە هەوڵی ئەوەم دا پارتی سۆشیالیستی کورد بناسێنم بۆ نموونە یارمەتی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی سەرکردەکانیانم دا کە لە ئەڵمانیادا ئەژیانو ناوونیشانو پەیوەندی یان لەگەڵ سیاسیە ئیتاڵیەکان دا بۆ پەیدا بکەمو هاوکاریم لەگەڵ کۆمکار پەیدا کرد لەگەڵ فیدراسیۆنی سەندیکاکانی کورد لە ئەڵمانیا دا لە ڕاگەیاندنەکانیان دا دژی زڕانی مافی مرۆڤ لە تورکیا بە پێچەوانەی ڕژێمەکانی ترەوە کە کووشتاریان ئەکرد ئەوا ئەگەڕانو بەردەوام ئەبوون لەسەر کێشەی کوردو جیاوازی یە نەتەوەییو کوولتوورالی یەکانو هەتا ١٩٩٢ حاڵەتی داپڵۆسێنەری بەسەر ((Sud Est)) ی ئەنەتۆلیە دا بۆ ئەوەی بوونی گەلی کورد بناسێ لە ئارادا بوو کە ئەمەش حاڵەتێکی هاوتەریب و بێ مانا بوو جێگای تێنەگەیشتن بوو بە لای زۆربەی ئیتالیو لەو بڕوایەم ئەوروپایی یەکانیشەوە بە زۆر شێوەی جیاواز هەوڵم دا شکات لە سیاسەتی تورك بکەمو دەریبخەم هەوڵی پشتگیری هەمان دائیرەی ڕاگەیاندنی کوردستانم کرد لە ئیتالیاو کارەکانیان دا.

ناوی من دانرا بوو وەکوو - گەرانتێك - باوەڕ پێکراوەییەك - لە دامەزراندنی ئێستیتیۆنی پێشای Ernk. پاڵپشتیم کرد لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ IHD بە تایبەتی بنکەکانی ئەستەنبووڵو دیار بەکر KHrp کە بنکەکەی لە لەندەن بوو)و IHK&V (کە بنکە سەرەکی یەکەیان لە فرانکفۆرت بوو هاوکاریم کردووەو هاوکاری ئەکەم لەگەڵ کۆمیتەکان NGO ڕێکخراوی ناحکوومیەکان بە دەنگەوە هاتن لە هەموو ئیتالیا

لە ١٩٩٠ - ١٩٩٨ لەگەڵ کۆمیتەی کوردستان لە تۆرینۆ کە ڕێکخەر بووە کچەکەم ڤەلێریە شرادەر Valeria Schrader، هاوکاری ئەکردم لەگەڵ بەرپرسانی کوردستانو چاو پێ کەوتن ڕێك بخەم لەسەر بارودۆخی رامیاریو مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی ئەو کۆمیتەیەی کە کەوتە کار کردن بۆ بە دەست هێنانی مافی پەناهەندەیی‌و سیاسی لە جێگا جیاوازەکانەوە هاتبوونو پاڵپشتیان بە کاری شێوە یاساییو بە هاوکاری کردن لەگەڵ ریکخراوەکانی تریش دا وەکوو ASGDI ڕێکخراوی داد پەروەرانی دیموکراتیەکان، بەر هەڵستیو هەوڵی بەر هەڵست دانەوەی سیاسەتی راگەیاندنە ناسیۆنالی یەکان بکەمەوە کە pkk پارتی کرێکارانیان بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی لە ئەوروپا لەقەم دابو پێش ئەوەی ناوی پەکەکە بخرێتە) ناو لیستی (ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی ئەوروپاو ئەمەریکاوە وەکوو دیاری یەك بۆ تورکیا ئەمەش لە بنەڕەتەوە ناڕاستە و زەرەر لە کێشەی کورد ئەدا هەتا ئێستا گۆرانکاری بۆ دەرنەکەوتووە دوای ئەو ڕێکەوتنانەی ئەم دووایی یەو گواستنەوەی پێشمەرگەکانیان بۆ عێراق.

بەشداریم لە چاوپێکەوتنە ئینتەرناسیۆنالیەکان کردوە لە شێوەی رامیاریو کولتوری لە هەرە بەناوبانگە کانیان دا فرانکفۆرت - Frankfurt - (١٩٨١) پێروجە (١٩٨٤)، فلۆرە نسا Firenze (١٩٩٠). بروکسل (١٩٩٤) بۆن Bonnو لۆزانە (١٩٩٦)، پەلێرمۆ (١٩٩٧)، میلانۆ (١٩٩٨)، دووسێلدۆرف (١٩٩٨)و ڤێنیسیا (٢٠٠٠)، تۆرینۆ (٢٠٠١)، ترێستێ (٢٠٠١)، بۆڤێس (٢٠٠٢).

مێژوو کولتوورو خەباتی گەلی کوردم لە سەدان چاوپێکەوتن دا ناساندو لە زۆر جێگای جیاوازدا

لە بیرمە لەو کاتە تایبەتیانەی کە چاوپێکەوتنم ئەکرد کاتێ دەعوەت کرابووم کە کتێبەکانم پێشکەش بکەم لە دانیشگاو مەرکەزی کۆمەڵایەتیو NGO بە دەنگەوە هاتنو کتێبخانە گەورەکانو هۆڵەکانی رامیاریو کولتوری، قوتابخانەو، جێگا جەماوەری یەکانو هەروەها شارەوانی فلۆرەنسا کە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ لاورە شرادەردا لە کۆشکی شارەوانی بۆ نەورۆزی ٢٠٠٠ ڕێکخست بوو کە

بووە هۆی پەیدا بوونی دووانەیی نێوان شاری فلۆرەنساو شاری سلێمانی لەسەر دەست پێشخەری کارلۆ بۆلدرینی یەوە ئەتوانم بڵێم کتێبەکانم بە هیچ رێکلامێکی چاپخانەکانەوە دەورێکی باشیان هەبوو لە ڕووی فرۆشتنەوە ئەوەش بە هۆی خوێنەرانەوە ئەشبێ بەشێکی کەمیش بە هۆی پیشاندانی تەلەفزیۆنەوە بوو بێ بێ ئەوەی هیچ پاڵپێوەنانێکی پێوە نرابێ دووای تەواو بوونی شەڕی کووەیتو دەرفەتە هاو تەریبەکانی تر بەڵام بە زۆری ئەتووانرێ بووترێ سەرکەوتن بایەخی پێدانی زۆر لەو رێکخراوانە بوون کە ئەیان ویست مەسەلەی کورد بناسن منیش بەختەوەر بووم بەرامبەر بەوەی کە چەند دراوێکم دەست کەوت بە هۆی مافی نووسەری یەوە، کە بەخشیم بەو کۆمیتانەی بە دەنگەوە هاتن کە کاریگەر بوون بە شێوەیەکی کۆنکرێت لەگەڵ خەڵکی کوردا

هەروەها شتێکی تایبەتی شاگەشکەی کردم کە ئەمە بوو ئەو رێکخراوانەی کە خەریکی پەناهەندەیی رامیاری بوون بۆ کوردە ئاوارەکانی تورکیا پێیان ووتم کە زۆر لەوانەی کە گەیشتبوونە ئیتاڵیا لە گیرفانیان ناوونیشانی منیان پێبوو وا رێکەوت کە هەندێ لەوانە چاوم پێیا کەوت کە هاتنە تۆرینۆ لە بیرمە یەکێ لەو شەوانە تەلەفۆنێکم بۆ کرا کە ئافرەتێکی گەنج بەند کرا بوو لە کاتی گەیشتنیا بۆ نرگای شاری میلانۆ خووشکی یەکێك لە لێپرسراوانی Ernk بوو لە پاریس بۆ بەختی خۆم توانیم رێکخراوێکی میلانۆ کە خاڵی سوور بوو لە کۆتایی دا هەموو شتێ بە باشی تەواو بوو بۆ ئاوارەکە زۆر جار لەلایەنی کەناڵی ئاسمانی کوردی Med TVو دووایی Roj TV ،Medya TVو هتد.. چاو پێکەوتنم لەگەڵ کرا لە نیوەی ساڵانی نەوەتەکان لە ئیتالیاو لە بیرمە دەستەی TV دووجار هاتنە تۆرینۆ بۆ چاوپێکەوتن کردن لەگەڵم جارێکی تریش لە میلانۆ لە چاوپێکەوتنی Leyla Zana لە مانگی یەکەمی ٢٠٠١.

## ڕووداوە هەرە گرنگەکان:

لە ساڵی ١٩٨٢ لە فرانکۆ فۆرت بەشداری کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالی رێکخراوە خوێندکاری یەکانی کوردستانم کرد لە ساڵی ١٩٨٤ میوانداریو هاو رێگایی لێپرسراوانی پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیاو یەکێتی نیشتمانی کوردستانی عێراقم کرد لە سیمینارێکی هەرێمی ئوومبریە ـ Regione Umbria ـ

تەکنیکی بە کار نەهێنانی توونددو تیژی کە رێکخراوەکەی نینی مێنیکێتی Nini Menichetti بوو. لە ساڵی ١٩٨٨ دا پێش کەش کردنی شێرکۆ بێ کەس لە تۆرینۆو رێکخستنی سێ شەوانی پڕ لە سەرکەوتن لەلایەنی خەڵکی ئیتاڵی

یەوە بەو بۆنەیەوە بە هاوکاری لەگەڵ مەرکەزی خوێندنی Anna Kuliscioff دا نامیلکەیەکی بچکۆڵە لە شیعرەکانی بڵاو کردەوە کە وەرگێڕدارو بوون بە یارمەتی هاوڕێ کوردەکانو شاعیر خۆیەوە.

لە ساڵی ١٩٨٧و ١٩٨٨دا پێشکەش کردن لە پەرلەمانی ئەورووپایی لە ستراسبورگ.

لە پێشدا بەرپرسیارانی یەکێتی pukو لە دووایش دا سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی عێراق بۆ یەکەم جار بوو لە چوونە ژوورەوەیان دا لە مێژووی رامیاری کوردستان دا.

توانیبووم بایەخ پێدانی ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپی سەر بە پارتی دیموکراسی پرۆلیتاری یە ئەلبێرتۆ تریدێنتێ Alberto Tridente لە گرووپی ئەرچێنچال (Arcencial) بە دەست بێنم بە هاوکاری جەبار مستەفاو ئەحمەد بامەڕنی لەو بۆنانەدا بەشداریم لە پیاچوونەوەی مەلزەمەی بەندەکانی تاوانبار کردن دا کرد هی تریش بە دووای دا هاتن لە پەرلەمانی ئەورووپاوە دەرچوون کە تاوانباری چەوسانەوەی گەلی کوردیان ئەکرد لەگەڵ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن ڕژێمی ئەو کاتەی عێراقەوە.

لە یەکەم چاوپێکەوتن لە P.Eپەرلەمانی ئەورووپا لە سترەسبورگۆ ئەحمەد بامەڕنیم لەگەڵ بوو .

لە جاری دووەم دا سەرکردە هەرە گەورەکانی پارتە جیاوازەکانی کە بەرەی کوردستانیان پێك ئەهێنا لە عێراق لە نێو ئەوانەدا تاڵەبانی (puk)، زێباری (pdk)و ئەگەر بە خراپ لە بیرم نەبێ دکتۆر مەحموود عوسمان psk لە مانگی ٣ - ٤ ی ١٩٩١ دا پارە کۆکردنەوەیەکی گرنگ بۆ ئاوارەکانی کوردستانی خووارو

لە ساڵی ١٩٩١ دا رۆژ لە دوای رۆژ تەمەشای راپەڕینی کوردم ئەکرد بۆ رۆژنامەی ئیل مەنیفێستۆ.Il Manifesto ووتارەکانم زۆر کاریگەرییان کردبووە سەر جەماوەری خەڵكو لەگەڵ جەبار مستەفا فەتاح کۆمیتەی ئیتالیا کوردستان مان دروست کرد بانگەوازێکی کۆمیتەکەمان لەسەر رۆژنامەی ئل مەنیفێستۆ بڵاوکرایەوە کە بە سۆزە وەرگیرا زۆر رێکخراویش مەتێریالی مرۆڤایەتییان کۆکردەوە بە تایبەت ئەوەم لە بیرە کە رێکخراوی ئیتالیا - کووباو کۆمیتەی میلانێزی کە لەلایەن بەرێوەبەر پاولۆ هوتەر - Paolo Hutter - وە بەرێوە ئەبرا ئەو یارمەتیانە گەیەنرا بوونە ناو کامپەکانی تورکیاو ئێرانەوە بە یارمەتی کەسانی خۆبەخشەوە (volontari) یان بە رێگای بەرپرسارانی کوردەوە، لە بیرمە کە لە تاران لەگەڵ بەکر فەتاح پەیوەندیمان هەبوو.

لە ماوەیەکی کەم دا لەسەر حیسابی بانقی رەهەندی کوردی لە ئیتالیا، کە

کۆمیتەی کوردستان - ئیتالیا پارە ڕەوان کردنەکانی نیشان ئەکرد پارەیەکی هەرە زۆر گەیشت ٣٢٠ ملیۆن لیرەی ئیتالی، ئەمڕۆ ئەیکردە ١٦٠,٠٠٠ یۆرۆ کە باسی ٢٢ ساڵ پێش ئێستا ئەکەین لە بیرمە ئەو پارەیە دوای ماوەیەك لە بۆلۆنیا - Bologna -مەرکەزی ڕەهەندی کورد لەلایەنی بەرپرسیارێكو کەسێکی سیاسیو رۆشنبیری کوردستانی خووارو ڕەوانەی کوردستان کرا.

لە مانگی ١٢ ی ساڵی ١٩٩١ دا گەشتێ بە ناو کوردستانی خووارودا کە تازادەیەك رزگار کرابوو لە سەددام، بارە گام لە سلێمانی بوو لە وڵات دا چاوم بە زۆربەی بەرپرسانو سیاسیەکانو ئەدیبەکان کەوت بە تایبەتی یارمەتیەکی زۆر ئەدرام لە کاتی گوواستنەوەم دا چونکە رێگاوبان پڕ بوون لە بەفرو زۆر کەسایەتی سەرکردایەتی یەکێتی (puk)و (pdk) پارتی دیموکراتی کوردستانو پارتی سۆشیالیستو پێشمەرگەکانیا، (IL KSRO shelter) بە یەکێ لە ئەندامی خاوەن شەرەفی دانامو چەند پرۆژەیەکیان پێ سپاردم کە هاوکارییان بکەم لە ئیتالیا هەندێ لەوانە جێ بەجێ کران لەلایەنی (ئاچیکەوە( کە لەلایەنی کارلۆ بۆلدرینی یەوە بەرێوە ئەبرا یەکێ لەو پرۆژە جێ بەجێ کراوانە پرۆژەی نەخۆشخانە بوو ئەوەش سوپاس بۆ کۆمیتەی دووانەکردنی (Gemellaggio) ئیڤرەیەو قەڵادزە - کە ئەندامێکیانم هەر لە سەرەتای دامەزراندنیانەوەو بەشداری زۆرم لە کارەکانیانم کردوە نەخۆشخانەکە بنیات نرا بە هۆی (NGO) کە لە کوردستان کاریان ئەکردو زۆر سوپاسیش بۆ جەبار مستەفا کە لەسەر شوێنەکە وەکوو ئەندازیارێك کاری کرد.

## لە ساڵی ١٩٩٣ گۆرانی خۆشەویستیو سەربەرستی بۆ گەلی کورد

بە پێشەکی ئیبراهیم ئەحمەدەوە شیعری کوردی بە جەماوەرێکی هەر زۆر ناساند بۆ چاپدانی

چاپخانەی لە نیوتن کۆمپتونم La Newton Compton هەڵبژارد هەروەها هەر دانەی بە هەزار لیرە (Mille lire) کە تووانای پەخش کردنەوەیەکی بەرفراوانو خەڵکێکی زۆریشیان لەگەڵ دایە بۆ یەکەمجار خەڵکی ئیتالی بەڕاستی لەوە ئەگا کە کوردستان وا پێ زانرا بوو کە بێ شارنو تەنیا لە خەڵکی شوان پێکهاتوونو هەر وەکوو ئینسیکلۆپێدیای و ئینیتەرنێت فێرمان ئەکات خاوەنی کولتوری هەر کۆنی خۆیەتی، چاپخانەکە تەنیا پارەی وەرگێرانی ئەدا کە هاوکاری لەگەڵ هاوڕی کوردەکان دا هەبوو.



لاوره و د. عواتف ٩/ ١٩٩٣ تۆرینۆ

ئەو پارەیەش بە کۆمیتەی ئیڤرێیە - قەڵادزە سپێردرا لە لایەنی گراتسێللە برۆنزلینی بەڕێوە ئەبرا (GRAZIELLA Bronzini). تابلۆی بەرگی کتێبەکە لەلایەنی هونەرمەندی کورد سمکۆ تۆفیق وەکوو خەڵاتێ نەخش کرابوو بە بۆچوونی وانەدەرێکی دانیشگای - Siena - کە هاوڕێی گەلی کوردە لە چاپدانی گۆرانی خۆشەویستی زیاتر یارمەتی کێشەی گەلی کوردی دا لە چاو ئەو هەموو فیلمە پێتاندراوانەی تەلەفزیۆن لەسەر ڕاکردووەکانی ئاوارەکانی کوردە عێراقیەکان دووای شەڕی کەنداو.

لە ساڵی ١٩٩٥ دا بەشدار بوونم لە پێشکەش کردنی پەرلەمانی کوردستان لە هەندەران لە LAja دا. کە لە نێو ریزەکانیان دا کەسایەتی و ئەندامانی لە هەموو لایەکی وڵاتەوە هاتبوون.

لە ساڵی ١٩٩٦ دا یارمەتی رێکخستنی کۆبوونەوەی شەش مانگانەی پەرلەمانی کوردستان لە هەندەرانم دا لە شاری رۆما Roma.

لە ساڵی ٢٠٠٠ دا یارمەتی رێکخستنی خۆپیشاندانی نیشتمانم دا ئازادی بۆ لەیلا زانا - سەربەستی بۆ گەلی کورد زۆر لە ئافرەتە هەرە بەناوبانگەکانی ئیتالیا لایەنگری خۆیان دەربڕیو لە ئاکامی دا باشترین چاوپێکەوتن لە شاری میلانۆ هاتە کایەوە لە هۆڵی پارێزگای ئەو شارە لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠١١ دا یەکێ لە ووتەبێژانیش مەهدی زانا بوو لەگەڵ ووتەبێژی دەنێیلە مێترانو زۆر لە بەرپرسانی

تری سیاسی کوردی بە هەزاران - مۆر - یان کۆ کردەوە بە تایبەتی ئەو ئافرەتە هەر ناسراوانەی وێنەی (Rita Levi Montalcini) خەلاتی نۆبلو Margherita Hack و Inge Feltrinelli و Maria Falcone و Susanna Agnelli و Qae Aulenti..و نووسەری ئافرەت Lalla Romano و Maraini و Lay و RASY، هەروەها ناوە هەرە بەناوبانگەکانی شانۆ هەر لە Dandini یەوە هەتا دەرهێنەر Schammah و لە Mariangelo Melato وە هەتا Franca Rame).

لە مانگی شەشی ٢٠٠٩دا مێوانداری پێرۆزە کردنەوەی شوێنگەی پەدلیۆنی (planet Kurdistan) لە دوو ساڵەی ڤێنێسیا venezia، لە کوێ دا بۆ یەکەمجار هونەرمەندە کوردەکان کارە هونەری یەکانی خۆیان پیشان ئەدا بەرپرسیارانی سیاسی - یش ئامادە بوون لە نێو ئەوانەدا لەیلا زانا لە مانگی یەکەمی ٢٠١٢دا فێستیڤالی سینەمای کورد لە رۆما کە رۆڵی پەیوەندی ئافرەتو ئاشتیم لە کوردستان دا گێڕا لە کۆتایی دا سووڵتان ئۆراس خان دایکێ لە بەرپرسیارانی ئاشتی دا پەچەیەکی سپی کە ئافرەتان پۆشیبوویان پێشکەشم کرد. لە هەموو ئێمەدا گەشکەیی یەکی گەورە پەیدا بوو. لە مانگی شەشی ٢٠١٢دا ناونرام وەکوو ئەندامی خاوەن شەرەف (onorario) لە مەعهەدی کوولتووری کورد کە لە شاری رۆما خەریکە گەشە ئەکات.

## بڵاوکردنەوەی کوولتووری کوردی هەندێ دەست پێشکەریو بەشداری کردن

١٩٧٠ - ٨٠ رێکخستنی کۆنسێرتێکی مۆسیقای کوردی لە فلۆرەنساو دوو پێشانگای هونەری لە تۆرینۆ کۆشکی نوێ لەگەڵ گۆڤاری گەشتەوانی ئل کەمێللۆو ئەسێسۆراتی هەرێم بۆ گەشت (توریزم پێکەوەیی هونەرمەندانی کوردو شەخسی بەلدینی ئەحمەد Baldin Ahmed

لە ساڵی ١٩٨٠ وە هەتا ١٩٩٠ بەشداری لە جەژنی نەورۆز لە تۆرینۆو ئیتالیا

- ١٩٨٢ چاپ کردنی کوردستان راستی یەکە - شیعری نوێی نووسەرە کوردەکان، نامیلکەیەك کە بە خۆڕایی بڵاو کرایەوە بە راکێشانێکی یەکجار زۆرەوە بە سەرپەرشتی شارەوانی تۆرینۆ براوەی خەڵاتی نیشتمانی شیعرێ بۆ ئاشتی لە ساڵی ١٩٨٣. شیعرەکان وەرگێڕاوی خوێندکارە کوردەکان بوو خەڵاتەکەش جامێکو تارگەیە بوون کە بە بەرپرسیاریەکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لقی ئیتالیا بەخشرا AKSA ئەم خەڵات کردنەش لە کۆشکی وەرزشی تۆرینۆ ساز کرا کە پڕ بوو لە خوێندکارەکان

-١٩٨٤ پێشکەش کردنی کتێبەکەی میرێللا گەلێتی لە کتێبخانەی ئاگۆرە لە

تۆرینۆ لەسەر مێژووی گەلی کورد

١٩٨٧ - دوو شەوی شیعری کە بە سەرکەوتنەوە پێشکەش کرا بۆ شێرکۆ بێ کەس کە خۆشی ئامادە بوو لە تۆرینۆ هەڵبەتە ئەمەش دووبارە بۆوە لە ساڵی ١٩٨٨

١٩٩٢ - لە چاپ دانی گۆرانی خۆشەویستیو سەربەستی بۆ گەلی کورد هەتا زۆرترین بڵاوکردنەوە بنوێنێ لەگەڵ نیوتن کۆمپتن **Newton Compton** لە گەردانە بەناوبانگەکەی هەزار لیرە لە چاپ درایەوە لە ساڵی ١٩٩٧بە راکێشانی زیاد لە ١٥٠,٠٠٠ دانە زۆر ترین کات تەرخانکرا پێشکەش کردن لە ئیتالیاو خوێندنەوەی شیعرەکانی لەلایەنی ئەکتەرەکانەوە

١٩٩٨ - چاپ کردنی بەفری چووار وەرز شیعری شێرکۆ بێ کەس چاپ ئێ جی ئە (**Ed. Ega**) وەکوو پاشکۆیەك لەگەڵ کتێبی لەسەر رێگای کوردستان دا.

١٩٩٩ - کۆرسێ بۆ مامۆستایانی پارێزگایی نۆڤارە **NOVARA**، نامیلکەی کولتورو مێژووی کوردەکان.

- ٢٠٠٠ - بۆ نووسەران لە کتێبخانەدا دەست پێشخەری یەکی وەزارەتی کولتووری بوو، خوێندنەوەی کۆپلەکانی کتێبی مافی هەبوون لە کتێبخانەی نیشتمانی



**لاورە شرادەر و ئا فرەتێکی کورد**

کالیاری دا

٢٠٠٠ - - کۆرس لە ٣ قوتابخانەی ئامادەیی لەسەر مێژووو کوولتووری گەلی کورد.

لە کۆتایی دا: بیرەوەری یەکی بچووکی سەددام حسێنو بالوێزخانەیی تورکیا.

لە ساڵی ١٩٨٩دا کاتێ خەریکی کار کردن بووم لەگەڵ سەرنووسەرانی دەرەوەی ڕۆژنامەی ئل مەنیفێستۆدا، پەیەیوەندیەکی تەلەفۆنی لە سەفارەتی عێراقیم پێ گەیی، سەفارەتی عێراقیش بە هەمان شێوەی سەفارەتی تورکیا هەمیشە نارەزایی هەر زیندووی خۆیان لە ووتارەکانم دەربڕیبوو

تکایەکی زۆریان لێ کردم هەتا گەشتێ بکەم بۆ عێراق بە بۆنەی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی یەکانەوە، بەڕێوەبەری مەنیفێستۆ ڤەلەنتینۆ پەرلاتۆ **valentino parlato** دژی بەرژەوەندی ڕۆژنامەکەیان ئامۆژگاری کردم کە نەچم وا پێ ئەچوو هەستی بە دەنگی مەترسی کردبێ ڕەنگیش بوو راست بێ هەر لەو گەشتەیا ڕۆژنامە نووسێکی بەریتانی بە تاوانی سیخوڕی یەوە لە سێ دارە درا کە لەلایەنی ڕژێمی عێراقەوە میوانداری کرا بوو هەڵبەتە بێ سوود بوون بانگەوازەکانی سەرۆکی وەزیران مارگیرێت تارچەرو سەرۆکەکانی نیوەی دوونیا هەروەها لە بیرمە کە هاوڕێیەکی ئەندازیاری جەزائیری ئاگاداری کردمەوە لە هەڕەشەی لە نێو بردنم لەلایەنی ڕژێمی بەغداوە بە ڕێگای بە کار هێنانی خەراپەکارانی - **malavita**. ئیتاڵی یەوە دووای دەرچوونی کتێبی ئاگرەکانی کوردستان کە باسی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیاشی تیا کراوە، چاپکەرەکەی پێی ووتم کە چەند کەسانێ لە کار بەدەستانی سەفارەتی تورکیا چەند جارێ بە شێوەی راستەوخۆ چوو بوونە ناوەندی چاپخانەکە بۆ کڕینی کتێبەکە لە داتە نیووس**Data news** ی ڕۆما هەر پاش ماوەیەکی کەم ئەو بنکەیە ناوەندە وێران کرا لەلایەنی کەسانی نەناسراوەوە، بە شەو ئەو تەکانەش خرایە پاڵ - ئاسایشی - تورك - و پیاوەکانیو ژێرەوەیان بە هەمان شێوە وێران کردنو - بردنی فایلەکانو.. هتد.. کە لە چاپخانەی **IL diritto di esistere** - مافی هەبوون مافی ژیان)ی (کوردەکانی تورکیا رووی دا لە شەوا، لە ئێگەی تۆرینۆ **La Ega di Torino**.

# کۆتایی

-----------------------

١-لە لایەن خۆیەوە نوسراە

# Sen. Luigi Manconi
# سینەتۆر لویجی مەنکۆنی

ئەندامی پەرلەمانی ئیتاڵیو سیناتۆری کۆماری ئیتالیا یە ئەمیش بە یەکێ لە دۆستە کۆنەکانی گەلی کوردستان دائەنرێو بە ئاشکرا لەو بارو زرووفە نا ئاسایی یەی کە لەسەر مەسەلەی گەلی کورد هەبووە لە ئەوروپاو وڵاتە زلهێزەکانی - ئەمەریکاو رووسیا - دا بە هۆی بەرژەوەندی یە تایبەتی یەکانی کە لەگەڵ دەسەڵاتی ئەو رژێمانەی کە گەلی کوردستانیان ئەچەوساندەوە هەبووە، ئەوا هەڵوێستی ئەم تێکۆشەرە ئیتاڵیایە ئەوسا سکرتێری پارتی سەوزەکان بوو، هەڵبەتە لە سەردەمی سکرتێریەتی دا زۆر بە ئاشکرا لەو هەموو مناسەبەو رووداوانەی کە تایبەت بوون بە کوردو کوردستان - لویجی مەنکۆنی - هەڵوێستی سەوزەکانی ئیتالیای دەرئەبڕیو لە بلاوکردنەوەو ڕاگەیاندنو چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنەکان دا بە ئاشکرا دژی رژێمەکانی تورکیاو ئێرانو عێراق دا ئەوەستایەوەو لایەنگری کارەساتی گەلی کوردی ئەکرد لویجی مەنکۆنی لە شاری ساسەری **Sassari** - لە خوارووی ئیتالیا سەر بە هەرێمی دوورگەی سەردێنیایە - **Sardeyna** - لە ٢١ ی مانگی دووی ساڵی ١٩٤٨ لە دایك بووە خوێندنی سۆچۆلۆجی زانیاری رامیاری لە دانیشگای دەوڵەتی لە شاری میلانۆ - **MILANO** - تەواو کردوە پاشان بووە بە وانە دەرەوە لە دانیشگای پەلێرمۆ **PALERMO** دوایش لە زانکۆیی سەربەخۆیی زمانو راگەیاندن - **IULM** - ی میلانۆدا بووە بە پرۆفیسۆری لایەنگرانی سۆچۆلۆجیو شێوەکارەکانی سیاسی.

لە ساڵانی ١٩٦٩ وە هەتا ساڵانی ١٩٧٥ لایەنگرو ئەندامی خەبات بەردەوام **Lotra Continua** - بووە لەو ساڵانە هەتا ئەگات بە ساڵانی ١٩٨٠ لەسەر گۆڤاری ئۆمبرێ رۆسێ - سێبەری سوور - کە لەلایەن گۆفریدۆ فۆفی یەوە - بەڕێوە دەبراو پاشان وەکوو رەخنە گری سینەماگرافیو ئەدەبیو تا گەیشتە جێگری بەڕێوەبەر لە نیوەی ساڵانی ١٩٧٠ بە دوواوە لە ژێر نازناوی سیمۆنێ دێسی **Simone Dessi** هاوکاری لەگەڵ گۆڤارە مۆسیقیەکان وەکو موزاك **Muzak** کرد و بەشداری لە ووتارو هۆنینەوەی ئەو کتێبە گەورەکانی لەسەر مۆسیقای شەعبیو مۆسیقای

سووک **Msica Leggera** رەخنە گری مۆسیقایەکەی بۆ سەر گۆرانی بێژی هەرە بەناوبانگ فەبریتسیۆ دێ ئەندرێ **Fabrizio de Andre**.

ئەرکە رامیاری یەکانی کە گرتوویەتی یە ئەستۆ

× سکرتێری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی پیران لە ٥ ی مانگی ٦ وە ساڵی ١٩٩٦ هەتا ٢٩ ی مانگی ٥ ی ساڵی ٢٠٠١.

× ئەندامی یەکەمین ئەنجوومەنی هەمیشەیی کارە دەستووری یەکان) لە ٢٥ ی مانگی ١١ ی ساڵی ١٩٩٨ وە هەتا ١ مانگی ٥ ی ساڵی ٢٠٠٠

× ئەندامی یانزەیەمین ئەنجوومەنی هەمیشەیی کارو بە دەنگەوە هاتنی کۆمەڵایەتی لە ٢٤ ی مانگی ٧ ساڵی ١٩٩٦ هەتا ٢٥ ی مانگی ٢ ی ساڵی ١٩٩٧ و لە ٢ ی مانگی ٥ ی ساڵی ٢٠٠٠ هەتا ٢٩ ی مانگی ٥ ی ساڵی ٢٠٠١.

× ئەندامی سیانزەیەمین ئەنجوومەنی هەمیشەیی ئەرزو ئاوو هەواو دەستکەوتەکانی دەوروبەرلە ٣٠ ی مانگی ٥ ی ساڵی ١٩٩٦ وە هەتا ٢٤ ی ٧ ی ساڵی ١٩٩٦ و لە ٢٥ ی مانگی ٢ ی ساڵی ١٩٩٧ هەتا ٢٤ ی مانگی ١١ ی ساڵی ١٩٩٨.

مەنکۆنی - بە تایبەتی لە سەردەمی پەنابەری یەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانە، ئاپۆوە کە هاتە ئیتالیا رۆڵی تایبەتی خۆی بینی لە دیفاع کردنو هێرش کردنە سەر سیاسەتی حکوومەتی تورکیا بەرامبەر بە گەلی لێقەوماوی کوردو بێ بەش لەمانە سەرەتایی یەکان بۆیە بە ئاشکرا لەسەر شاشەی زۆربەی هەرە زۆری کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی ئیتالیا دۆستایەتیو لایەنگری خۆی بۆ گەلی کورد دەرئەبڕیو لەو گۆڕەپانە فروانو تایبەتی یەی کە بە هەزاران کوردی تیا کۆ ببوونەوە بۆ پشت گیری کردن لە یەکێ لە سەرکردەکانی گەلی کورد ئەوا لویجی مەنکۆنی ووتارێکی خوێندەوەو ووڕەی کوردەکانی بەرز کردەوە بە تایبەتی لە کۆتایی دا ئەم رستەیەی بە زمانی کوردی دووبارە کردەوە کە هاوڕێ خەبات عەزیز بۆ نووسیبوو

بژی کوردستان **Viva Kurdistan**

یان مەرگ یان کوردستان **o Morte o Kurdistan**

بژی ئاپۆ **Viva Apo**

# میرێللا گاڵیتی Mirella Galletti

## پێشەکی



**میرێللا گالێتی**

خاتوو میرێللا نووسەرو رۆژنامەنووسی ئیتالی لە شارۆچکەی ئەنزۆلا (**Anzola**) سەر بە شاری بۆلۆنیا (**Bologna**) شارە سورەکەی ئیتالی دا بە ناو بانگە لە بەر ئەوەی زۆربەی دانیشتوەکانی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵی ئەو سەردەمە بوون و هەمیشە چەپرەوەکان دەسەلاتدار بوون لەو شارە هەموو قۆناخەکانی خوێندنی لە بۆلۆنیا تەواو کردووە خوێندنی زانکۆی لە کۆلیژی زانستە رامیاریەکاندا تەواو کردووە لە دوایین ساڵی خوێندندا دەبێت تێزێك ئامادە بکات وەك مەرجێك بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی خوێندنەکەی ناوبراو بابەتێکی هەڵبژاردبوو کە پەیوەندی بە گەلی کوردەوە هەبوو لە ژێر ناونیشانی هەیکەلی رامیاریو بەها کولتوریەکانی



نوسینگەی میرێللا گالێتی لەماڵەکەی خۆیدا

کۆمەڵگای کوردی ئەمەش لە ساڵی ١٩٧٤ دابوو، بەڵام ئەو پێش ئەم مێژووەش خۆی ئامادە کردبوو بۆ کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتەکەی لەو کاتانەدا بە تایبەتی لە ئیتالیا سەرچاوە لە سەر ئەو بابەتە یا هەر نەبوون یا زۆر کەم بوون، بۆیە خاتوو میرێللا دەستی کرد بە گەشت کردن بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بە تایبەتی بۆ کوردستان لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانەو گەیشتە کوردستانو سەردانی بەغدادیشی کردو بە تایبەتی کۆڕی زانیاری کوردی بۆ ئەو هەڵێك بوو بۆ ناسینی چەند رۆشنبیرێکی کورد وەك د. مارف خەزنەدارو د. عیزەدین مستەفا ڕەسولو مامۆستا مەسعود محەمەدو چەندەها کەسی تر.

## سەرەتای ژیانی کوردەواری خاتو میرێلا

لە ساڵی ١٩٧٤ کە بڕوانامەکەی بە دەستهێناو دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووو کۆمەڵگای کوردیو لەوێ هەندێ لە ئاوارە کوردەکانی ئیتالیای ناسی بە تایبەتی ئەوانەی لە شاری فلۆرەنسا دەژیانو ژمارەیان زۆر کەم بوو تا ساڵی ١٩٨٠ کە ژمارەیەکی بەرچاوی لاوی کورد روویان لە ئیتالیا کرد بۆ مەبەستی خوێندن (٢٠٠) خوێندکارێك دەبوون خاتوو میرێللا پەیوەندی بە هەندێ لە چالاکوانی ئەو کاتەکرد ئەوەش لە رێی ژمارەیەك کەسانێك کە پێشتر لەوێ بوون وەك د. عیسام

نوریو هونەرمەند لالە عەبدە و کەسانی تریشی ئەمانەش هەموی لە ڕێی چالاکوانی بزوتنەوەی خوێندکارانی هەندەران و ڕێکخراوی پارتە کوردستانیەکانی دەرەوەی وڵات لەو کەسانەی کە پەیوەندی پتەویان هەبووە جگە لەوانەی لای سەرەوە، د. جاسم توفیق خۆشناو کە یەکێك لە بەرهەمە گرنگەکانی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی و نووسەری ئەم دێڕانەوە بە هۆی پەیوەندیە تایبەتیەکانی خۆیەوە کە زۆر جار لە ڕێی گەشتەکانیدا دروستی دەکرد جا چ بۆ کوردستان راستەو خۆ یا بۆ بەشدار بوون لە کۆڕ و کۆبونەوە و کۆنگرەکانی دەرەوەی وڵات سەبارەت بە کوردستانەوە دەبوو بۆیە ئاشناییەکی زۆری پەیدا کرد لە هەموو بوارەکانی ژیانی کوردەواریدا رامیاری، کۆمەڵایەتی، زمانەوانی، ئەدەبی تاکو لە شێوەی خواردەمەنی کە پەرتووکێکی نووسی لە سەری بەهاو کاری لەگەڵ کوردێکی خاوەن ریستورانتێك لە ئیتالیا کە لە پاشاندا باسی لێوە دەکەین.

## چالاکیەکانی

بەڕێزی تەنها لەو بوارەدا نەبوو کە لە ناو کتێبخانەکاندا یا تەنها لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکاندا لە نێوان چوار دیواری ناو ماڵەکەی خۆیدا باسی کورد بکات بەڵکو زۆر جار تا پێی بکرایە بەشداری دەکرد لە هەموو شێوە چالاکیە کوردیەکان چ لە ئیتالیا یان لە ئەوروپا یان لە ئەمریکا یا گەر بۆی روخسابایا لە کوردستانیشو بەشداری زۆر چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی دەکردو خۆی هەوڵی دروستکردنی هەلی دەکرد بۆ ئەوەی بەردەوام کێشە و مەسەلەی کورد لە ئارادا بێت بۆیە یەك لەو شتە گەورانەی کە پێی هەڵسا لەگەڵ چەند هاووڵاتیەکی تری ئیتالی و کوردی ئاوارەی ئیتالیا بە دامەزراندنی کۆمەڵەی کولتوری ئیتالیا - کوردستان و خونچەی چالاکییەکەی ئەوە بوو پرۆسەی بەدووانە کردنی شاری مارزە بۆتەی ئیتالی بوو لەگەڵ شاری هەڵەبجەی شەهیدی کوردستان کە بووە هۆی گەیاندنی هەندێك یارمەتی بۆ شاری هەڵەبجەی شەهید ئەندامی ئەنیستیتوتی کوردی لە پاریس هەر لە رۆژی دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٨٣لە چەندەها زانکۆی ئیتالی مامۆستا بووە و مێژووی کوردی و اسلامی وتوەتەوە، هەروەها بە دواداچوونی کردووە دەربارەی کەمە ئاینیەکانی ئەو ناوچانە بە تایبەتی کەسایەتییەکانی کوردستانی سوریا، لە کاتی داگیرسانی شەری نێوان ئێران و عێراق لە تاران بوو ١٩٨٠، لە مانگی ١٩٨٨/٦ یەکێك بوو لەو کەسانەی کە بۆ یەکەم جار چاوپێکەوتنی لەگەڵ عەبدوڵلا ئۆجەلان لە پانتایی البقاع لە لبنان کردووە، توانی چاوی بکەوێت بە چەند کەسێکی رزگار بووی کارەساتە بەد ناوەکەی

ئەنفالەرژێمی ئەوکاتەی بەعس لە عێراق لەچوارچێوەیی پرۆسەیەك بەناوی ئەنفال کە زیاتر بە هەشت قۆناغ ئەنجامی دا کە یەکەم پرۆسەیی بە ئەنفالکردنی بارزانیە کان و دوا قۆناغیش ناوچەیی گەرمیان و کەرکوك و هەموو کوردستانی گرتەوە.

## پەیوەندییەکانی:

لەسەر هەموو ئاستی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و سیاسی و لە هەموو بەشەکانی



شاری پیزەی ئیتالی لەگەڵ د. کمال فواد و د.جاسم خۆشناو

کوردستاندا پەیوەندیەکی زۆر بەرفراوانی هەبوو و ئەگەر پێویستی بە هەر چ زانیاریەك هەبوایە دەیزانی پەنا بەرێتە بەرکوێ بۆ بە دەستهێنانی ئەو زانیاریە، بۆیە دەبینین بەرهەمەکانی لەسەر ئاستی رامیاری، ئابووری، رۆشنبیری، مناڵان، خواردەمەنی کوردەواری هەبوو، ئەو کتێبخانە تایبەتیەی خۆی لە نێو ماڵەکەیدا هەیبوو شێوەی زۆر کەمە لە جیهاندا، بە هەموو زمانێك کە زانیاریان بڵاو کردبێتەوە لەسەر کورد لەو کتێبخانەیەدا دەستت دەکەوت، چ جۆرە دۆکومێنتت پێویست بووایە بە زۆری لای ئەو خاتونە دەستت دەکەوت بۆیە ماڵەکەشی ببوە مەزارێك بۆ هەر چ کەسێك بیویستایە زانیاریەکی لەسەر کورد دەست کەوێت، جگە لە چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ عبداللە ئوجەلان و پەیوەندیەکانی، چەندەها جار د. عبد الرحمن

قاسملوی بینیوە، مام جەلال، کاك مەسعود، د. مەحمود عوسمان، د. کمال فوئادو لە پیاوانی رۆشنبیری زۆربەی شاعیرو نووسەرو رۆژنامەنووسو هونەرمەندی هەموو پارچەکانی کوردستانو زۆربەی ئەو کەسانە، نیشتەجێی ئیتالیاو ئەوروپان کە ناتوانین ناوی هەموویان بێنین لەم دەرفەتە کورتەدا، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ناوبراو ئینسکلۆپیدایاکی گەورەی کوردی بۆ لە ئیتاڵیاو خزمەتێکی زۆری بە کێشەی کورد گەیاند لەسەر ئاستی ئەوروپاو جیهانیشدا پاش رزگار بوونی کوردستانی باشوور لە عیراق١٩٩١ چەندەها جار هاتووە بۆ کوردستانو چەندین چاوپێکەوتنو موحازەراتی وتوەتەوە لە زانکۆی صلاح الدینو شوێنەکانی تر.

## هەندێك لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی



لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی ئەوکاتەیی بەرەی کوردستانی

سەرەرای ئەوەی کە بە سەدەها ووتارو توێژینەوەی لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو کردووەتەوە لە چەند زانکۆی ئیتالی بۆلۆنیا، ناپۆلی، ڤینیسیا، رۆما وانەی وتۆتەوە چەندەها ئەرتوکیشی بڵاوکردوەتەوە کە ئەمە هەندێکیانن:

1. **I curdi nella storia**. (کورد لە مێژوودا ١٩٩٠).

2. Favole Curde. (مەتەڵی كوردی بە هاوكاری لەگەڵ كاوە گۆرون ١٩٩٦)
3. I curde un popolo transnazionale.
(كوردەكان گەلێكی ترانستازیونال ١٩٩٩)
4. Poesia Curde. (شیعری كوردی ١٩٩٩).
5. I Cristiani del Kurdistan. (مەسیحیەكانی كوردستان ٢٠٠٣).
6. Storia dei Curde. (مێژووی كورد ٢٠٠٤).
7. Kurdistan, cucina traditionale del popolo Curdo.
(كوردستان - خواردنی تراویزیۆنالی گەلی كورد (هاوكاری لەگەڵ فوئاد عبد الرحمن) ٢٠٠٨).
8. Iraq, il cuore del mondo. (عیراق - دڵی جیهان).
9. storia della Siria contenmporanea.
(مێژووی هاوچەرخی سەردەمی سوریا ٢٠٠٦ - ٢٠١٣).

## كۆتایی:

خاتوو میریللا لە ٢٠١٢/٩/٤ بە نەخۆشی لە شاری رۆما لە ناو ماڵەكەی خۆی گیانی لە دەستدا، وەك بۆمان دەركەوت لەو چەند دێڕەی لای سەرەوە چەند پەرۆشی كورد بوو، بەشێكی زۆری ژیانی رۆژانەی خۆی تەرخان كردبوو لە پێناو گەلی كوردا، ئەو هەموو نوسراو توێژینەوەو لێكۆڵینەوانەی بۆ مرۆڤایەتی جێهێشت كەوێنەیان زۆر كەمەو كەم كەسی رۆژئاوایی هەبوو بێت بەرادەی ئەو میراتێكی وەها مەزنی بە دوادا مابێت، بەڵام زۆر جار هەر هیچ دەنگدا نەوەیەكی نەبوو كە لەسەر ئاستی فەرمی یا نافەرمی لە ئاستی كوردستانو لە هەندەراندا لە نێو كۆمەڵگای كوردستانیاندا، بەشی بە ئاگاداری خۆم تەنها دوو وتارم لەسەری خوێندەوە یەكێكیان لە لایەن بەرێز د. جاسم تۆفیق خۆشناوە دەبوو دووەمیان لە لایەن بەرێز مستەفا قایتەوەنی بووو بەندەش لەسەر ئینتەرنێت هەواڵی كۆچی دووایی چەند دێرێكم لەسەر ژیانی بڵاو كردەوەو چەند رۆژێك پێش نووسینی ئەم وتارە ساڵ یادی كرایەوە لە شاری بۆلۆنیاو زەمالەیەكی خوێندن بە ناویانەوە دانرا كە ساڵانە بە یەك خوێندكار دەدرێت كە لە بواریَ لە بوارەكانی گەلی كورد بدویَ، بێگومان ئێمەی كورد بە داەو دەزگا فەرمیو نافەرمیەكانمانەوە زۆر قەرزار باری ئەم خانمە مەزنەینو پێویستە وەك ئەركێكی سەر شانمان رێزی لێبگرین بە تایبەتی پاش كۆچی دوایی یا قوتابخانەیەك، یا باخچەیەك یا شەقامێك یا

ناوەندێکی رۆشنبیریو کولتوری بە ناویەوە بێت بۆ ئەوەی هەمیشە لە یادمان بێتو بێ وەفا نەبین بەرامبەر کەسانێ کە پشتیوانمان بوون لە هەموو کاتێکدا خۆشیو ناخۆشی.

**عبدالجبار مستەفا باخەوان**




چەند رۆژێك پێش مردنی لەگەڵ کاك مستەفا ڤایتەوەنی لە رۆمایی پایتەختی ئیتالیا لە ماڵەکەی خۆیدا

**٢٠١٣/٩/٨**
**کەرکوك**

## هاوپرسەکی لەگەڵ دوکتور میرێلا گالێتی(١)

دوکتور میرێلا گالێتی زانایەکی ئیتالیایەو ساڵانێکی دوورودرێژەسەبارەت کوردان خەریکی لێکۆڵینەوە و نووسینە گالێتی هەم بە ئینگلیزی و هەم بە ئیتالیایی بەرهەمەکانی بڵاو دەکردە وە تا ئێستا چەند کتێبی لە سەر کوردان بڵاوکردووەتەوە و دۆستێکی وەفاداری کوردانە ئەم چاوپێکەنەی لە خوارەوە دەیخوێنندەوە دەقی بابەتێکە کە لە٤ ی دێسە مبە ری ٢٠٠٤ دا ئاستە کراوە و لە ١٣ و ١٤ی دیسامبری ٢٠٠٤ لە بەرنامەی ڕوانگەی **tv** ڕۆژدا بڵاو کراوەتەوە

**قازی:** مێرێلا، لە دوای بەخێرهێنانت، دەکرێ باسی یەکەم نووسینەکانی ئیتالیایی سەبارەت بە کوردان و کوردستان بکەی؟



**میرێللا گالێتی لەکاتی چاوپێکەوتنەکەیدا**

**گالێتی:** من پێم وایە گرنگە سەبارەت بە یەکەم نووسینەکانی ئیتالیایی لەمەڕ کوردستان قسە بکرێ، نەك هەر سەبارەت بەکورد، بەڵکوو کوردستان. یەکەم ئیتالیایی کە چوونە کوردستان هەر لە بەر کورد نەبوو، بەڵکوو پێیان خۆش بوو لە سەر ئەو مەسیحییانە بزانن کە لەوێ دەژیان واتە : ئاسۆرییەکان، کلدانییەکان،

سریانی ئۆرتۆدۆكس، نەستووریيەكان ولە سەدەی پازدەیەم ماركۆ پۆلۆ بە ئێران دا تێپەڕی، ئەگەرچی نەچووە كوردستان، بەڵام لە نووسینەكەیدا وەكوو ویلایەتێكی ئیمپراتۆری ئێران باسی كوردستان دەكا ئەوە گرنگە كە ماركۆپۆلۆ هێما بە كوردستان دەكا، باسی موسڵ و جێی ئەوتۆ دەكا. یەكەم گەشتوەر، مژدە بەرێكی ئیتالیایی بوو: ڕێكۆلدۆ دێ مۆنتۆكرووچێ، كە لە كۆتایی سەدەی چواردەیەمدا چوو بۆ مووسڵ. ئەو باسی كوردەكان لە هەرێمەكەدا دەكا و هەروەها زۆر باسی سیناگۆگیش دەكا چونكە لەو سەروبەندی دا جوولەكەیەكی زۆر لە مووسڵ ژیاون

لە كۆتایی سەدەی چواردەیەمەوە، دەكرێ بڵێین هەموو سەدەیەك لە لایەن ئیتالیاییەكانەوە باسی كوردەكان كراوە بە تایبەتی لە لایەن دیپڵۆماتی وێنیزییەوە كە بە هەرێمەكەدا تێدەپەڕین بۆ ئەوەی بچنە ئێران بەڵام پێم وایە گەشتوەری هەرە گرینگ و یەكەم پییێترۆ دێلا والی بوو كە ساڵی ١٦١٧ی زایینی چووە كوردستان و بە وێدا تێپەڕی ئەو سەر بە بنەماڵەیەكی زۆر گرینگی ئیتالیایی بوو زمانە ڕۆژهەڵاتییەكانی دەزانی لە ماردین لە گەڵ ژنێكی ئاسۆری زەواجی كرد پاشان چووە بەغداد زۆری لە سەر سەفەرەكەی نووسیوە بە ئاسانی دەتوانین بڵێین ئەوەی دێلا والێ چوارسەدە لەمەوبەر نووسیویە ئێستاش هەر ڕاستە سەبارەت بە و یەك چوونەكانی نێوان ئیتالیا و كوردستانی نووسیوە، دەڵێ لە بەر ئەوەی هەر دووك لا زۆریان شایی بە خۆیانە هەر تاكێك لە نێویاندا زیاتر بیر لە خۆی دەكاتەوە تا كۆمەڵ بە گشتی ئێمە دەزانین ئەو سەردەمانە یی ئیتالیا بە سەر چەندین دەوڵەتی جیا جیا دا بەش كرابوو، هەر وەك كوردستان كە لە میرنشینی جۆر بە جۆر پێك هاتبوولە ڕوانگەی سیاسیشەوە ئەو یەكچوونانە گرنگن لە نێوان ئیتالیا و كوردستانداوەك باسم كرد پییێترۆ دێلا والێ هاوسەرێكی ئاسۆری هەبوو ئەو لە مەڕ میوانداری كوردیش شتی نووسیوەو باسی كراوە بوونی ژنی كورد دەكا لە كاتی ڕووبەڕووبوون لە گەڵ پیاوی بێگانە دا ئەو دەنووسێ ژنی موسڵمان ژنی عەرەب كاتێك تووشی بێگانان دێن هەڵدێن.

**قازی:** باشە ڕێزدار دوكتور گالێتی، بەو لێكۆڵینەوانەی لە مەڕ كولتووری كوردی كردووتانە، و خۆشت وەكوو خانمێكی ئیتالیایی لە شارێكی وەكوو بۆلۆنیا دەژی كە خاوەن قورساییەكی زۆرە لە كولتووری ئیتالیا دا، بە بۆچوونی ئێوە لیكچوونەكانی نێوان كولتووری ئیتالیایی و كولتووری كوردی كامانەن ؟

**گالێتی :** به شێوەیەك جۆرە موشكیلەیەك بۆ هەردوو لا هەیە بۆ كورد و بۆ ئیتالی ئێمە لە ژێر دەسەڵاتی جیاواز دابووین، تا ئێستاش كاردانەوەی ئەو دەستەڵاتانە لە ژیانی ڕۆژانەمان دا ڕەنگ دەدەنەوەمەبەستم ئەمەیە بڵێم فە رنسیی و ئیسپانیی لە باشووری ئیتالیا بوون و ئوتریشییەكانیش لە باكوور ئیتالیا بوون. تەنانەت ئیستاش دوای سەدەونیوێك هەست دەكەین جۆرە جیاوازییەك لە مێژووی هاوبەشی ئیتالیا دا هەبێ، من پێم وایە كوردیش هەر هەمان گرفتیان هەیە چونكە كوردستان لە لایەن عەرەب و تورك و بە ڕادەیەكی كەمتر لە لایەن فارس بە كۆلۆنی كراوە بۆیە مرۆڤ تووشی كولتوورێك دێ كە بۆ هەموو كوردیك كولتوورێكی هاوبەش نییە كورد بە پێی ئەوەی كە لە كامە وڵات دا دەژین دەبێ توركی، عەرەبی یان فارسی فێر بن لە بەرئەوە لیكچوون زۆرە كوردستان و ئیتالیا ژمارەیەكی زۆر تایبەتمەندی لە مەڕ خۆیان هەیە لە كۆن دا لە ئیتالیا حكوومەتێكی نێوەندی نەبووە بۆیە ئێمە ئێستاش هەست دەكەین سەر بەو شارەی بین كە لێوەی دێین نە ك سە ربە وڵاتەكە بین.

**قازی:** باشە ڕێزدار گالێتی باسی تێكەڵاویی كورد و ئیتالیاكانمان كرد دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و دەستتێوەردانی ئەمریكا لە عێراق و بوونی ئەمریكا لە باشووری كوردستان، لەو پێوەندییە دا دەوری ئیتالیا چییە ؟

**گالێتی :** دەكرێ بڵێین دوای دامەزراندنی هەرێمی ئۆتۆنۆمی كوردستانی عێراق لە لایەن ئیتالیاوە هە ندێك یارمەتی بیشكە ش كراوە بە باشووری كوردستان وابزانم لە ناوچەی قەڵادزێ ئیتالیایی هە ندێك خوێندنگەیان درست كردووە، لە سلێمانی و ناوچەكانی دیكەش لە هەریمی كوردستان خەڵكی دڵخوازن كە دەچنە ئەوێ و سەرچاوەی دارایيان ئەو دراوەیە كە لە لایەن یەكێتی ئە وروویاوە دەدرێ بەو ڕێكخستنە ئیتالیانە بۆ یارمەتیدانی هەریمی كوردستانی عێراق لە دووساڵی ڕابردوو دا نزیكەی ٣٠٠٠ سەربازی ئیتالیایی لە ناسرییە لە باشووری عێراق نشتەجێ كراون ئەوەش جۆریك ئامادەیی و هەبوونی ئیتالیایە لە عێراق دا، و واتایی یارمەتیدان بو كوردستانیشی تێدا دەخوێندرێتەوە دەمەوێ ئەمەش وەبیر بخەمەوە كە لە سەردەمێكی زۆر ناخۆش و دزواردا لە مێژووی كوردستانی عێراق دا، كاتێك ئەوان بەرەو سنووری توركیا و ئێران بەكۆمەڵ كۆچیان دەكرد، سوبای ئیتالیا لە زاخۆ نەخۆشخانەیەكی دروست كرد ئەوە لە ساڵانی ٩١، ٩٢ دا بووپێم وایە ئەوە كارێكی باش بوو و خزمەتی خۆی كرد.

**قازی:** له ڕوانگەی ئێوەوە مەسەلەی کورد بەرەو کوێ دەڕوا ؟ ناسنامەی سیاسی کورد چۆن دادەمـەزرێ، له ڕوانـگەی ئێوەوە کە بەساڵان هێز و وزەی خۆتان بۆ لێکۆڵینەوە له سەر ئەم بابەتە دتە رخان کردووە و ئێستا بەشێك له کارەکانتان دەبینین.

**گالێتی:** من وای بۆ دەچم ئێستا هەبوونی کوردستانێکی سەربەخۆره نکه ئه سته م بیت من پێم وایه تەنیا چارەسەر، چارەسەرییەکی هەرێمی یه من باسی ئێستا دەکەم باسی داهاتوو ناکەم؛ ئەم دۆزه بە زۆر فاکتەره وه لەوانه هەڵوێستی دراوسێیەکانەوە بەستراوەتەوە لەم قۆناغە پێم وایە کورد دەبێ خاوەنی فێدراسیۆن و ریزەیەکی بەربلاوی ئۆتۆنۆمی بن له چوارچێوەی هەر کام لەو وڵاتانەی دا کە تێیاندا دەژین من سیاسەتی ئێستای کوردەکانی عێراق زۆر بە مەعقوول دادەنێم کە دا خوازی کوردستانێکی سەربەخۆ ناکەن، بەڵام زۆر بە توندی سوورن له سەر پاراستنی سەربەخۆیی ڕاستەقینەی خۆیان، واته ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی خۆیان له چوارچێوەی عێراق دا بەلای منەوە وشە و قسە گر نگ نیه ئەوەی گر نگە ئەوەیە کە مرۆڤ له ڕاستی دا هەیەتی ئه سته مه مەسەلەی کورد له هەر چوار بەشی کوردستان له یەك کات چارە سەر بکرێ بێم وایە ئێستا کوردەکانی عێراق دەرفەتێکی مێژووییان بە دەست هێناوە بۆ هەبوونی ئۆتۆنۆمییەکی پتەوی ڕاستەقینە بۆیە گر نگیشە له بەغداد هەتا دەکرێ وزیری زیاتریان هەبێ.

---

(١) ئەم چاو پێکەوتنە لەسایتی روانگە وەرگیراوە بەبێ دەستکاری

# SOFIA SCARANO
# (سۆفیە سکەرانۆ)

ئەتووانرێ بە ڕاشکاوەیی یەوە بووترێ: ئەم ئافرەتە تێ کۆشەرە لە بیر کراوە!.. یەکێکە لە دۆستە هەرە دێرینەکانی گەلەکەمان لە نیوەی سالأنی هەشتاکان بەدوواوە، بە تایبەتی لە ڕووی تێکەلأوی ڕاستەو خۆی لەگەڵ کوردەکانی شاری تۆرینۆدا، لە بەردەوامی کارو چالاکی دا کەسێکی بێ وێنە بووە جێگای شانازی یەو لە دڵی تێکۆشەرانی خەباتی کوردەکانی ئیتالیادا شوێنێکی تایبەتی هەیە هەمیشە خاوەنی هەڵوێستو هەستی شۆڕشگێرانە بووەو لە گۆڕەپانی ڕامیاری دا ئامادەیی‌و سەنگی خۆی دەربڕیوە هەوڵی ئەوەی دەدا پەیوەندی گەلی کورد ببەستێتەوە بە ڕێکخراوە ئیتاڵی یە سیاسی یەکانو مرۆڤ دۆستەکان و فیدراسیۆنێ و ڕێکخراوی ئافرەتان و پارتی سەوزەکانو پیاوانی ئایینی یەکانی ئیتاڵیا.

سۆفیە خان ئەو سەردەمە خەریکی خوێندن بوو بە شێوەی - **publicista** - بابەتی تایبەتی لەسەر بارودۆخی ئافرەتانی کورد لە کوردستان دا، دەنووسی‌و لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە دەوری تایبەتی خۆی دەبینی.

بە ئاشکرا دژی ڕژێمی عێراقو کار بەدەستەکانی سەفارەت لە شاری - **ROMA** - کاری دەکردو هاوڕێیانو دۆستانی چەپی لە دەوری مەسەلەی گەلی کوردو کێشەی کوردستان کۆ دەکردەوەو لە هەموو نارەزایی‌و خۆپێشاندانەکان دا بەشداری ئەکرد، سۆفیە بە دەنگی بریندارەکانی کوردستانەوەبوو کەئەهاتنە نەخۆشخانەکانی ئیتالیا دەچوو، میوانداری زۆر بۆ کوردە لێقەوماوەکانی دەکردو هەوڵی ڕەخساندنی کارەکانو پێویستیەکانی بۆ دەدان، زۆر جار جلو بەرگی کوردی لە ئاهەنگو کۆڕو سیمینارو پێشانگاکان دا ئەپۆشی‌و هەوڵی ئەوەی ئەدا سەرنجی خەڵکانی بێگانەو ئیتاڵیەکان رابکێشی‌و کوولتوورو عادەتو تەقالیدی ئافرەتانی کوردیان بۆ باس بکاو وەلأمی پرسیارەکانیان بداتەوە ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بۆشایی یەکی گەورە هەبوو لە ڕووی کەمی ئافرەتی کوردەوە لە شاری تۆرینۆ - کە ئەتووانرێ بووترێ بە پەنجەی دەست ئەژمێردرانو ئەوانەشی کە هەبوون خەریکی زیاتر کاروباروژیانی تایبەتی‌و شەخسی خۆیان بوون، بە ڕێکەوت

جار ناجاریَ بەشداری کارێك یان چالاکی یەکیان ئەکردو ئەمەش جێ ی هەمیشە رەخنەی نووسەری ئەم چاوپێ کەوتنە بووە هەتا ئێستاش چونکە لە کاتی ناخۆشی دا لەگەڵ مەسەلەی گەلە ژێر دەستەکەی خۆیان نەبوون!.

سۆفیە لە ١٨ی مانگی دووی ساڵی ١٩٦١ دا لە شاری - ROMA - رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا هاتۆتە ژیانەوە، هەر لەوێ دا خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی تەواو کردووەو تێکەڵی گروپو رێکخراوە پێشکەوتووخوازەکان بووەو هەر لە تەمەنی لاوێتیەوە خاوەنی هەڵوێستی پڕ لە مرۆڤایەتی بووەو خۆی بە لایەنگرانی مافی گەلانی ژێر دەستو چەوساوە داناوە بۆیە لەگەڵ پارتی دامەزراندەوەی کۆمۆنیستی ئیتالی دا ئەکەوێتە کار کردنو چالاکی.

سۆفیە جگە لەوەی کوردستانی خۆش ئەویستو حەزی ئەکرد بگات بە ئازادیو گەلەکەشی بە خۆشیو سەربەستی بژێ، هەوڵی ئەوەشی ئەدا بە ئاگاو پڕ چەك بێ لە ڕووی کوولتووریو بە ئاگایی مێژوویيو ڕامیاریو ئابووریو ئایینی یەوە، هەروەها بایەخێکی زۆری ئەدا بە مەسەلەی ئافرەتانی کوردو ئەیویست زۆرتریش یارمەتی یان بداتو شارەزاییان لەسەر کۆبکاتەوەو لە بارو دۆخیان بکۆڵێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٩١ دا لەگەڵ هاوڕێ سیروان جەباری نامیلکەیەکیان بە زمانی ئیتاڵی بڵاوکردەوە، ئەم نامیلکەیە ئەو سەردەمە بەڵگەو نووسراوێکی باش بوو بۆ ئەو کەسانەی ئەیانوویست شارەزایی لەسەر کوردو کوردستان بزانن.

ئەم نامیلکەیە لە ژێر ناونیشانی کوردستانو گەلێکو وڵاتێکا بڵاوکرایەوە لە ناوەڕۆکەکەیدا دەربارەی شێوەی جوگرافیایی کوردستان بە نەخشەیەکی دیاری کراوەوە ئەداو خاکی کوردو شارە گەورەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستانی تیادا دیاری کرابوو پاشان باسێکی تێرو تەسەلی لەسەر ئابووری کوردستانو دەوڵەمەندی سامانی ژێر خاك بە نەوتو گازەوە لەگەڵ دەوڵەمەندی ئاو و گرنگی هەردوو ڕووبارە گەورەکەی کوردستان دیجلەو فورات لەگەڵ بە پیتی زەوی کوردستان بۆ کشتووکاڵ دا کردبوو

لە نامیلکەکەدا باسی مێژوویی کێشەی کوردستانی کردبوو لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردو هەردوو پەیمانە فێڵاوی یەکەی سێڤەرو لۆزانە و دابەشکردنی کوردستانو داگیر کردنی خاکەکەیان، پاشان بە شێوەیەکی جیا جیا باسی کوردستانی تورکیاو رێکخراوە سیاسی یە دێرینەکانو ڕاپەڕینە یەك لە دوای یەکەکان و خۆ پێشاندانە جەماوەری یەکانیانو داپڵۆسینو بەند کردنی تێکۆشەرە کوردەکانو قەدەغە کردنی زمانو کوولتوورو رێکخراو بە هەموو جۆرەکانیەوە، پاشان باسی کوردستانی ئێرانی کردبوو بە تایبەتی کۆماری

مەهابادوکەسایەتی پێشەوا قازی محەمەد و یەکەم سەرۆك کۆماری مێژوویی گەلی کورد بوو لە مێژووی کوردستان دا بە تایبەتی بە کەسێکی نەمرو شۆڕشگێڕو ڕاستگۆو خاوەن بەڵێنو دوور لە گەندەڵو بە وەفاو دڵسۆزو خۆشەویستی سەرتاسەری خەڵکی و ئەندامانی حیزبەکەی خۆی بووە بە کەسێکی ئازاو چاو نەترسی داناوەو بەرەنگاری دووژمنانی کورد بۆتەوە لە مەیدانی چوار چراو پەتی سێدارەی لە گەردن کردووەو وەکوو سەرۆك کۆمارێکی شەهید ناوی خۆی بە پاکی لە مێژووی کوردستان دا تۆمارکرد بۆ هەتا هەتاییو لە بیرو دڵی گەلەکەی، پاشان باسی کارەساتی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران عەبدولڕەحمان قاسملو ئەگێڕێتەوە کە چۆن بە دەستی سیخوڕە کانی هەواڵگری نێردراوەکانی حکوومەتی ئەو سەردەمەی ڕەفسنجانی هاوڕێی مام جەلال، شەهید کران لە شاری ڤیەننا لە ١٣ ی مانگی شەشی ساڵی ١٩٨٩ دا لە کاتێکدا دەیان ویست بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارە سەرێك بۆ گیرو گرفتی گەلی کورد لەو پارچەیەی کوردستان دا بدۆزنەوە، کەچی ئەم دیدەنی یە کەڵەك و داوێك بوو کە ئەنجامەکەی بە لە دەست دانی پێشەوایەکی نەمری وەك دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری حیزبو عەبدوڵڵای قادری لێپرسراوی کۆمیتەی ئەورووپاو هاوڕێیەتی دۆستی حیزبەکەیان کە کوردی کوردستانی عێراق بوو بە ناوی فەتحی ڕەسووڵەوە.

بەشێکی دوورو درێژی لەسەر بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق دا تەرخان کردووە بە گێڕانەوەی سەردەمی مەلەکیو پاشان عەبدولکەریم قاسمو سەرۆکەکانی تری عێراقو ڕێز نەگرتنیان لە پەیمانو بەڵێنەکانیانو پاشان هاتنە سەر حوکمی حیزبی بەعسو ڕێککەوتنی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠ و ئیمزا کردنی شەڕ ڕاگرتنو بەڵێنی ئۆتۆنۆمی بە گەلی کورد پاشان دەست پێ کردنەوەی شەڕو هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ و پەیمانی جەزائیر، پەیدا بوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی مام جەلالو کۆ کردنەوەی خەڵکانی ڕۆشنبیرو بە ئاگای کوولتووریو ڕێکخراوێکی چەپڕەوی وەکوو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە لەهەموو چین وتوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵانی خەڵکی بەم ڕێکخراوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەیدا بوو بە هەزاران کەس بوون بە قوربانیو پێشمەرگەی نەبەزو ئاوارەبوون.

پاشان باسی شەڕی عێراقو ئێرانو ڕەنگ دانەوەی لەسەر کێشەی کوردا هەتا گەیشتن بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە دێی شێخ وەسانانو شەهید کردنی نزیکەی (٢١٠) کەسو بریندار کردنی زیاد لە (٣٦٠) کەسی تر، ئەمە جگە لەوەی بە دوورو درێژی باسی کارەساتی دڵتەزێنی شاری هەڵەبجەی کردوەو ڕژێمی




**سۆفیە (بەپێوە لای ڕاستەوە) پەیمان لە تەنیشتیەوە، ئەوەی دانیشتوە پاتریزیە خێزانی کاک خەبات عزیز**

ئەوکاتەی عێراق و سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی خودی سەدام بە نێردراوی ئەو کارەساتە داناوە کە بووە هۆی شەهید کردنی زیاد لە (٨) هەزار کەس جگە زیانەماڵی و سروشتیەکان.

هەروەها سۆفیە بە کورتی باسی کوردی لە سووریاو ئەرمینیای سۆڤیەتی ئەو سەردەمەو لوبنان کردوە

سۆفیەو هاوڕێ سیروان لە نامیلکەکەیان - دا باسی جەژنی نەوروز دەکەنو بە کورتی بەسەرهاتی کاوەی ئاسنگەر ئەگێڕنەوەو سەری ساڵی کوردی دیاری دەکەن، بەشێکی گرنگی ئەو نامیلکەیە تەرخان کراوە بۆ بارودۆخی ئافرەتانی کوردستانو گێڕانەوەی مێژوویی‌و ناو هێنانی زۆر لەو ئافرەتە کوردو کوردستانیانەی کە جێگایەکی تایبەتی یان هەیە لە مێژووی گەلی کوردا، لە کۆتایی دا بە کورتی باسی زمانو ئەدەبو کوولتووری کوردیو بە تایبەتی چەند شیعرێکی وەرگێڕاو بە زمانی ئیتاڵی کردوە

ڕەنگە ڕاست بێ کە سۆفیە خان پسپۆڕی زمان ناسی نەبووەو لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی نەکردوەو ئەکادیمیش نی یە بەڵام بە دڵنیایی یەوە کەسێك بووە دەورێکی گرنگی لەو ساڵە سەختانەی شۆڕشی کوولتووراڵی گەلی کورد لە دەرەوەی وڵات دا کردوە لە پێناوی ناساندنی کوردستانو مەسەلەی داگیر کردنی

خاکەکەیانو نەناسراوی بە شێوەیەکی ڕەسمی لە کۆمونیتای ئینتەرناسیۆنالی دا سۆفیە خان هەمیشە لە دڵی کوردە تێکۆشەرەکانی تۆرینۆ دەژیو لە بیری ناکەنو بە:

مەشخەڵی داگیرساوی شەوانی تاریکو ئەنگووستە چاوی
ئەو ڕێو ڕۆیشتنە پێکەوەییانە کە لە پێناوی
گەیشتن بە سەر بەخۆیی گەلی کوردو کوردستان دا
لە شاری تۆرینۆ ئەکرا...! دائەنێ.

**خەبات عەزیزشێخ بزێنی**
**تۆرینۆ ٢٠١٣**

**چەند تێبینییەك:**

سەرچاوەی زانیاری و نوسراوەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو:

– لەسەر ئاستی ناسین و پەیوەندی راستەوخۆی کەسانی ناو پەرتوکەکە

– ئەوانەی لە ژیاندا ماون خۆیان زۆربەی زانیاریەکانیان ناردووە بۆمان و ئێمەش وەرمانگێراوەتە سەر زمانی کوردی

– ئەوانەی کۆچیانکردووە، سەرەرای ناسینیان و زانینی زانیاری لەسەریان لە ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت سوود وەرگیراوە.

ئاگاداری خوێنەری بەرێز دەکەینەوە کە هیچ سەرچاوەیەکی نوسراو ئاماژەی پێ نەدراوە

# Italiani…
# Amici del Popolo Kurdo

**Abduljabbar Mustafa Baghawan**

**Khabat Aziz Shekh Bzeni**

Kirkuk 2014

هەورامی

چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی



پاش چەندەها ساڵ کارکردن لە هەندەران لە پێناو ناساندنی گرفتی کورد، توانیمان پەیوەندیەکانمان فراوانکەین و کەسانێ بناسین کە پرسی کوردیان کردبووە پیشەی خۆیان، ئەمە بووە هۆی بریارمان کە هەندێ لە چاکەیان بدەینەوە، چ ئەوانەی لە ژیاندا ماون یا ئەوانەی کۆچیان کردوە، لە چەند دانشتنێکدا لە نێوان هەردوکماندا وامان بە باش زانی وەك هەنگاوی یەکەم چەند لاپەرەێك بیۆگرافیای هەر یەك لە کارلۆ بۆڵدرینی، فرانچێسکۆ رۆدۆلفۆ روسۆ، گراتزیێللا برۆنزینی، گەستۆنێ ئوچێلەتۆرێ، کۆمیتەی بە دووانەکردنی ئیڤرەیا - قەلادزێ، جۆیس لوسوو، لاورەشرادەر، لویجی مەنکۆنی و سۆفیە سکەرانۆ بنوسین بۆ ناساندنیان بە خوێنەری کورد. هەوڵ دەدەین" گەر بۆمان روخسا" لە ئایندەێکی نزیکدا بۆ کەسانی ئیتالی تریش ئەم کارە ئەنجامدەین، ئەوانەی لەم دەرفەتەدا نەمانتوانی پێی هەلسین.

جەبار – خەبات
کەرکوك – تۆرینۆ
٢٠١٤\٠٣\٠٦